چۆن باشترین ژیان بژین؟

کتێبی : چۆن باشترین ژیان بژین؟
نوسینی: جیم رۆن
وەرگێرانی : د.چێنەر عەلی
پێداچوونەوەی: ئیرشاد محمد
چاپی ئەلیکترۆنی: 2021

(ئەم کتێبە لە سیمینارێکی زۆر بە ناوبانگی جیم ڕۆنەوە ورگیراوە و بە شێوازی کتێب داڕێژراوەتەوە و سەربابەتی بۆ هەڵبژێردراوە)

مافی بڵاوکردنەوەی تایەبەتە بە چەناڵی ڕێنوێنی سەرکەوتن

پێڕست:

پێڕست: 2
پێشەکی 5
چیرۆکی ژیانم 7
چەند ئامۆژگارییێکی پێویست 12
1-دڵسۆز و بە پەرۆشبن: 12
2-بیرۆکەکان ڕاوبکەن: 12
3-نهێنی عەقلەکان فەرامۆشکەن: 14
4-سوپاسگوزاربن: 16
5-شوێنکەوتوو مەبە، قوتابی بە: 18
پێنج بنەما سەرەکیەکە 20
بنەمای یەکەم: فەلسەفەی شەخسی 20
بنەمای دووەم: هەڵوێست 29
بنەمای سێیەم: چالاکی 32
بنەمای چوارەم: ئەنجام 36
بنەمای پێنجەم: شێوەی ژیان 40
گەشەپێدانی کەسی 45
زستان بەڕێوە ببە 51
سوود وەربگرە لە بەهار 53

له هاویندا پارێزگاری بکه 54
له پایزدا دروێنه‌ی بکه 55
یه‌کەم: جه‌سته 56
دوەم: ڕۆح 58
سێیەم: دەروون 58
5 توانا بۆ بەهێزکردن 71
یەکەم: توانای هەڵچنین و هەڵمژین 71
دووەم: توانای بە دەنگەوەهاتن 72
سێیەم: توانای لێکۆڵینەوە 75
چوارەم: توانای هەڵوێست وەرگرتن 78
پێنجەم: توانای بەشکردن 86
ئامانجدانان 89
سەربەخۆیی دارایی 97
یەکەم: ئاگات لە حساباتت بێت بە ووردی 102
دووەم: هەڵوێستت جوان بێت 102
پەیوندی کاریگەر 106
یەکەم: شتی باشت پێ بێت بۆ ووتن 107
یەکەم: خولیا 107
دووەم: حەزلێ کردن 107
سێهەم: هەستیاری 108
چوارەم: زانست 108

دووەم: باش دەربڕین... 109
- یەکەم: دڵسۆزی... 109
دووەم: ناوبانگ... 109
سێهەم: کورت و پوختی... 109
چوارەم: ژمارەی ئەو وشانەی کە دەیزانی... 109
سێیەم: گوێگرەکانت بخوێنەوە... 111
- یەکەم: لە ڕێی بینینەوە 112
دووەم: لە ڕێی گوێ لێبوونەوە 112
سێهەم: هەستکردنەکانت، بخوێنەوە 112
چوارەم: قوڵی هەست 114
کۆتا پەیام 116
نەرێنی بوون 116
ئەرێنی بوون 118
یەکەم "قێزکردنەوە" 118
دوەم "بڕیاردان" 119
سێهەم "شەیدا بوون"... 119
چوارەم و کۆتا شت "پابەند بوونە"... 119

پێشەکی

زۆر خۆشحاڵم بە هاتنتان.

چەند کەس لەوەوپێش منی نەدیوە، ئەمە یەکەم جاریەتی؟

ئۆوا!! زۆربەتان منتان نەدیوە، من وا بیرمدەکردەوە کە زۆر بەناوبانگتر بم. خۆشحالم بە بونم لێرە، ماوەیەکی زۆربوو چاوەڕێم دەکرد. ئێستا زۆر خۆشحاڵم کە گەڕاومەتەوە. ئەمە خۆی بۆ خۆی شتێک ئەڵێت کە بانگتان کردومەتەوە، بەڵام هەموو شتێک ناڵێت. لەوانەیە ئەوە بێت کە چانسێکی ترم پێ بدەن بۆ ئەوەی ئەوجارە بە دروستتر ئیشەکەم بکەم. وە من خۆم بە خۆشبەخت دەزانم کە ئێوە لێرەن وە ئێمە ڕۆژێک پێکەوە بەسەردەبەین.

لێرەدا، هەست بە دوو ئەرک دەکەم کە لەسەر شانمە. وابزانم، ئێوە دەزانن چین! یەکەم، جەخت بکەمەوە کە ئەو شتەی لێرە دەستت دەکەوێت ئەوەندەی پارەکەت بە نرخبێت. بەتایبەتی لەم ڕۆژانەدا کە خەڵکی دەیەوێ زۆر دڵنیا بێت کە بای پارەکەی خۆی دەست بکەوێتەوە. هەرچەنە بڕی پارەی سیمینارەکە زۆر نییە، پارەی چونە دەرەوەیەکە. من ئەمەوێ تەئکید بم کە لێرە چونە دەرەوە بڵێن کە ئەو پارەیەی ئەهێنا پێی بدەی. بەڵام گەورەترین ئەرکی سەرشانم، ئەوەیە کە دڵنیا ببمەوە ئەو کاتەی تەرخانتان کردووە بە نرخ بکەم، سەبەبەکەشی ئەوەیە کە "کات لە پارە بەنرخترە", دەتوانن دەستبکەن بەوەرگرتنی تێبینیکانتان بە مە: کات بە نرخترە لە پارە. ئەتوانی پارەی زیاتر بەدەست بهێنی، بەڵام بەداخەوە ناتوانی کاتی زیاتر بەدەست بهێنی. ئەگەر یەکێ لێت داوا بکات کە پارەکەت سەرف بکەی بۆی، ئەوە ئاسانە، ئێمە لە ئەمەریکادا دەژین، وولاتەکەمان دەوڵەمەندە، لەبەر ئەوە پارە کێشە نییە. بەڵام ئەگەر

یەکێ لێت داوا بکات کە ڕۆژێکی بۆ سەرف بکەی، ئەوا پێویستە باش بیری لێ بکەیتەوە. وە من ئەزانم ئێوە واتان کردوە. هەرگیز ڕۆژێکم بەفیڕۆ نەداوە بۆ هیچ کەسێک و هیچ شتێک دوای ئەوەی تێگەیشتم کە ڕۆژێک چەند گرنگە، هیچی لێ بە فیڕۆ نادەم.
پێدانی کات و پارەتان بەم سیمینارە زۆر بەرز دەنرخێنم. ئەمڕۆ منیش یەک ڕۆژی ژیانم سەرف کردووە ،لەگەڵ ئەوەدا پارەم دەست دەکەوێت، بەڵام پێویستم نییە. پارە وەردەگرم بەڵام پێویستم نییە. بەس ئەوەی پێویستمە "کات"ە. بۆیە نەهاتوومەتە ئێرە تەنها بۆ سوعبەت و قسەیخۆش و باسکردنی چیرۆکی کۆمیدی و تەمسیلی بکەم و بڕۆم، هاتومەتە ئێرە هەندێک شتی بە بەهاتان بدەمێ، من ئەمڕۆم بەکاردەهێنم، ئێوەش ئەمڕۆتان بەکار ئەهێنن، با هەوڵ بدەین زۆرترین سودی لێ وەربگرین. پاشان ببینین کە چی لەگەڵ خۆمانا ئەبەینە دەرەوە.

چیرۆکی ژیانم

بۆ ئەوانی کە من ناناسن، ئەمەوێ چیرۆکی خۆم بە درێژی باس بکەم. من لە گوندێکی باشوری ڕۆژئاوای ئایدەهۆ گەورە بووم. باوکم هێشتا لەوێ دەژی لەو خانویەی کە من تێیدا گەورە بووم. وا تەمەنی نزیک دەبێتەوە لە ٨٩ ساڵ، هێشتا خانەنشین نەکراوە. من شانازی بە باوکمەوە دەکەم. هەرگیز نەخۆش نەکەوتووە. ئەم ساڵ لەوەدەکات خانەنشین ببێت لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا، بەتەمام پێی بڵێم "باوکە چ تەمەنێکی باشە کە تێیدا خانەنشین بکرێیت. ئینجا ئەویش پێم دەڵێتەوە "دوای ١٠ ساڵیتر قسە دەکەینەوە لەسەر ئەمە، لەوانەیە ئەوەکات ئامادەبم خۆم خانەنشین بکەم".

هەر چۆنێکبێت چومە قوتابخانە دوا ناوەندیم تەواوکرد. پاشان چوومە زانکۆ بۆ یەک ساڵ، پاشان لە نیوەی دووەم ساڵدا بووم، بڕیارمدا کە من بەتەواوی زیرەکم بۆیە وازمهێنا، کە یەکێک بوو لە هەڵە گەورەکانی ژیانم. دەبو لە خوێندن بەردەوامبام. وام بیردەکردەوە، بەڵێ تۆ دەزانی من ئەوندە زیرەکم ئیشێکم دەست بکەوێت. واماندەزانی ژیان گرنگیەکەی لە مەدایە کە ئیشێکت دەست بکەوێت پاشان باج بدەین، پاشان زۆر بە باشی ئیشەکەت بکەیت، کێشە دروست نەکەیت، دەست بخە سەر دەست و ئاواتی باشترین بخوازە بۆت بێت. بۆیە وا بۆیچوم کە من ئامادەی ئەوەم هەیە بتوانم ئەوانە بکەم. بۆیە وازم لە زانکۆ هێنا.

پاشان دەستم کرد بە ئیش، پاشانیش خێزانێکی بچوکم پێکەوە نا. من وام ئەزانی کە باشترین هەوڵی خۆم ئەدەم کە لە توانامدایە، هەتا لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا کەوتمە کێشمەکێشێکەوە. تۆزێ زیاترم پەیدا دەکرد لەوەی کە پێویستم بوو. شەریکەی(باج) هەموو جارێ تەلەفۆنیان بۆ ئەکردم و پێیان ئەوتم "چییە هەموو جارێ پێمان ئەڵەی چەکی پارەکەت لە پۆستدایە، هێشتا پێت نەگەیشتووە؟ کێشەت چییە؟" (واتە گومانیان هەبوە جیم خۆی لە باجدان بدزێتەوە). بەوە ئیحراج ئەبووم. هەروەها ئیحراج ئەبووم بەهۆی ئەو بەڵێنانەی دابووم بە خێزانەکەم، زۆر لە دواوە بووم لە بەڵێنەکانم. زۆر بێ ئومێد بووبووم، لە بیری ئەوەدا بووم کە چی بکەم!؟ بیرم کردەوە کە باشترین شت ئەوەیە بچمەوە بۆ زانکۆ. ئێوە دەزانن، نوسینی یەک ساڵی زانکۆ لە CV پڕکردنەوەدا زۆر کەمە، وە لە هەمان کاتدا قورسە بچی دەست بکەیتەوە بە خوێندن. بەتایبەتی کە خێزانت هەبێت، چونکە ئەبێت یارمەتی خێزانەکەت بدەی. بۆیە بیرم کردەوە لەوەی تەنها چارە ئەوەیە بازرگانییێکی خۆمم هەبێت، بەڵام قەرزار بووم. پاشان پارەیەکی زۆرم کرێ هەبوو لە ئاخری مانگدا، ئەوە تەمەنی ٢٥ ساڵی منبوو.

ئەبووایە خەمێکم لە خۆمم بخواردایە، وە بێئومێد بووبووم کە بەرەو کوێ بڕۆم لێرەوە. وە پاشان موعجیزەیەک بۆ من ڕویدا، سەروەتێکی زۆر باش هاتە ڕێگەم. کێ ئەتوانێ باسێک و پێناسەیەکی "سەروەتێکی زۆر باش"م بۆ بکات؟ شتی زۆر نایاب و باش بەسەرتدا بێت لە کاتێکی دیاریکراودا. تەنانەت هەندێک جار ناتوانرێت ڕونبکرێتەوە چۆن ئەم شتانە ڕودەدەن! یەکێ لە هاوڕێکانم دەڵێ: "شتەکان تەنها ڕونادەن بەبێ هیچ هۆکارێک ، شتەکان ڕودەدەن بۆ ئەوەی شتێکت فێر بکەن" تێبینیەکی جوانی ترە بۆ نوسین. لەوانەیە

وابێت نازانم!. من دیراسەتی ژیان دەکەم و لە هەوڵی تێگەیشتینیدام هەروەک زۆربەتان، هەوڵدەدەم ژیانم بە قیمەت بکەم. وە من ئامادە بووم . سەروەتەکەی دەستم کەوت ئەوەبوو: لە تەمەنی ٢٥ساڵیدا پیاوێکی دەوڵەمەندم ناسی ناوی ئێرڵ شۆف بوو، هاوڕێیەکم دەستیکردبوو بە ئیشکردن بۆی، پاشان دەربارەی ئەو پیاوەی پێدەگوتم. وە پێی وتم "پێویست ئەکات کە ئەو پیاوەی کاری بۆدەکەم لە نزیکەوە بیناسی، کابرایەکی دەوڵەمەندە بەڵام قسەکردن زۆر ئاسانە لەگەڵی، فەلسەفەکانی بۆ ژیان زۆر تایبەتین ". هەرچەندە زیاتر قسەی بۆ دەکردم دەربارەی ئەم پیاوە بیرم دەکردەوە و دەمگووت "پێویست دەکات چاوم بەم پیاوە بکەوێت".

دوای ماوەیەک، هەلێکم بۆ ڕەخسا کە چاوم بەم پیاوە نایابە کەوت، سەرم سوڕمابووکە پیاوێکی ئەوەندە دەوڵەمەند بوو و لەگەڵ ئەوەشدا قسەکردن زۆر ئاسان بوو لەگەڵی. لە ماوەی چەند دەقەیەکی یەکتر ناسین، کەوتینە قسە. پاشان بە خۆمم وت "چەن خۆشە ئەگەر وەک ئەوم لێبێت، کوڕێکی گوند نشینی ئایدەهۆم، وەک ئەوم لێبیت ، هەمو شتێک لەو پێناوەدا دەکەم". پاشان بیرم لێکردەوە "ئەگەر بتوانم لەگەڵیدا بم، وە فێرم بکات کە چی بکەم، ئەوا بەڵێنی پێدەدەم کە باش خۆم فێربکەم" من کەسێکی زیرەکم.

ئەوە سەروەتەکەی من بوو، پاش چەند مانگێک چاومکەوتەوە بەم پیاوە دەوڵەمەندە (ئێرڵ شۆف)، پاشان وەریگرتم، کارێکی پێدام و لەلای دەستم کرد بە کار. بۆ ماوەی پێنج ساڵ کارم بۆکرد وەک فەرمانبەرێک، پاشان بەداخەوە کۆچی دوایی کرد، لە تەمەنی ٤٩ ساڵیدا مرد. پینج ساڵی تەمەنم، لە ژیانە نوێیەکەم لەگەڵ ئاخر ٥ ساڵی ئەم کەڵە پیاوەدا بردە سەر، وە خەونەکەم بوو بە ڕاستی، ئەو بوو بە ڕاهێنەر و مامۆستام، فێریکردم کە چ کتێبێک بخوێنمەوە،

فێرە ڕێکوپیکی کردم، فێری کردم کە چ گۆڕانکارییەک هەیە بیکەم لە زمانم و کەسایەتیمدا. ئەو شتانەی کە پێی وتم لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا، ژیانی بەتەواوی گۆڕیم. ژیانی ئاڵوگۆڕ کردم، داهاتم زیادیکرد، هەموو شتێکی گۆڕیم. ئیتر قەت وەک خۆم نەبووم دووای ئەو ئەزموونە بێهاوتایە . حەزم ئەکرد کە زیندووبووایە (ئێرڵ شۆف)، بۆئەوەی ببینێ کە کوڕە گوند نشینەکە گەیشتوە بەکوێ قسە بۆ هۆڵێکی پڕ لە خەڵک دەکات. حەزمدەکرد زیندوو بووایە و، پێمبوتایە "باوەڕ ناکەی چەنێک گۆڕان بەسەرمدا هاتووە، هەروەها ئەو فکرانەی کە پێتدام، ئێستا ئەیدەم بە خەڵکی". ~

ئەمەوێ ئەوەتان پێبڵێم، کە چۆن دەستم کرد بە سیمینار پێشکەش کردن!! ٣٠ ساڵ لەمەوبەر لە بەڤەرلی هیڵدا دەژیام، لە کالیفۆڕنیادا هاوڕێیەکی بازرگانم هەبوو، پێی وتم "جیم، ئەتوانی بێیت بۆ شوێنی کۆبوونەوەی ئەندامەکانمان وە باسی چیرۆک و بەسەرهاتەکانی خۆتمان بۆ بکەی؟" پێی وتم "من چیرۆکی تۆ دەزانم کە کوڕێکی گوندنشین بووی، پاشان گەیشتیتە خۆشترین شوێن. وتی "وا هەست دەکەم ئەندامانی گروپەکەم حەز بە بیستنی چیرۆکی ژیانت دەکەن" وتی "ئەگەر دانیشتنێک ڕێک بخەین، دێیت باسی چیرۆکی خۆتمان بۆ بکەی؟" . وتم باشە وە ڕازی بوم کە بچم قسەیان بۆ بکەم. پاشان حەزیان لێبوو، ئەمە بوویە هۆی ئەوەی کە یەکێکیتر و یەکێکیتریان تەلەفۆنم بۆ بکەن. پێیان دەوتم "تۆ باسی ژیانی خۆتت کردووە و هەندێک بیروبۆچونت باس کردووە، ئەتوانی بێیت قسەش بۆ ئێمە بکەیت؟"

ئەوەی یەکەم شت بەخەیاڵمدا دەهات ئەوەبوو کە دەبێ بەشێک کاتی کارکردنم بۆ ئەم دانیشتنانە تەرخان بکەم. هەتا ڕۆژێک، یەکێک لە بازرگانەکان کە ٣ جار گوێی لە قسەکانم گرتبوو، لێم نزیک

بوویەوەو پێی ووتم ئەتوانی بێیت و چیرۆکی خۆت هەروەها باسی هەندێک لەم بیروبۆچونانەت بکەی لە کۆمپانیاکەم؟" ووتی "کۆمپانیایەکی بچوکم هەیە، ئەگەر تۆ بێیت قسەیان بۆ بکەیت،ئەوا خۆشحاڵ دەبم کە پارەت بدەمێ". منیش بیرم لێ کردەوە، ئەمە شتێکی باشە!! بۆیە منیش ڕازی بووم کە بڕۆم، وە پارەی خۆمم وەرگرت. بۆیە دوای ئەوە زانیم کە سەروەتێکیتر چاوەڕێم ئەکات، ئەویش بە باسکردنی بیرۆکەکانم، بییانکەم بە سیمینار و پێشکەشیان بکەم.

ئێستا چەند کتێبێکم نوسیوە، خستومەتە سەر کاسێتیش. ساڵی پار هەموو دنیا گەڕام. چووم بۆ یابان، ئیسڕائیل، ئیسپانیا، مەکسیک، ئوستوڕاڵیا، نیوزلەندا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا کەنەدا و ئێستاش ئەوەتا لە دالاّسم. کوڕێکی گوند نشینی ئایدەهۆ ئێستا بە هەموو دنیادا دەگەڕێت و باسی چیرۆکی ژیانی خۆی دەکات، وە ئەوەتا لێرەم ئەمڕۆ. ئەمە زۆرە کە بتوانم باسی بکەم کە لە کوێوە دەستم پێکردووە، لە ناو خێزانێکی نەناسراوەوە، لە گوندێکی بچوکدا کە دانیشتووەکەی کەمە، ئێستا ئەوەتا لێرەم، ئەمە بۆ من جێی خۆشحاڵییە. بە هەرحاڵ ئەمە کەمێک بوو دەربارەی چیرۆکی من. لەوانەیە چیرۆکی ژیانم زیاتر بەلای منەوە سەیر و دڵخۆشکەرتربێت وەک لە ئێوە، تەنها ویستم گوێم لێی بێتەوە. هەرچۆنێک بێت من لێتان داوا ناکەم کە سەرسام ببن. ئەوەی دەبێت ئەمڕۆ سەرسام بێت منم. چونکە ئەمەوێت ببینم کە لە کوێوە گەیشتومەتە کوێ. لە هیچەوە دەستم پێکرد، پاشان دەرفەتم هەبوو هەوڵمدا و ژیانم گۆڕی. بەهەرحال بەم شێوەیەبوو گەیشمە ئێرە، من زۆر گەشبینم بۆ ئەمڕۆمان لێرە، ئەمەوێ ڕۆژێکی پڕ بایەخ بێت بۆتان.

چەند ئامۆژگارییێکی پێویست

ئێستاش با دەست پێ بکەین.

1-دڵسۆز و بە پەرۆشبن:

لەو شتانەی هیوام وایە ئەمڕۆ چنگتان کەوێت لەم سیمینارەدا بۆ تێبینیەکانتان : یەکەم ، "دڵسۆزی و بە پەرۆشێتی" لەسەرو هەموو شتێکەوەیە. پێم خۆشە کە من بە کەسێکی بەپەرۆش ببینن، لەبەرئەوەی باشترین شوێن کە مرۆڤ پەیوەندی لێوە دەست پێ بکات، بوونی پەرۆشی تەواوە لە هەردوو لاوە. من تەئکیدم کە ئێوە پەرۆشییەکی تەواوتان هەیە، ئەگینا ئەمڕۆ لێرە نەدەبوون وە لە پارە و کاتی خۆتان خەرجنەدەکرد، بۆیە من وایدادەنێم کە ئێوە بە پەرۆشن. وە من داوای ئەوەتان لی دەکەم کە من وەک کەسێکی بە پەرۆش ببینن.

تێبینی یەکم هەیە لەسەر ئەمە، "بوونی پەرۆشیو دڵسۆزی، مانای ڕاستیەتی نییە". ئەم تێبینی یە بنوسن. نابێت تێبکەوین بەوەی بڵێین "ئەم کەسە بە پەرۆشە، لەبەر ئەوە ڕاست دەکات". ئەوە هەڵەیە، لەبەر ئەوەی ئەکرێت کە کەسەکە بە پەرۆش و دڵسۆز بێت هەروەها هەڵەش بێت. هەڵەیە کە بە پەرۆشێتی وەک ڕاستگۆیی دابنێیت. پەرۆشی بە پەرۆشێتی تاقی دەکرێتەوە و ڕاستیش بە ڕاستی. هیوام وایە کە من وەک کەسێکی بەپەرۆش و ڕاستگۆ ببینن.

2-بیرۆکەکان ڕاوبکەن:

هەروەها ، هیوادارم بتوانین باسی پەیوەندی نێوان "بیرۆکە لەگەڵ هاندان" بکەین. بیرۆکەی بزنز، بیرۆکەی کۆمەڵایەتی، بیرۆکە لەسەر

کەسایەتی، ئێمە هەموومان پێویستمان بە بیرۆکەیە. بیرۆکەی چۆنێتی دروستکردنی ڕۆژێکی باش، بیرۆکەی چۆنێتی دروستکردنی ساڵێکی باش، هەروەها بیرۆکەی چۆنیەتی کردنی ئەمساڵت بە باشترین ساڵی ژیانت. بیرۆکەی بەدەست هێنانی لەشێکی تەندروست، بیرۆکەی چۆنێتی بەستنی پەیوەندی. چۆن هەڵسوکەوت بکەین لەناو خێزاندا. بیرۆکەی بازاڕ و فرۆشیاری، وە هەروەها بیرۆکەی سەربەخۆیی دارایی بۆ داهاتوو. ئێمە هەموومان پێویستمان بە بیرۆکە هەیە، هیوادارم لە کۆتای ئەمڕۆدا بە تێبینیەکانتان وە بەوەی کە لەبیرتان دەمینێ هەندێک بیرۆکەی باشتان کۆکردبێتەوە. هەوڵ دەدەم کە زۆرترین زانیاری ئەوەندەی کە لە تواناداا بێت وە کات دەرفەتبدات باس بکەم. ئەمرۆ زۆر بە خێرایی تێدەپەڕێت، پێێشتر وام بیردەکردەوە کە ئەم رۆژانە زۆر درێژن، بەڵام بۆم دەرکەوت کە زۆر کورتن، بۆیە من تا پێم دەکرێ خێرا دەبم لە بەخشینی زانیاریەکانم. وە هۆکارەکەی ئەوەیە کە بیرۆکەکان لەوانەیە ببنە هۆی گۆڕینی ژیان.

هەندێک کات تەنها یەک بیرۆکەی زیاترت پێویستە لە زنجیرە بیرۆکەیەک کە هەتبوە ، وەک کردنەوەی قفڵی دەرگایەک وایە. بۆ کردنەوەکەی پێویستت بە ٦ ڕەقەمە کە لێی بدەیت، بەڵام تۆ ٥ ڕەقەمت لێداوە، هێشتا قفڵەکە نەکراوەتەوە لەم کاتەدا تۆ پێویستت بە ٦ یان ٥ ڕەقەمی تر نییە. بەڵکو تەنها یەک ڕەقەمت ئەوێت بۆ کردنەوەی قفڵەکە. جا لەوانەیە بەهۆی سیمینارێکی وەها یان لە تێکستی گۆرانییەکەوە یان لە وتارێکەوە یان لە دایالۆگی فلیمێکەوە، یان لە موناقەشەکردن لەگەڵ هاوڕێیەکدا، ئەو ڕەقەمەی ئاخیرت دەست بکەوێت. وە بەکاری ئەهێنیت و قفڵەکە ئەکرێتەوە. دواتر دەرگایەکی کراوەت لەبەردەم دەبێت کە تێپەڕی بەناویدا. من ئەزانم کە ئێوە بە بیرۆکەی زۆرەوە هاتونەتە ئێرە. وە ئەم سیمینارە لەوانەیە یارمەتیتان بدات بۆ دۆزینەوەی ڕەقەمی کۆتای.

هەندێک کات وا هەست دەکەین کەممان ماوە بگەینە مەبەست بەڵام زیاتری ویستوە، عادەتەن هەستەکانمان راستنین. بەڵام دڵنیام ئەوە بۆ ئێوە راستنیە کە وا بزانن کەمتان ماوە و زۆریش بخایەنێ بەڵکو بەپێچەوانەیە، بەوشێوەیەی کە دەردەکەون و دانیشتون لێرەدا من ئەڵێم زۆرتان بیرۆکە پێیە و کەمتان پێویستە بگەنە مەبەست، تەنها چەند بیرۆکەیەکی کەم نەبێت پێویستانە بۆ ئەوەی ژیانتان بەو چەشنە بگۆڕن کە خەونی پێوە دەبینن. بۆ ئەوەی ژیانت بگۆڕێت، ئاواتەکانت بهێنیتەدی لەم سیمینارەدا بیرۆکەی زۆر باش باسدەکەین، دەمەوێ تێبینی باش بنوسنەوە.

3-نهێنی عەقلەکان فەرامۆشکەن:

یەکێکی تر لەو شتانەی ئەمڕۆ باسی دەکەین هاندانە. کێ ئەزانێ هاندان چەند گرنگە. هەندێک کەس بە گوڕوتینن و هەندێککی تر وانین، ئێوە بە جۆشەوە هاتونەتە ئێرە، بەڵام هەندێک نا، کێ سڕی ئەمە ئەزانێ!

من نازانم، ئێوە چۆن توانیتان بێن بۆ ئێرە، بەڵام ئەوانیتر نەیانتوانی، هەندێک کەس گوێی پێ نەدا، هەندێک وتیان نرخەکەی زۆرە، هەندێکی تر وتیان کاتێکی زۆر دەگرێت، من زۆر سەرقاڵم، هەر یەکەو بەهانەی جیاوازی هەیە. من نازانم بۆچی هەندێک کەس بە جۆشن سوودوەربگرن لە شتێک کە دێتە شارەکەیان بەلام هەندێکیتر وا نین! من بەمە دەڵێم "نهێنی عەقلەکان".

من تەنها ئەوە بابەتەم فەرامۆش کرد، هەندێک شتە نامەوێ لێی تێبگەم، تەنیا بە سادەیی لێی دەروانم. یەکێ دەیکات، یەکێ نایکات" ئەمە یەکێکە لە فەلسەفە گرنگەکانی خۆم دەمەوێ پێتان بڵێم، "هەندێک دەیکرن، هەندێک نایکرن" ،هەندێک دەگۆڕێن، هەندێکیتر ناگۆڕڕێن. ئەگەر ماوەیەک دیقەتی ئەم بابەتە بدەی، ڕێژەکەیت بۆ دەردەکەوێت، لە کۆی ١٠ کەس، ٣ کەس ئەیکات و ٧ کەسی نایکات. لە هەر بزنزێکدا کار بکەی، ئەم ڕێژەیە درک پێ دەکەیت . کە یەکێ ئەیکات و یەکێ نایکات. پاشان دەڵێی بۆچی ئەو دەیکات و ئەویتریان

نایکات؟ زۆر هەوڵم داوە کە تێ بگەم لەمە، بەس بۆم نەدۆزرایەوە، ئیتر وازم لێ هێناوە . کە کەسێک پێم ئەڵێ "من فلان و فیسار شتم بەسەر هاتووە و ژیانم زۆر خراپە، بۆچی وایە؟".منیش دەڵێم "نازانم! لێمبدە ئەگەر نارازیت". ئەگەر وا بێت، ئەبێت ژیانم تەرخان بکەم بۆ ئەوەی تێبگەم کە بۆچی ئەم شتانە بەسەر کەسانی وەک تۆ دێن.
چیرۆکێکی سەرنج ڕاکێش هەیە دەڵێت، لەو رۆژەدا کە کەنیسەیێک دەکراوە ، وتارێکی زۆر نایاب پێشکەش کرا،ووتارەکە یەکێ بووە لە هەرە بەهێزترین ووتار کە پێشکەش کرابێت لە مێژوودا، خەڵکێکی زۆر دانیشتبوون لە کاتی ووتارەکەدا. بەڵام "کە ووتارەکە تەواو بوو، چەند کاردانەوەیەکی یەک لە یەک جیاوازی هەبوو لەسەر خەڵکەکە". ئایە ئەمە سەیر نییە؟! من بەلامەوە زۆر سەیرە. هەندێکیان تەواو سەریان لێ شێواو بوو و سەریان سوڕمابوو. منیش کە دوای ئەوەی ووتارەکەم خوێندەوە سەیرم لێ هات! کە ئەوانە بۆ سەریان لێ شێواوە. تەنها جوابم ئەوەبوو، کە ئەم زەلامانە هەر خۆیان سەرلێشێواو بوون. گرنگ نییە کە کێ ووتار ئەدات.
وە"هەندێک لەوان هەر پێدەکەنین" ، گاڵتەیان بە سیمینارەکە دەکرد. منیش ووتم "ئەمە زۆر بەلای منەوە دڵسۆزانە و ڕاستگۆیانە دەردەکەوێت. بۆچی کەسانێک پیی پێدەکەنن و هەندێکیتر تێبینی لەسەر دەنوسنەوە؟"! وەڵامەکەی ئەوەیە ئەوانە قۆشمەچی و کەسانی کۆمیدین چاوەڕێی چی لە کەسی وا دەکەی جگە لەوە؟!
هەوڵم دەدا کە تێ بگەم لەم کەسانە. بەڵام ئێستا وازم لەوە هێناوە، جاران زۆر ساویلکە بووم، دەمگووت "نابێ خەڵکی درۆ بکەن"، ئاساییە کە درۆ بکەن. لەبەر ئەوەیە کە بە درۆزن بانگیان دەکەین، لەبەر ئەوەی درۆکردن کاریانە،ئێستا زۆر گوێ نادەم بەو شتانە. وە لە چیرۆکەکەدا هاتبوو "کە هەندێکیش گوێبیستی ووتارەکە ببوون، نەیان دەزانی کە هەر باسی چیش دەکات." بەڵام سەیرە کە کاردانەوەی جیاواز لە هەمان ووتارەوە دروست بووە!
لە هەمانکاتدا هەندێکیان بە تەواوەتی گوێبیستی ووتارەکە ببوون بە تەواوەتی لێی تێگەیشتبوون. ووتار بێژ، بەدوای ئەم جۆرە

کەسانەدا دەگەڕێت. کە پێیان دەوترێت "باوەڕدارەکان". لە چیرۆکەکەدا هاتوە کە ڕۆژی یەکەم ٣٠٠٠ باوەڕدار لەوێ بوە، ئەمە ژمارەیەکی باشە بۆ ڕۆژی یەکەم! ووتار بێژ، هەمیشە عەودالّی باوەڕدارانە.

کە هەمیشە ئامادەبوان، هەندێکیان باوەڕدارن، هەندێکیان تێناگەن کە باسیچی ئەکرێت، هەندێک پێدەکەنن پێی و گاڵتەی پێ دەکەن، وە هەندێک سەرلێشێواو دەبن. ئەبێت هەروا وازی لێبینی. ئەزانن بۆچی؟ لەبەر ئەوەی کە شتەکە ئاوایە و تەواو. بۆیە من ناوم ناوە "نهێنی عاقڵەکان". هەوڵ نادەم بیگۆڕم. چونکە لەو چیرۆکەدا وەک دەبینین، پۆلێکی تریان دانەناوە تایبەت بە سەرلێشێواوەکان، هەتا کەمێک باشتر ببن، وازیان لێهێنان کە هەر سەرلێشێواو بن، وازیان لێهێنان، کە هەریەکە بە ڕێگەی خۆیدا بڕوات وەک ئەو شێوەیەیکە خۆی ئەیەوێت. ئەگەر کەنیسەیەکی تر دابنێی، هەر هەمان شتت توش دەبێتەوە. هەندێک باوەڕدار و هەندێک تێناگەن و هەندێک پێدەکەنن و هەندێک دەرسی لێ وەردەگرن. من خۆشحاڵ دەبم ئەگەر ئێوە لە باوەڕدارەکان بن. بە هەموو باوەڕێکتەوە پارەت دابێت و کاتت بۆ تەرخان کردبێت. وە ئومێدەوارم کە ئەم دانیشتنە بەرەو چاکە هانتان بدات .

4-سوپاسگوزاربن:

ئەم تێبینییە بنوسن، "بۆ ئەوەی زۆرترین سود وەربگریت ئەمڕۆ، سوپاسگوزاربن" ، سوپاسگوزاربە لەسەر ئەو شتانەی کە ئێستا هەتە و پێتدراوە. ئەوەی پێویستمانە ئەوەیە کە سوپاسگوزاربین. سوپاس گوزاری چیمان بۆ دەکات؟ ئەم کارە هەموو دەرگا و پەنجەرەکانمان بۆ دەکاتەوە ، هەموو ڕێگەکانمان بۆ دەکاتەوە، سوپاسگوزاربە بۆ ئەوەی کە ئێستا پێتدراوە و هەتە. ~

جارێک سیمینارێکم کرد لە باخێکدا، کۆببوینەوە. شوێنێکی بەرزی زۆر فێنک و ئارامبوو، بۆ ماوەی ٢ ڕۆژ، خەڵکی لە دەوروبەریی کالیفورنیاوە هاتبوون بۆی. من تۆزێ درەنگ چووم، خەڵکەکە

هەموو لەوێ بوون، کە تەماشای سەیارەکانم کرد، باوەڕم نەکدەکرد چیم دیت، جۆرەها سەیارەی لێبوو، مارسیدز و کادیلاک و فێراری و ڕۆز ڕایز! زۆر سەرسام بووم. کە چوومە ژورەوە، خەڵکەکە هەموو ڕێک و پێک دانیشتبوون. هەمووان ئامادەبوون بۆ دەست پێ کردن. یەکەم قسەم ئەمە بوو، "بەڕێزان، ئێستا هەموو دونیا پێیان سەیرە کە ئێمە هاتووینەتە ئێرە لەبەرئەوەی دەمانەوێ باشتر بژین، خەڵکی دەڵێن 'ئێمە تێناگەین کابرایەک سەیارەی ڕۆز ڕایزی هەیە کەچی ئەڕوات بۆ سیمینار بۆ ئەوەی فێرببێت هەتا چۆن سەیارەیەکیتری ڕۆز ڕایز بەدەست بهێنێ!" کەواتە با یەکەم شت "سوپاسگوزاربین".

پاشان یەکێکیتر لەو شتانەی کە دەرگاکان و ڕێگەکان دادەخات بەڕوماندا بەکەم زانینە. ئەمە قفڵت ئەکات ، ئەمەیە کە ڕێگرە لەبەردەم فێربووونتدا. بەکەم تەماشای ڕابردوت و داهاتوت بکەیت، بەکەم تەماشای بازاڕ بکەیت، بەکەم تەمەشای خەڵکی بکەیت، بەکەم تەماشای زانکۆ بکەیت، بەکەم تەماشای خۆت بکەیت، بەکەم تەماشای دەرفەتەکان بکەیت.

ئەمە یارمەتیدەرێکی گەورەیە بۆ ئەوەی دەرفەتەکان بڕژێتە بەردەمت. دەست پێکێکی باشە کە بەم ئامۆژگارییانە دەستمان پێکرد، یەکەم " سوپاسگوزاربە". دووەم "باش گوێ بگرە". ئەمە کاری ئەمڕۆتان ئەبێت، وە ئاخیریان ئەوەیە کە "تێبینی بنوسنەوە، ئەمڕۆ ببن بە خوێندکارێکی باش". من نەهاتووم ئەمڕۆ بۆ ئەوەی نوکتەتان بۆ بکەم، لە لاس ڤێگاس دەرس پێشکەش ناکەین، ئەمڕۆ سەگ و ئەسپمان نەهێناوە هەتا جەوێکی گاڵتەوگەپ دروست بکەین. من هەندێک بیرۆکەم پێیە، ئێوەش کامەی باشە بینوسنەوە. یەکێک لەم ماوەیەی پێشودا هات بۆلام و ئەو تێبینییانەی پیشاندام کە ٣١ ساڵ لەمەوبەر نوسیبویەوە لە سیمینارێکی مندا لە لۆس ئانجلس، پێی وتم "ئێستاش ئەم تێبینیانە بەکاردەهێنم کە لە ٣١ ساڵ لەمەوبەرەوە تا ئێستا یارمەتیم دەدات لە کەسابەتەکەمدا وە لە پەیوەندیمدا لەگەڵ خێزانەکەمدا".من ئەمڕۆ ئەوەم دەوێ کە ئێوەش ئەو تێبینییانە بنوسنەوە کە سودی هەیە بۆتان. حەزدەکەم

ئەمڕۆ کە چوونە ماڵەوە تێبینی زۆرتان نوسیبێتەوە، وەئەوەی بەلاتانەوە گرنگە بەکاری بهێنن. چونکە چیرۆکەکانی ئێوەیە کە یارمەتی بەردەوامبوونم دەدات، وە لەوانەیە دوای ٦ رۆژ یان ٦ هەفتەیتر یاخوود دوای٦ ساڵیتر، هەندێکتان بە نامە یان تەلەفۆن یان بە شەخسی، پێم بڵێن "ئەو شتانەی کە تۆ بۆت باسکردم، وایلێکردم کە بیربکەمەوە، وە ژیانمی گۆڕی و سەیربکە بازرگانیەکەم و ئیشەکەم چی لێهات ، چی بەسەر پەیوەندیی نێوان من و خێزانمدا هێنا". ئەمەیە کە لەلای من گرنگە، نەوەک پارەکانتان، ئەو شتەی کە بە پارە ناکڕدرێت، کە یەکێ بێت بۆلات و پێت بڵێ "زۆر سوپاست دەکەم، بەڕاستی ژیانت گۆڕیم". ئامانجی من ئەمڕۆ ئەمەیە. هیوادارم ئەمڕۆ ببن بە قوتابییەکی باش.

5-شوێنکەوتوو مەبە، قوتابی بە:

وە ئاخیر تێبینی من ئەوەیە "شوێنکەوتوو مەبە، قوتابی بە." ئەمڕۆ نەهاتوینەتە ئێرە بۆ ئەوەی بەدوای شوێنکەوتودا بگەڕێین! هیچ جوڵانەوەیەکمان نەهێناوە بۆ ئەوەی دوای بکەون

تەنها چەند بیرۆکە و ئەزمونێکی خۆمم بۆ هێناون کە پێتانی بدەم. بۆیە ئەمە ئامۆژگارییەکی زۆر گرنگە، "مەبە بە شوێنکەوتووی کەس، ببە بە خوێندکاری". ئامۆژگاری وەربگرە، بەڵام ئەمر وەرمەگرە. زانیاری وەربگرە، بەڵام مەهێڵە کەس ژیانت بگرێتە دەستی خۆی. تەئکیدبە لەوەی کە ئەو بریارانەی ئەیدەی، لە ئەنجامی ئاخیری بیرکردنەوەی خۆتەوەیە" ئەم تێبینییە بنوسن: "ئەوە مەکە، کە یەکێکی تر پێت ئەڵێ بیکەی. بەڵام گوێی بۆ بگرە و ئیشی لەسەر بکە و بیری لێ بکەرەوە، هەڵیسەنگێنە، جا ئەگەر وایلێکردی کە بیرت پێ بکاتەوە، ئەوا مانایوایە کە بە قیمەتە، ئەگەر ویستت بیخەیتە بواری جێ بە جێکردنەوە، جارێکیتر تەئکید بکەرەوە ئەوەی ئەیکەی، لە ئەنجامی بەرهەمی بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئاخیری خۆتەوەیە؟

ئەگەر ئەم ئامۆژگارییانە جێ بە جێ بکەن، ئەوا یارمەتی دەدات خێراتر فێرببیت دەبینیت زانیارییەکانتان زیاد دەکات، پاشان لە کارو کەسابەتت و ژیان و پەیوەندیەکانتدا بیخە کار. دەبینیت کە هەمووشت ڕوو لە باش بوون دەکەن. بۆ ماوەی ٥ ساڵ وام ئەکرد، لە هەمان کاتدا مامۆستاکەشم بەڵێنی پێدابووم کە ئەوەی دەیزانێ فێرم بکات، وە ژیانم بگۆڕێت، ئەو گەشە کردنە ڕویدا، کە باوەڕم نەدەکرد کە لە ژیانمدا ڕوبدات.

پێنج بنەما سەرەکیەکە

با دەست پێ بکەین بە پیداچونەوەی بابەتەکانی ئاخیر جار کە لێرە بووم، باسی گرنگترین ٥ بنەما سەرسورهێنەرەکانی ژیانمان کرد. ئەمەوێ پیاداچونەوەیەک بکەین، لەبەر ئەوەی بناغەیەکی زۆر باش دادەنێت بۆ ئەو شتانەی کە باسیان دەکەین، بابەتی زۆر هەیە بۆ باسکردن. کەواتە دەبێ بەخێرای باسی بابەتەکان بکەین، وە ئێوەش هەموو پێی دەرونتان هەڵگرن و ڕابکەن لەگەڵما، لەبەر ئەوەی من بەزۆری لەسەر بیرۆکەکان ڕادەوەستم، وا دادەنیم خۆتان قوڵدەبنەوە لە درێژکراوەی بابەتەکان، لەبەر ئەوەی زۆرم پێیە تا لەگەڵتان بەشیکەم.

با دەست بکەین بە دانانی بناغەکەمان، "٥ بنەما سەرەکیەکە" ئەمە ناونیشانی کۆتا کتێبمە. باسی ئەو شتانە ئەکەین کە لە تەمەنی ٢٥ بۆ ٣٠ ساڵیمدا فێری بووم، ئەو مامۆستایەی فێریکردم زۆر باش فێریکردم. چەند یاسایەکی بنچینەین. وەک یاسا بنچینەییەکانی وەرزش و هەڵسوکەوتت لەگەڵ ماڵەوە، پێویست دەکات تێبگەی کە چۆن کاردەکەن، کردومەتە ٥ خاڵ، ئەوشتانەی کە بناغەی ژیانمانن.

بنەمای یەکەم: فەلسەفەی شەخسی

(بەکارهێنانی وشەی فەلسەفە لێرەدا واتای بیر و باوەڕەکانمان دەدات دەربارەی چەمکە پەیوەندیدارەکان بە ژیانەوە، وەک سەرکەوتن، شکست، پارە، خۆشبەختی و هتد)...

هەر وەک کۆتا جار کە لێرە بووم وتم، بە ڕای من فەلسەفە کارتێکەری سەرەکیە کە دیاریدەکات ژیانت چۆن بەڕێوە دەچێ. بۆ دروستکردنی فەلسەفەکانت، پێویست دەکات بیر بکەیتەوە و مێشکت بەکار بهێنی، وە پێویست دەکات کار بکەیت لەسەر

بیرۆکەکانت. ئەم هەموو ڕێکارە هەر لە مناڵیمانەوە دەستی پێکردووە ،پاشان قوتابخانە، دایبابمان، و ئەزمونەکانمان، یارمەتییانداویین لە گەشەپێدانی فەلسەفەکانماندا. بە بۆچونی من، فەلسەفەی خودی هەرکەسێک گرنگترین فاکتەرە کە دیاری دەکات ژیانی کەسێک چۆن دەگوزەرێت.

لەوەوپێش وا بیرمدەکردەوە کە دەوروبەرەکەم ژیانی منیان بە دەستە، ئەگەر یەکێ لە تەمەنی ٢٥ ساڵیمدا لێی بپرسیمایە "جیم بۆچی کارەکانت باش نین؟ فلسێکت لە گیرفاندا نییە، لە بەڵێنەکانتدا لە پاشی کە داوتە بە خێزانەکەت، لە ئەمەریکادا دەژیت، تەمەنیشت ٢٥ ساڵە، خێزانێکی باشیشت هەیە. هیچ بەهانەیەکت نییە، کەچی شتەکانت باش بەڕێوەناچن، کێشەکەت چییە؟" لە وەڵامدا، هەرگیز لۆمەی فەلسەفەی خودی خۆمم نەکردووە. هەرگیز شتی وام بەسەر زاردا نەهاتووە، کە بڵێم: من فەلسەفەیەکی خودی زۆر خراپم هەیە، کە بەهۆیەوە فلسێک لە گیرفانمدا نییە، خاوەنی هیچ شتێک نیم. هەرگیز شتی وام بەسەر زاردا نەهاتووە . ئاسانتر بوو بۆم کە حکومەت تاوانبار بکەم، سیستەمی باج و خەراج تاوانبار بکەم. فێربوبووم کە دەم گووت "باج زۆر زۆرە لێرە" کاتی کۆنی ئێمە باج بە ڕێژەی % ٩١ بوو. کاتێک کە داهاتت بچوایەتە ئاستێکی باشەوە، ئەوا دەبووایە ٩١% بدەی بۆیە فێربووین لەسەر ئەوەی کە بڵێین "باجمان زۆرە" ، بەڵام ئێستا باج بووە بە % ٣٣، بەڵام خەڵکی ئەڵێن چی؟ خەڵکی هێشتا هەر دەڵێن باج زۆرە! ئەگەر لە ٩١ % کەمببێتەوە بۆ % ٣٣ ، ناتوانی ئیتر وا بڵێی. من هەموو بیانوەکانم فڕێدایە دەرەوە، بەڵام لەوانەیە هەندێک کەس دۆزیبێتیانەوە و دووبارە بەکاری دێننەوە.

وا فێربووم کە یاساکانی ڕێگەوبان و باری کەش و هەوا خەتابار بکەم. خەڵکی دەڵێن "من زۆر درێژم، من زۆر کورتم، من زۆر پیرم، من لە فەقیریدا گەورە بووم، من لە شار گەورە نەبووم" . ئەگەر لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا لە منیشت پرسیبایە، کە بۆچی باری دارایم ئاوایە! هەرگیز لە وەڵامدا، لۆمەی فەلسەفەکانی خۆمم نەدەکرد،

فێربووبووم کە یاساکانی کۆمپانیاکەم خەتابار دەکرد، دەم گووت: "ئەگەر ئەوان ئەم مەعاشە کەمە بدەن، ئەوا چۆن بەتەمان کە ئێمە باش ئیش بکەین!" وا بیرم دەکردەوە کە سەروەت و سامانی من بەستراوە بە هەنگاو و یاساکانی دارای ولآتەوە و ڕێژەی قازانج کە دانراوە لەسەر شتەکان، چونکە فێربووبووم کە دەمگووت: "شتەکان زۆر گرانن."

وەها بووم هەتا مامۆستاکەم فێریکردم، کە هەڵەی من لە فەلسەفەکانمدایە. فەلسەفەی خودی, ئەوەیە کە ئێمە جیا دەکاتەوە لە سەگ و پشیلە و باڵندەکان و لە هەموو دروستکراوەکانی تر. توانای بیر کردنەوە، توانای دروست کردنی بیرۆکە، ئەوەیە جیامان دەکاتەوە لە بوونەوەرەکانی تر. ئێمە تەنها بە غەریزە ئیش ناکەین، ئێمە وەک قاز نین لە زستاندا تەنها بتوانین لە باشووردا بژین، ئەی باشە ئەگەر ساڵێک باشوور وەزعی باش نەبوو!!؟ ئەوا چارەنوسێکی خراپ چاوەڕێیانە. بەڵام مرۆڤ وەک قاز نییە، تەنها بتوانێت لە باشووردا بژی، بەڵکوو ئەتوانین پێچ بکەینەوە و بڕۆین بەرەو باکوور یان ڕۆژهەلآت یان ڕۆژ ئاوا خۆت ئەتوانی هەموو بڕیارێکی ژیانی خۆت بدەی، ئەمەش بەهۆی بیرکردنەوەوە دەکەین، پاشان بەهۆیەوە بیرۆکەی باشتر دروست بکەین و فەلسەفەی باشتر بهێنینە ژیانمانەوە، ئامانجی بەرزتر دابنێین بۆ داهاتوومان، وە پلانی باشتر دابنێین بۆ بەدەست هێنانی ئەو ئامانجانە، هەموو ئەمانە لە باشکردن و بەهێزکردنی فەلسەفەکانمانەوە دەست پێ دەکات.

لە ئەنجامدا، ئێستا تۆومان هەیە، خاکمان هەیە، خۆرمان هەیە، بارانمان هەیە، لە وەرزی خۆیداین، موعجیزەکە لێرەدایە کە چی لەم شتانە دەکەی؟ چۆن ئەم شتانە دەگۆڕی بە شتێکی بەسوود بۆ یارمەتیدانت لە دابین کردنی ژیانێکی باش و گۆڕینی بۆ شتێکی بە نرخ و بتگەیەنێت بە خەونەکانت؟ ئەمە لە فەلسەفەکانتەوە دەست پێ دەکات. چونکە خاک و خۆر و باران و هەوا و تۆو چیین؟ ئەکرێت لە هەریەکە لەمانە سود وەربگرین و بیگۆڕین بە خواردن، یان بیگۆڕین بە شتێکی بەنرخ، بیگۆڕین بە شتێکی تایبەتی کە لە هیچ

شوێنێ دەستت ناکەوێت. جووابەکەی بەڵێ، سوود لەم شتانە نابینی هەتا پاڵاوتەی فەلسەفەکانت نەکەی، بەوەی کە بیر بکەیتەوە و مێشکت بەکار بهێنی و بیرۆکەی بۆ دابنێی و فەلسەفەکانت بەهێزبکەی. باران و هەتاو و خاک، ئەمانە لە ناو ئێمەدا وەک باری ئابووری و بانقەکان وسیستەمی پارە و خوێندنگەکان و ئەو شتانەیتر وایە کە لە دەورمان دابین کراوە، ئێمە ئەوەی پێویستە لەسەرمان ئەوەیە کە چۆن ئەم شتانە بگۆڕین بۆ پارە و بۆ شتی بە نرخ. بە بۆچونی کەسی خۆم ئەمە ئاڵنگاریە سەرەکیەکەی ژیانە.
کەواتە فەلسەفەی خودی هەر کەسێک، وا لە مرۆڤەکە دەکات کە چی لە خاک و تۆو و خۆر و بارانەکە بکات. ئامانجی سیمیناری ئەمڕۆمان ئەوەیە، کە بەلەمەکەت باشتر ئاراستە بکەی. پێویستت بە باری ئابوورییەکی باشتر نییە، پێویستت بە تۆو و خاکێکی باشتر نییە، ئەم شتانەی کە باسمان کرد، ئەمانە هەموو ئەو شتانەن کە پێت دراوە. بۆیە ئەگەر گلەی لەمانە بکەی کەواتە هیچت نەماوە بە دەستەوە. ئەگەر گلەی لە باری ئابووری و خوێندنگاکان و مامۆستاکان و بازاڕ و یاساکانی کۆمپانیا بکەی، کەواتە چی مایەوە؟ ئەگەر سەیرێکی بکەی، ئەوا هیچت لێ بەجێ نەهێشتۆتەوە. گلەیی کردن لەو شتانەی کە پێت دراوە پێی دەوترێت "هەڵەیەکی گەورە."
بۆ ئەوانەی کە تا ئێستا تێنەگەیشتوون، تۆ ناتوانی خاک و باران و خۆر و وەرزەکان بگۆڕیت. ئەگەر یەکێ بڵێ من ٣ بەهار و ٤ هاوین و ٩ مانگ پایزم ئەوێت، هیچ زستانێکم نەبێت!! نەخێر، تۆ ناتوانی خۆت هەڵخەڵەتێنی بەو شتانە. ئەبێت وەریبگری وەک ئەوەی کە هەیە، بەڵام ئەوەی کە پێویستە بگۆڕیت فەلسەفەکانتە. کاتێ کە ٢٥ساڵ بووم، بۆ ئەوەی داهاتووم بگۆڕم پێویستم بە گۆڕینی بیرۆکەکان و بیرکردنەوەکان و فەلسەفەکانم بوو. کاتێ کە وازم هێنا لە خەتابار کردنی سیستەمی باج و خزمە خراپەکانم و دراوسێ خۆویستەکانم وە حکومەت و نرخی بازاڕ و شتەکانیتر، وە تەرکیزم خستە سەر کێشە ڕاستەقینەکە، کە خۆم بووم، ژیانم زۆر خۆش بوو، یەکسەر داهاتم دەستی بە زیاد بوون کرد. ژیانم ڕەنگێکی نوێی بە خۆوە گرت، زۆر

زوو هەستم بە سوودەکانی گۆڕینی فەلسەفەکانم کرد، ئەوە وایلێ کردم کە تا ئەمڕۆش نەوەستاوم لەسەر کار کردن لەسەری. تەنها بە گۆڕینێکی کەم لە ڕێڕەوی بەلەمەکەتاندا، ئەبێتە هۆی گۆڕینی هەموو ژیانت، ئەویش بە گۆڕینی فەلسەفەکەتە.

ئیتر پێویست ناکات چاوەڕێی سبەینێ بکەی،پێویست ناکات چاوەڕێی مانگی داهاتوو بکەی پێویست ناکات چاوەڕێ بکەی هەتا بەهار دێت، ئەتوانی ئێستا دەست بە گۆڕینی بکەی. هەندێک کەس هەیە ئاگای لە بەلەمەکەی نییە، خوا ئەزانێ کە لەکوێ ئەگیرسێتەوە، هەفتەیەکیتر و مانگێکیتر و ساڵێکیتر. ئیستا ئەتوانێ دەست بکات بە گۆڕان، وە لە فەلسافاکانیەوە دەست پێ بکات. کەواتە یەکەم "فەلسەفەی خوودی" زۆر گرنگە.

ئەمەی دەیڵێم پێناسەی سەرکەوتن و شکستە، بینوسن، "شکست، بریتییە لە چەند بڕیارێکی هەڵە، کە دوبارەیان دەکەینەوە هەموو ڕۆژێ". ئەزانم ئێستا دەڵێن: "جیم ، ئێمەش ئەمە دەزانین کە شکست بەهۆی چەند بڕیارێکی هەڵەوەیە، کە دوبارەیان دەکەینەوە هەموو ڕۆژێ."

لەگەڵ باوکمدا بووم شەو پێش ئەوەی بخەوین، لەو ڕۆژەدا بیری لێدابوو لە باخەکەیدا، چەند دۆنمێکی تازەی کڕی بوو. زۆر دڵی خۆش بوو، پێش خەوتن، شتێکی خووارد، ئینجا خەوت. هەرگیز بە برسێتی نەخەوتووە. ئێوە دەڵێن چی خووارد؟! سێوێکی خوارد لەگەڵ پارچەیەک پسکیت و پەرداخێک شەربەتی سندی، من ئەزانم بۆچی باوکم وا تەندروستە! ئەمە هەمووی دایکم فێری ئەم شتە باشانەی کردووە، هەروەها منیشی فێر کرد کاتێ کە منداڵ بووم. ماوەی ئەم ٥ ساڵەی ڕابردوو پێویستم بە دکتۆر نەبووە. منداڵەکانیشم قەت نەخۆش نەکەوتوون. منداڵی منداڵەکانیشم قەد نەخۆش نەکەوتوون، وەک ئەبینن، ئەمە بۆتە میرات بۆمان ماوەتەوە، کە باوکمم دی سێوێکی خووارد، یەکسەر وتم: "من ئەزانم بۆ ئەوە

دەکات". لەبەر ئەوەی دەڵێن: "ئەوەی سێوێک بخوات ڕۆژانە، بەدوور دەبێت لە دکتۆر". پرسیارێکی باش هەیە بۆ ئێوە کە بیکەن، بڵێن کێ دەڵێت ئەو شتە ڕاستە؟ ئینجا دەڵێن "کردنی زۆر ئاسانە، ئەگەر ئەوە ڕاست بێت. کەواتە کێشەکە لەچیدایە؟ منیش لە وەڵامدا دەڵێم: "ئاسانە کە نەیکەیت، ئاسانە کە نەیخەیتە ناو فەلسەفەکانت و بەردەوام نەبیت"، نەفەرێکی ئیهمال ئەڵێت "بیستومە ئەڵێن پارچەیەک نەستەلە بخۆ لە ڕۆژێکدا لەجیاتی سێوەکە". منیش ئەڵێم "نەخێر، نەخێر، دیارە تۆ زۆر سەیریTV ت کردووە" تۆ پێویست ئەکات زیرەک تر بیت لە فەلسەفەدا. بۆ ئەوەی بزانی کامەیان هەڵئەبژێریت، ئەوەی کە سێوێک یان نەستەلەیەک بخۆی. پێویست ئەکات زیرەک بیت بۆ ئەمە ئەگەر ئەم هەڵبژاردنانەت بە هەڵە کرد، هەموو ڕۆژێک بۆ ماوەی ٦ ساڵ، ئەمە کۆدەبێتەوە لەسەرت و دەبێتە هۆی کارەسات. دوای ساڵێک کە بەردەوام ئەبیت لەسەرنەستەلەکە، ئەڵێیت "هێشتا لەش ساغم، هیچ ڕوونەدا" تۆ پێویست ئەکات زیرەکتر بیت لەوەی کە وا بڵێیت بەس لەبەر ئەوەی کە لە یەکەم ڕۆژەوە هیچ ڕوی نەدا، ناتوانی بڵێی کە کارەسات ڕوونادات. ئەبێت بگەیتە ئەو ئاستەی کە سەیری ڕێگەی ژیانت بکەیت و هەڵەی فەلسەفەکانت ببینی. پاشان بڵێی "باشە ئەم هەڵەیە چەند زەرەرم لێدەدات لەنێوان ١ بۆ ٦ ساڵدا؟ من پێت دەڵێم کە زەرەر لە تەندروستیت و دارایت و سەرکەوتنەکانت دەدات.

زۆر گرنگە پیاداچونەوەی ڕێگەی ژیانت بکەیت و بڵێی "ئایا هیچ هەڵەیەک هەیە لە بڕیارەکانی ئێستامدا؟" وەک هەڵسەنگاندنی پارچەیەک نەستەلە یان سێوێک. ئەمە ئەوەبوو کە کردم لە تەمەنی ٢٥ ساڵیمدا. دەستم کرد بە کار لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا هەتا تەمەنی ٢٥ ساڵی ، ماوەکە ٦ ساڵ دەکات. لە کۆتای یەکەم ٦ ساڵی ژیانی کارکردنم، خاوەنی هیچ شتێک نەبووم، فلسێکم پێ نەبوو وە قەرزاریش بووم. من زۆر ئیحراج بووم لەبەر ئەوەی نەمدەتوانی

بەڵێنەکانم بەرمەسەر، من لە ئەمەریکادا دەژیام لەو کاتەدا، خێزانێکی باشیشم هەبوو، هیچ بەهانەیەکم نەبوو بۆ خراپی بارم، من خۆم خراپ بووم، بەڵام چ شتێکم خراپ بوو؟ ~
وام ئەزانی کە کۆمەڵگا خراپ بووە، وڵاتەکە تێکچووە، حکومەت خراپە، ئەمگووت "ئەو دیموکراتیانە بچنە کۆشکی سپی، هەموو شتێک تێک دەدەن"، دەمگووت "کۆماریەکان ئەگەر لە دەسەڵاتدا بمێننەوە هەموو شتێک تێک دەدەن" "ئابووری تێک دراوە،" وامدەزانی کە ئەم شتانە هەمووی تێک دراوە. پاشان بۆم دەرکەوت کە تەنها شتێک کە خراپەو تێکچووە، فەلسەفە تایبەتیەکانی خۆمە. بڕیاردانی هەڵە لە فەلسەفە تایبەتییەکانمدا هەبوو. ئەمە بووە هۆی کۆکردنەوەی کارەساتی زۆری وەک نەبوونی و فەقیری بۆ ماوەی ٦ ساڵ. کە تێگەیشتم هەڵەکەم لە بڕیاردانی هەڵەدا بووە لە کەمتەرخەمی لە بەرەوپێشبردنی فەلسەفەکانمدا. ئەمە پێی ئەوترێت "کارەساتی کەڵەکەبوو". جا ئەمە لە تەندروستیتا بێت یان حیساب بانقیت. چونکە یەکێک کە بانقەکەی سفر بێت، ئەگەری هەیە کۆڕستڕۆڵەکەشی بەرز بێت، بۆچی؟ "لەبەر ئەوەی لە ٦ ساڵی ڕابردودا بایەخی بە هیچیان نەداوە، جا حسابی پارەکانت بێت یان کۆڕستڕۆڵەکەت، ئەوەی لەسەرتە ئەوەیە دانبنێی بە هەڵەکانتدا. بەس لەبەر ئەوەی کە کارەساتەکان یەکسەر بەدوای هەڵەکاندا نایەن مانای وانییە کە بڵێی "من پێویستم بە سێو نەبوو ئەمڕۆ، نەخۆش ناکەوم"، پێویست دەکات بەرچاو ڕونتربیت.
ئێستا ڕێگەم بدەن نهێنی سەرکەوتنتان پێ بڵێم، وەک ووتمان "شکست، بریتییە لە چەند بڕیارێکی هەڵە، کە دوبارەیان دەکەینەوە هەموو ڕۆژێ"، ئەمە دەست پێکی لاوازی یە، دەست پێکی کارەساتە. یاسای سەرکەوتن پێکهاتووە لە "چەند پابەندبون بە ڕێکخستنێکی سادە، کە هەموو ڕۆژێک ئەنجامی بدەیت، بەمە دەست دەکەی بە پڕۆسەیەکی تازە کە ناوی "ژیانێکی نوێ"یە. ئەگەر

ئێستا بڕیار بدەی کە سێوێک بخۆی هەموو ڕۆژێ لە بری پارچەیەک نەستەلە، ئەوا تۆ ئەمڕۆ دەستت کردووە بە گۆڕینی ژیانت. جا ئەگەر ئەم کارە بکەیت لەگەڵ تەندروستیتدا و خوە کۆمەڵایەتییەکانتدا و خووی بەڕێوەبردنی پارەتدا و هەموو خووەکانی ترتدا، ئەگەر دەست بکەی بە "لابردنی هەڵەکان، وە ئاڵوگۆڕی بکەی لەگەڵ پابەندبونێک کە ڕۆژانە ئەنجامی بدەی، ئەوا تۆ دەستت کردوە بە پرۆسەی گۆڕینی ژیانت، لەدوای ئەمڕۆوە ئیتر تۆ جارێکیتر وەک ئێستات نابیت، مەگەر بە هەڵبژاردنی خۆت. تۆ کە لێرە چویتە دەرێ، ئیتر تۆ جارێکیتر وەک ئێستات نابیت، مەگەر بە هەڵبژاردنی خۆت نەبێت. لەوانەیە بپرسیت "ئایا وا ئاسان ژیانم دەگۆڕێت؟" بەڵێ ئەوەندە ئاسانە. ئەی لەمە ئاسانتر لە کوێ هەیە دەستی پێ بکەی؟! پێویست ناکات لە شتێکی زۆر قورسەوە دەست پێ بکەی. وەک بڵێی: "من ڕۆژانە ئەچم بۆ ڕاکردن"، بەڵام پاشان نەتوانی بەردەوام بیت. ئەگەر دەستپێ نەکەی لە ماوەی ٦ ساڵدا، ئەم کەمتەرخەمیە دەبێتە کارەسات. "من نامەوێ" "من ئەبوایە بمکردایە" "من نایکەم"، ئەم ووشانە کارەساتن. "نامەوێ" "ئەبووایە" "نایکەم"، ئەمانە بوون کە لە ماوەی ٦ ساڵدا نەیانهێشت ببمە خاوەنی هیچ. ئەم ووشانە، پێیان ئەوترێت "کارەسات". چۆن ئەم شتانە ئەگۆڕیت؟

لە ٣١ ساڵیدا من ملیۆنێر بووم، ئەگەر لێم بپرسیت "جیم چی ڕویدا لەو ماوەیەدا؟ لەو ماوەیەی یەکەمجار و دواتردا، حکومەت وەک خۆی بوو، باج و خەراج وەک خۆی بوو، باری دارای وەک خۆی بوو، خزمە ڕەشبینەکانم وەک خۆیان بوون، نرخی شت ومەکەکان وەک خۆیان بوون، هەموو شتەکان وەک خۆیان بوون، بار و دۆخ وەک خۆی بوو. کەواتە چۆن دەوڵەمەند بووم؟ چۆن ژیانم گۆڕا؟~

-من وەک خۆم نەمام. لە فەلسەفەکانی خۆمەوە دەستم پێ کرد. دەستم کرد بە چاک کردنی هەڵەکانم، بە چاککردنی بیرکردنەوەکانم. پاشان بیرۆکەی باشترم بۆ ئەهات کە جاران ئەو بیرۆکانەم نەبوو،

هەر کە دەستم کرد بەو چاکسازییە، هەموو ژیانم دەستی کرد بە گۆڕان. لە ماوەی ٦ ساڵدا، ئیتر وەک خۆم نەمام، وە بەباشی لەسەری ڕۆیشتووم هەتا ئێستا. ئەوە یەکێکە لەو هۆکارانەی ئێستا لێرەم، ناهێڵم ڕۆژێک یەکێک هەبێت بڵێت "ئەگەر گوێتان لە جیم ڕۆن بووایە ١٠ ساڵ لەمەوبەر، ئەو کاتە زۆر خراپ بوو. ئەوەی کە ئەمەوێ ئەوەیە، بڵێن "جاران گوێم لێ گرتووە، بەڵام پێویست دەکات گوێی لێ بگرمەوە ئێستا، بەڕاستی زۆر باش کاری خۆی دەکات و هەندێک خوێندنەوەی زیاتری هەیە بۆ شتەکان، ئەم کابرایە زۆر کار لەسەر خۆی دەکات، بۆیە وا باش دەتوانێت ئەم شتانە بگەیەنێت پێمان.

هەمان شتیش ئەتوانیت بۆخۆتی دروست بکەی وەک دایکێک، وەک باوکێک، وەک کاسبکارێک، یان فرۆشیارێک یان بەڕێوەبەرێک، یان هەر شوێنێکبێت کە کاری لێدەکەیت. ئەم پرۆسەیە پێی دەوترێت "پرۆسەی گۆڕان". کە ئەمەش لە گۆڕینی "فەلسەفە خودیەکان"تەوە دەست پێ دەکات. فەلسەفەکانت دیاری دەکەن کە ئایا بەردەوامدەبی لەسەر پابەندبونەکانت یان هەڵەکانت؟ کە ئەو هەڵانە پێیان ئەوترێت "کارەساتی داهاتوو." هەموو کەسێک دەتوانێت پابەندبێت بە چەند ڕێکخستنێکی سادەوە. مامۆستاکەم پێی وتم: "جیم، پێویست ناکات وڵاتەکەت بگۆڕیت، بەڵام پێویست دەکات فەلسەفەکانت بگۆڕیت"، ئەگەر فەلسەفەکانت بگۆڕیت، باری ئابووریت و لێهاتووییەکانت و تواناکانت زیاد ئەکەن، تەندروستیت باشتر دەبێت و زیاتر کاریگەریت دەبێت و هەموو شتەکانیتریش کە دەتەوێت، تەنها بە گۆڕینی ئەم شتانەیە کە لە دەستی خۆتدایە، وە ئەو شتانەش کە لە کۆنترۆڵی خۆتدا نییە پێویست ناکات بیانگۆڕیت. سوپاسگوزاربە لەسەر کەم بوون و زیادبوونی ئەو شتانەی کە پێتدراوە، پێویست ناکات داوای هەسارەیەکیتر بکەیت، پێویست ناکات بگەڕێیت بەدوای وڵاتێکیتر،

بەڵکو بگەڕێ بەدوای کتێبێکی تر، بگەڕێ بەدوای سیمیناری باشدا، بگەڕێ بەدوای بیرۆکەیەکی باشتردا، لەوێوە ئەتوانی دەست بکەی بە ژیانێکی جیاواز. ئەتوانم هەموو ئەمڕۆ قسە بکەم لەسەر فەلسەفەی خودی. پەیمانبدە کە بەردەوام بیت لەسەری. ئەتوانی لە سێوێکەوە دەست پێ بکەی، پاشان بۆ پیاسەکردنی ڕۆژانە. لە ئاسانەوە دەست پێ بکە، پاشان بچۆرە سەر پابەند بوون بە ڕێکخستنی قورستر، چونکە ئەگەر پابەندبوونە ئاسانانەکان نەتوانی جێ بە جێ بکەی، ئەوا چۆن ئەتوانی هی قورس جێ بە جێ بکەی؟~

بنەمای دووەم: هەڵوێست

بە پلەی یەکەم ئێمە لەژێر کاریگەری ئەو زانیارییانەین کە ئەیزانین و ئەو بڕیارانەی کە دەیاندەین، بە پلەی دووەمیش لە ژێر کاریگەری هەڵوێست و هەستەکانماندان. بۆ نمونە هەستمان چۆنە بەرامبەر ڕابردوو؟ پێویستە هەڵوێستمان باش بێت لەگەڵی، دەبێت ڕابردوو ببێ بە قوتابخانەمان نەوەک نادی و کافتریا. زەڕبە لە خۆت مەدە بەهۆی هەڵەکانت و لەدەست چووەکانی ڕابردوتەوە. ڕابردوت بکە بە قوتابخانەیاکی بەهێز. ڕابردوت بکە بە قوتابخانەیەکی باڵا بۆ ئەوەی فێرت بکات نەوەک بتترسێنێت، دواتر، هەستت چۆنە بەرامبەر داهاتوو و ئامانجەکانت؟ بەڵێنی داهاتوو لە ناو ئامانج داناندایە. هێزێکی زۆر تایبەتییە، کاردەکاتە سەرت هەموو ڕۆژێک. بەبێ نەخشەیەکی بەهێز بۆ داهاتوو، ئەوا هەنگاوی گوماناوی هەڵدەگرین، بۆ ماوەی ٦ ساڵ ئەگەر وا بڕۆیت، ئەوا ون دەبیت. ئەوا فڕێ دەدرێیتە سوچێکەوە، بێبەش دەبی لەو بەشەی کە دەتەوێ پێی بگەیت.

پاشان، هەستت چۆنە بەرامبەر خەڵکانی دەوروبەرت؟

پێویستە هەڵوێستت باش بێت لەگەڵ هەموو کەسێکدا، چونکە پێویستت بە هەموو کەسێکە لە بازاڕ و بازرگانیدا. یەک کەس بەتەنها ناتوانێ خێزان یان کۆمپانیایەک پێک بهێنێ. یەک کەس بەتەنها ناتوانێ بازرگانی بکات، یەک کەس بەتەنها ناتوانێ کۆمەڵگایەک پێکبێنێت، یەک کەس ناتوانێ ببێت بە نەتەوەیەک، پێویستی بە هەموومانە کە ئابووری بجوڵێنین، وە بەرەو پێشی بەرین، پێویستی بە هەموومانە کە کەنیسەیەک دروست بکەین.

لە ماوەی ئەم ٢٠٠ ساڵەی ڕابردودا، ئەوەی بەدەستمان هێناوە، هیچ دەوڵەتێک نەیتوانیوە ئەوە بکات لە ماوەی ٦٠٠٠ ساڵی ڕابردودا، ئەو کەسانەی کە هاتونەتە ئێرە، هەموو بەهرە و لێهاتووی و داهێنانەکانیان هێناوەتە ئێرە لەگەڵ ئەتەکێتی کار کردنیان، ئەمە هەمووی پێکەوە پێی ئەوترێت "ئەمەریکا"، شتی وا ڕوینەداوە لە ٦٠٠٠ ساڵی ڕابردودا، ئەگەر ئەم هەموو دیارییە سود لێ نەبینی بەهۆی بوونی هەڵوێستێکی هەڵەوە، ئەوا لە کیسی خۆتت داوە، ئەگەر بە بەرز و بەنرخ بزانیت هەموو ئەم کۆکراوە باشانە، ئەوا ئەتوانی بیانگۆڕیت بۆ شتی بەسوود. ئەگەر ئاوابکەیت، بیربکەرەوە کە چەندە بازرگانی و داهاتت ئەگۆڕێت بۆ ئاستێکی بەرزتر.

ئەمەش کۆتا دانەیە کە "هەستت چۆنە بەرامبەر بە خۆت؟" تێگەیشتن لە نرخ و بەهای خوود، دەست پێکی گۆڕانکاری یە. ڕێزگرتن لە خوود لەوانەیە ئاسان بێت، چونکە ئەگەر یەکێکمان بتوانێت بیکات ئەوا هەموومان دەتوانین بیکەین، ئەگەر یەکێ بتوانێت بیری لێ بکاتەوە، ئەوا هەموو دەتوانین بیری لێ بکەینەوە. من ئەتوانم بخوێنمەوە، ئەوا تۆش دەتوانی بخوێنیتەوە. من بتوانم تێبگەم ئەوا تۆش دەتوانی تێبگەی. تەنها بە کردنی هەندێک شتی ئاسان و سادە و بەردەوام بوونم لەسەری، توانیومە ژیانم بگۆڕم لە نەبوونی بۆ دەوڵەمەندی، لە ماوەی ٥ ساڵدا. ئەمە مانای وایە کە هەموو کەسێ دەتوانێ هەستێ بەم کارە، ژیانت لە نەبوونیەوە

بگۆڕی بۆ دەوڵەمەندی، لە هیچەوە ببی بە شتێک. گۆڕان لە فەقیری بۆ دەوڵەمەندی، ئەگەر یەکێکمان بتوانێ بیکات، ئەوا هەموومان ئەتوانین بیکەین، ئەمە ئەو چاوەیە کە دەبێت سەیری خۆتی پێ بکەیت، بڵێی: ئەگەر جیم ڕۆن توانیویەتی تێبگات ئەوا منیش ئەتوانم تێبگەم، ئەگەر ئەو توانیبێتی بیدۆزێتەوە ئەوا منیش ئەتوانم بیدۆزمەوە، ئەگەر ئەو گۆڕابێت، ئەوا منیش دەتوانم بگۆڕێم. ئەمە هەڵوێست و هەڵسوکەوتی ڕاستەقینەیە بەرامبەر بەخۆت.

بۆ گۆڕینی ژیانمان لە هەڵوێست و هاندان دەست پێ ناکەین، بەڵکو لە پەروەردە و فیرکردنەوە دەست پێدەکەین. ئێستا لەوانەیە بڵێن: باشە خۆ ئێمە بۆ هاندان لێرەین، منیش دەڵێم ئەوە یارمەتیت نادات. یەکێکیتر ئەڵێت: ئێستا ئەبوایە بەپێوە ئاڵامان ڕابووەشاندایە و سرودی نیشتیمانیمان بخوێندایە. ژیان گۆڕین لە هاندانەوە دەست پێ ناکات، بەڵکو لە پەروەردە و فیرکردنەوە دەست پێ دەکات. دەبێت ئاستی فێربونت بگەیەنیتە ئەوەی کە بتوانی هەڵەکانت ببینیت. مامۆستاکەم، هەتا پۆلی ٩ ی خوێندبوو. پێی وتم: جیم لە ماوەی ٦ ساڵی کارکردنتدا لە ئەمەریکادا نەتتوانیوە ببیتە خاوەنی هیچ شتێک! ڕونکردنەوەیەکی ئاسانم هەیە بۆت، تۆ هەڵەیەکت هەیە. ئێستا تێدەگەم لەو قسانە، ئەگەر یەکێ لەبری سێوێک، چۆکۆلاتەیەک بخوات، ئەوە مانای وایە کە هەڵەیەکی هەیە. ئەگەر بڵێی: بمتوانیبایە بەپێ بڕۆم یان ئەڕۆم لە داهاتودا، ئەمە مانای وایە کە تۆ هەڵەیەکت هەیە. پێویست ناکات کە بۆ هەموو شتێک مامۆستایەکت هەبێت و پێت بڵێ چی بکەیت، خۆت ببە با مامۆستایەکی باشی خۆت. چاوبخشێنە بەسەر ئەو کارانەی کە دەیکەیت، پاشان بڵێ "ئەگەر ئەم هەڵانەم بگۆڕم و ئەمە و ئەوە لابەرم، کاریگەری دەبێت لەسەر ژیانم؟ منیش ئەڵێم بە دڵنیاییەوە ئەوە ڕاستەو کاریگەری دەبێت.

هەندێک هەن دەڵێن: ئەم کەسە پێویستی بە دەفع کردنە، تەنها پێویستی بە سلفێکە، منیش ئەڵێم: نەخێر. چونکە ئەگەر ئەو کەسە کەسێکی بێعەقڵ بێت، ئەوا دەبێتە کەسێکی بێئەقڵی دەفع کراو، ئەمەش ئەنجامکەی باش نابێت. لە پەروەردە و فیرکردنەوە دەست پێ دەکەین. ئەی یەکەم شت فێری ببین چییە؟ ئەگەر تۆ لە ئەمەریکادا بژیت و ژیانت باش نەبێت ، ئەوا مانای ئەوەیە کە "تۆ هەڵەیەکت هەیە". ئەگەر بڵێی "وڵاتەکەم خراپە"، ئەوە وەک ئەوە وایە کە لۆمەی خاک و هەتاو و باران و تۆوەکە بکەیت، هەرگیز لۆمەی ئەو شتانە مەکە کە پێتدراوە.

بنەمای سێیەم: چالاکی

ئینجا با بچینە سەر خاڵی سێهەم، ئەویش: چالاکی نواندنە. ئەمە بەشە کرێکاریەکەیەتی، دەست بکەی بە جوڵە. چالاکی، بریتیە لە موعجیزەی ٥ بنەماکە. موعجیزە شتێکە تێی ناگەین چۆن ڕودەدات بەڵام مانای ئەوە نییە کە ئەو کارە هەڵەیە، تەنها مانای ئەوەیە کە تێی ناگەین ئەو شتە چۆن کاردەکات و ڕودەدات، ئەمە پێی دەوترێت موعجیزە. خوا دەفەرموێت: ئەگەر تۆ تۆوەکە بڕوێنیت، ئەوا من دارەکەت بۆ دروست دەکەم. ئەمە ڕێکخستنێکی باشە، یەکەم: لە کارەکانتدا، بەشە قورسەکەی کۆتایی بدە بە خوا. چۆن دەبێت ئەگەر لەسەر تۆ بێت کە دارێک دروست بکەیت؟، دەبێت شەو نخونی زۆری بۆ بکەی هەتا لێی تێ دەگەی. بەشە موعجیزەکەی ئەم جۆرە کارانە خوا هەمووی حازر کردوە. خوا دەفەرموێ: من وەرزەکان بەڕێوە دەبەم، من کارەکان تەواو دەکەم، من خۆر و بارانتان پێ دەدەم. ئەوەی کە من ئەمەوێ، ئەوەیە کە یەکێ تۆوەکە بڕوێنێت، نەوەک بەس خەریکبێ سروودی ئاینیم بۆ بڵێیت. لە کالیفۆڕنیادا، خەڵکی هەوڵ دەدەن تەنها بە زیکرکردن ئەو شتانە ڕوبدات. ئەوەی ئەوان دەیکەن لەبیر خۆتانی بەرنەوە. لەبیر خۆتانی بەرنەوە ئەوانەی دەڵێن

کە دەوڵەمەند بوون زۆر ئاسانە و گۆڕینی ژیانت زۆر ئاسانە. بیربکەرەوە، ئەم شتانە زۆر سادەن، بەڵام بە پشتگوێ خستنی، ساڵ بە ساڵ زیاتر کۆدەبێتەوە لەسەرت. بۆ ڕێککردنەوەشی، پێویستت بە چالاکی و ڕێکخستنی زۆرە بۆ گۆڕینی حیکمەتی ناو فەلسەفەکانت و بیرۆکەکانت و قەدەری خوا و باوەڕ بە خۆبوون و پابەندبوون و هەموو ئەو شتانەی کە لە هەڵوێست وهەڵسوکەوتەوە دێن.
ئەگەر ئەم دووانە، "فەلسەفە" و "هەڵوێست" بخەیتە سەر چالاکی و کارکردن، ئەوا ئەگەیت بە موعجیزە. هەرشتێ کەمتر لەمەبێ، موعجیزە دروست ناکات. دانای و هەڵوێست بە تەنها ناتوانن موعجیزە دروست بکەن. ئەوەی موعجیزەی بەردەوامی دروست دەکات، ئەوەیە: دانای و هەڵوێست بخەیتە سەر ڕێکخستن و کارکردن، لەدوای کارکردنەکەتەوە موعجیزەکان دروست دەبن. کارکردن پێک هاتووە لە دوو بەش. یەکەم: چیت پێ دەکرێت بیکەی. دووەم: ئەوەی دەیکەیت بە باشترین شێوە بیکەیت، لەم ئامۆژگارییە باشترم پێ نییە. کە چویتە ماڵەوە، لیستێک دروست بکە، بۆ دروستکردنی لیستەکە ئەم پرسیارە لە خۆت بکە: چ شتێک هەیە کە من نایکەم و ئاسانە بۆ من کە بیکەم؟ ئەو شتانەی کە باری دارای و تەندروستیم دەگۆڕن. چ شتێک هەیە کە من کەمتەرخەمیم تێدا کردوە و کەچی کردنی ئاسانە؟ زۆر ئاسانە، تکایە کە چویتەوە یەکسەر ئامادەی بکە. وە پێویست ناکات بە خەڵکی بڵێی چونکە ئەمانە زۆر شەخصین.
بوونی هەڵە لە هەڵسەنگاندندا دەبێتە هۆی کارەسات، بوونی چەند ڕێکخستنێک دەبێتە سەروەتێکی چاوەڕوان نەکراو، ئەگەر ڕێگەی موعجیزەکەش بگریتە بەر، وەک چالاکی نواندن و ڕواندنی تۆوەکە، ئەگەر ئەو ئەرکەی لەسەرتە بیکەیت، وەرزەکان و باران و خاک و تۆو و ئەوانیتر ئەرکەکانی خۆیان جێ بە جێ دەکەن. ئەو بەشەی کە تۆ لەسەرتە بیکەی، پێی دەوترێت: چالاکی، وەک موعجیزە وایە.
٢٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر، یەکێک لە شوێن کەوتوەکانی حەزرەتی عیسا, بە عیسای گووت: ئێستا کاتی کۆکردنەوەی باجە. بەڵام هیچ پارەمان

نییە. وەک ئەوەی دیارە، ١٣ی مانگی پوشپەڕ بووە، لە وەڵامدا عیسا پێی فەرموو: کێشە نییە. بۆچی پێی وتووە: کێشە نییە؟ لەبەر ئەوەی ئەو شوێنکەوتووەی عیسا، کەسێکی ئیشکەری زۆر باش بووە. ئەگەر تۆ کێشەیەک بەدەیت بە کەسێکی ئیشکەری باش، چاوەڕێی چ وەڵامێکی لێ دەکەی؟ پێت دەڵێ: کێشە نییە. بۆیە پێویست دەکات برادەری وەهات هەبێت، جار جار بچیتە دەرەوە لەگەڵی، من گروپێکم هەیە وەهان، خەریکی بزنزین لە سەرانسەری دنیادا، ئەگەر کێشەیەکیان بدەیتێ، یەکسەر بۆت چارەسەر دەکەن.

بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک پێویستە چەند کتێب بخوێنیتەوە؟

- زۆرترین کتێب.

کەی دەبێت بەخەبەربێین لە پێناوی؟

- زووترین کات.

چەند زانیاری وەردەگرن؟

- ئەوەندەی پێویستیانە.

کەواتە چی دەڵێن؟

- دەڵێن: کێشە نییە.

عیسا پێی گووت: بڕۆ خەریکی ماسی گرتن بە، ئەمە زۆر ئاسان بووە بۆی، لەبەر ئەوەی ئەم کابرایە ماسیگر بووە. ناوی پیتەر بوو، چەند بڕیارێکی زیرەکانەیە!! بەڵام موشکیلەکە لێرەدایە، ئەگەر بتوانی ماسی بگریت، پێویست بکات ماسی بگریت، وە نەیکەیت، بەم جۆرە موعجیزەت دەست ناکەوێت. ئەگەر بتوانی بگۆڕییت، پێویست بکات بگۆڕرێیت، وە نەگۆڕییت، ئەمە پێی دەوترێت: کۆکردنەوەی بەڵا و کارەساتەکان. لە دوای ٦ ساڵەوە ڕونکردنەوە ئەدەیت لەبری خۆشی و ئاهەنگ گێڕان. لیستێکی کۆنی پێچراوەت دەبێت، کە بوەتە هۆی ئیفلاسیبوونت.

حەزرەتی عیسا بە شوێنکەوتەکەی ووت: بڕۆ ماسی بگرە. یەکەم ماسی کە گرتت، سەیری ناو دەمی بکە. شوێنکەوتەکەی ووتی باشە. هەستی ئەکرد کە شتێکی سەیر ڕوئەدات، پاشان چوو بۆ ماسی گرتن، یەکەم ماسی کە گرتی سەیری ناو دەمی کرد، دەبینێ

پارەی ئاڵتۆنی تێدایە، شوێنکەوتەکەی ووتی: واوا! ئاڵتونی تێدایە. دەستی کرد بە ژماردنی پارەکان، ئێوە دەڵێن چەندی تێدا بووا کت و مت ئەوەندەی تێدا بوو، کە بەشی باج دانەکەی خۆی و عیسا بکات. ئێمە بەم شتانە ئەڵێین: موعجیزە، لەبەر ئەوەی ئێمە تێیناگەین کە چۆن ڕوودەدەن، بەڵام تێنەگەیشتنەکەمان مانای ئەوە نییە کە شتی وا بوونی نییە. تەنها مانای ئەوەیە کە ئێمە تێیناگەین چۆن ڕوودەدات.

ئەگەر ئەتەوێ موعجیزە بێتە ژیانتەوە، ئەمە بکە: یەکەم: لە تواناتدایە چ کارێک بکەیت ئەوا بیکە. ئەو شتانە بنوسەرەوە کە ئەتتوانی بیکەیت، بەڵام نەتکردووە و دواتخستووە. لەو شوێنەوە باشترت دەست ناکەوێت بۆ دەستکردن بە گۆڕینی ژیان و داهات و داهاتووت، دەست بکە بەوشتانەی کە دەبووایە بتکردایە. یەکێ ئەڵێ: دایکم لە فلۆریدا ئەژی، دەبووایە ٦ مانگ لەمەوبەر نامەیەکم بۆ نوسیبووایە. منیش ئەڵێم نامەیەکی بۆ بنوسە و ئەو خەفەتەی لەسەر لابەرە. هەرگیز وەک خەڵکانێک مەڕۆ کە هەڵەن، وەک ئەوانە مەبە کە کارەکانیان دوادەخەن. دەبێت دەست بکەی بە نەهێشتنی پشتگوێ خستن و هەڵەکانت بیگۆڕە بە پابەندبوون و ڕێکخستن، پاشان پابەندبونەکە دابمەزرێنە لە ژیانتدا. بەمە تۆ موعجیزە دروست دەکەیت. ووتمان بەشی یەکەم: چی ئەتوانی ئەوە بکە، بەشی دووەمی موعجیزەکە ئەمەیە: ئەوەی ئەیکەیت، بە باشترین شێوە بیکە. ئەگەر ئەمە فەلسەفەی تۆ نییە، ئەوا لێت داوا دەکەم کە خۆت چاک بکەیت. با یەکێ لە باشترین نوسراوە کۆنەکانتان پێ بڵێم "هەر شتێک کە دێتە بەر دەستت، بە هەموو هەست و هێز و تواناتەوە ئەنجامیبدە. چەند فەلسەفەیەکی باشە! فەلسەفەی واهی، شۆڕشی گۆڕانکاری هەڵدەکات لە ژیانتدا. هەندێک هەن درەنگ دێن بۆ ئیش و یەکەم کەس دەڕۆنەماڵەوە. کاتی پشووی نیوەڕۆی دریژدەکاتەوە بە دڵی خۆی، زوو دەڕوات بۆ نانخواردن و درەنگ دەچێتەوە سەر کار، وا هەست دەکات کە کۆمپانیا هەستی پێ ناکات، جا ئەم کەسە دەڵێت: من نیو ڕۆژ بەکار ئەهێنم بۆ کارەکەم، بەڵام پارەی ڕۆژێک

وەرئەگرم، سەرکەوتوش بووم. ئەمە تۆوی لەناوبردنی خۆی بە دەستی خۆی ئەڕوێنێت، بەهۆی لاوازی فەلسەفە خودییەکانی خۆیەوە. باری ئابووری وولات داهاتووی ٦ ساڵی تۆ دیاری ناکات، بەڵکو فەلسەفەکانی خۆتە. فەلسەفەکانت لەسەر کارکردن و بڕیاردان و موعجیزەکان و بانق و پارە و ئابووری و کۆمپانیاکەت و خوێندنگاکان. "فەلسەفەکانت" و "هەڵوێستت" و "توانای بڕیاردانت"، ئەمانە هەمووی پێکەوە پێیان دەوترێت "ڕێبازی گۆڕینی ژیان".

دوبارەی دەکەمەوە یەکەم شت: ئەوەی ئەتووانی بیکەیت، دەست بکە بە کردنی. دووەم: ئەوەی ئەیکەیت، بە باشترین شێوە بیکە.

بنەمای چوارەم: ئەنجام

ناو بە ناو پێویست ئەکات هەڵسەنگاندن بکەین بۆ ئەوەی بزانین کە چۆنین لەگەڵ فەلسەفە و هەڵوێست و چالاکییەکانمان. ئێستا هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەین، کە پێی ئەوترێت ئەنجام. ئەنجامی ئەمڕۆم و هەفتەکەم چی بوو؟ نابێت کاتەکان بە بێ هەڵسەنگاندن بەڕێ بکەین. من بۆ ماوەی ٦ ساڵ کارمکردبوو ئەو کاتەی لەگەڵ مامۆستاکەم یەکتریمان ناسی، ئەو پێی وتم: جیم، با پیاداچوونەوەیەک بکەین، چەنێکت پارە دەستکەوتووە و بەکارتهێناوە لەم ٦ ساڵەی ڕابردوودا؟ منیش ووتم : هیچ. ئەوویش ووتی: تۆ خۆت هەڵخەلەتاندووە و کاتت کوشتووە، پێی ووتم: کێ ئەم پلانەی پێ فرۆشتوویت؟ منیش ووتم: بەڕاستی ئەم کابرایە ڕاست ئەکات، من کەسێکی باشم بەڵام پلانێکی هەڵەم بەکارهێناوە. چی ئەبێ ئەگەر ٥٠ ساڵ بیت و کەسێکی موفلیس بیت، هەرچەندە وولاتێکی باشت هەبووبێ و پلانێکی هەڵەت بەکارهێنابێ، چەندە ناخۆشە!! ووتی: چەند کتێبت خوێندۆتەوە لە ماوەی ٣ مانگی ڕابردوودا؟ منیش ووتم: هیچ. مامۆستاکەم ووتی: لەسەر ئەم هەموو بابەتەی کە هەیە وەک گۆڕینی ژیان و ئەم هەموو داناییەی کە

نووسراوەتەوە، کتێب لەسەر هەر لێهاتووییەک کە دەتەوێ فێری ببیت بەردەستە، لەسەر چۆنێتی زیادکردنی داهاتی خۆت و لەسەر پەیوەندی بەستن و ئەو هەموو شتەی کە هەیە، تۆش هیچت لێ نەخوێندونەتەوە؟ پاشان ووتی: تۆ کاتت کوشتوە.
هەروەها مامۆستاکەم ووتی: لە ماوەی ٦ مانگی ڕابردوودا، چەند سیمینار بەژداریت کردووە؟ بۆ زیادکردنی لێهاتووییەکانت، بۆ ئەوەی ببیتە کەسێکی دەوڵەمەند و کاریگەر و کامڵ و تەندروست. ئێوە ئەڵێن، من چەنێکم ووت؟ -ووتم: هیچ. پاشان دوبارە ووتی: تۆ کاتت بە فیڕۆداوە.
پێویست ناکات کات بەفیڕۆبدەیت، پێویست ناکات کەس چاک بکەیت یان هەر شتێکی دەرەکی، ئەوەی لەسەرتە، سەیری خۆت بکەیت و پاشان با ئەنجامەکان شتت فێر بکەن، لەسەر فەلسەفەکانت و هەڵوێستەکانت و چالاکییەکانت، من هەمان شتم کرد.
ئەم دێڕە بنوسنەوە: ئەنجام ناوی یاریەکەمانە. ئەو شتەی کە لە ژیاندا لەسەرمانە ئەمەیە کە بە ئەندازەیەکی باش پێش بکەوین وگەشە بکەین، لە ماوەیەکی شیاودا. ئەم تێبینییە باش بنوسنەوە لای خۆتان. هەمان شتمان لە منداڵەکانمان دەووێت، دەتەوێ بە چەند ساڵ منداڵەکەت پۆلی ٤ تەواو بکات؟ بە تەقریبی ١ ساڵمان بۆ داناوە. جا ئەگەر لەوەبکات نەتوانێ، ئەوا فشاری ئەخەینەسەر، کە پێی ئەوترێت: فشاری یاسایی، لە ئەنجامی کەمتەرخەمییەوە ئەبێت، فشاری دەروونی و خێزانی، فشاری خوێندنگە و کۆمەڵگا و هەموو جۆرە فشارەکانیتری ئەخەینە سەر، بۆچی وا دەکەین؟ -لەبەر ئەوەی ناتوانێ لە ١ ساڵ زیاتر بمێنیتەوە لە پۆلی ٤ دا. خێزانەکان ئەگەر بڵێن: منداڵەکەمان زۆر عاقڵ و کەسێکی باش بوو، یەک پۆلی بە ٤ ساڵ بڕیبوو، پێیان بڵێ: نەخێر، ئەبێت باشتر ببێت. ئەبێت بە ڕاستگۆیانە زوو زوو لێکۆڵینەوە بکەین. هەندێک شت هەیە دەبێ ڕۆژانە و هەندێککیتر هەفتانە لێیانبکۆڵینەوە.~

جۆن، ئەچێتە کۆمپانیایەکی فرۆشیارییەوە، لە سەریەتی هەموو هەفتەیەک ١٠ تەلەفۆنی کردبێت. ئەگەر لە کۆتای هەفتەدا پرسیاری لێ بکەیت بڵێی: چەند تەلەفۆنت کردوە؟
ئەویش بڵێ: بەڵێ! کردم.
-تۆش ئەڵێیت: ئاخر ووشەی 'بەڵێ' کەی جوابی پرسیارەکەی منە!
پاشان جۆن دەست دەکات بە چیرۆک باسکردن و بیانو هێنانەوە.
دواتر خاوەن کۆمپانیاکە ئەڵێت: چیرۆک بە کەڵکی من نایەت، جوابی من نییە.
وە ئەڵێ: من چیرۆکم لێت ناوێت، بەڵکو ژمارەم لێت ئەووێت.
ژمارەکە چی پێ ئەڵێت؟
-هەموو شتێکی پێ ئەڵێت
ئەگەر کەسەکە لەبری ١٠ تەلەفۆن، ٢٠ی کردبوو. ئەوا خاوەن کۆمپانیاکە ئەڵێت: واو! واو! بەڕاستی کەسێکی باشمان دەست کەوتووە. ئەی ئەگەر، یەک تەلەفۆنی کردبوو، چی؟
ئایە ئەمە لەبارەی فەلسەفەی ئەو کەسەمان پێ ئەڵێت؟
-بەڵێ.
هیچمان پێ ئەڵێت لەسەر هەڵوێستی ئەو؟
-بەڵێ، بە تەئکید.
هیچمان پێ ئەڵێت لەسەر پابەندبوون و ڕێکخستنەکانی؟
-بەڵێ، بە تەئکید
ئەگەر دەرسێکی باشی بووێت ئەبێت بڕیار بدات ڕووبەڕووی ژمارەکان ببێتەوە، ئەنجامێک بدات بەدەستەوە کە فێری بکات. یا ئەوەتا ئاهەنگ ئەگێڕن بۆ دەستکەوتەکان، یان ئەوەتا هەڵەکان چارەسەر دەکەن لە فەلسەفە و هەڵوێست و چالاکییەکانتدا. دانپێدانانی ڕاستی زۆر گرنگە. لە کۆندا ووتویانە: ڕاستگۆی، سەرفراز و ئازادت دەکات. بۆچی ئازادت بکات؟
-بۆ ئەوەی هەڵەکانت چاک بکەیتەوە، و پابەندبوونی باش بخەیتە جێگەیان. کەواتە سودی ڕاستگۆیی ئەوەیە، کە یارمەتیمان بدات هەڵەکانمان چاک بکەین و لەبریان پابەندبوون دابنێین، لە پێناوی

گۆڕینی ژیانماندا، بۆیە دانپێدانان زۆر گرنگە. کاتێک کە ڕوخاویت، دانی پیا بنێی کە ڕوخاویت، نەوەک بیخەیتە موجەمیدەوە و هەموو ڕۆژێ سەیری بکەیت، ئەگەر پێویستت بە دانپێدانانێکی زیاتر هەبوو، ئەوا بڵێ: من ٤٠ ساڵم و کەسێکی ڕوخاوم. ئەگەر پێویستت بە هی بەهێزتر هەبوو، بڵێ: من لە ئەمەریکادا ئەژیم و ٤٠ ساڵم و کەسێکی موفلیسم. ئەوەنە بەسە بۆ ئەوەی بیر بکەیتەوە کە هەڵەیەک هەیە. لە شوێنێکدا من خەسارەتم هەیە! جا ئەگەر بەم شتانە دەست پێ بکەن، ئەوا ژیانتان هەمووی دەگۆڕێت. جا گرنگ نییە لە چ شتێکی بچوکەوە دەست پێ ئەکەیت، شتەکان یەک بەدوای یەکدا دێن، کاتێک ئەزانی چویتەتە سەر حاڵەتێکی زۆر بەهێزەوە و هەر بەرەو سەرەوە دەڕۆیت. کە پێی ئەوترێت: گۆڕانی داهات و تەندروستی و پەیوەندیەکانت. ژمارەکانت لە ژمارەکانی خەیاڵی خۆت زیاتر دەبێت، ئەگەر نەفرەت نەکەی لەو شتانەی کە پێت دراوە، وە دەست بکەی بە چاک کردنی ئەو هەڵانەی کە هەتە. بۆ ئەوەی ئەو ئەنجامەت دەست بکەوێت کە ئەتەوێت. باوەڕناکەم، ئەگەر بتوانم لەوە ئاسانتر پێتان بڵێم، منداڵان ئەتوانن بیکەن، هەرزەکاران و دایک و باوکان ئاتوانن بیکەن، بەڕێوبەر و کەسە سیاسیەکان ئەتوانن بیکەن، هەمووومان دەتوانین بیکەین. هەموو کەسێ ئەتوانێ خۆی بگۆڕێت. ناوی یاریەکە پێی ئەوترێت: ئەنجام. نمرەی یاریەکە پێی ئەوترێت: سەرکەوتن.

ئەبێت بە ژمارەکاندا بچیتەوە و بزانی چەنێکن؟ ئەبێ چەند کیلۆی کێشت لە پێویست زیاتر بێت لە تەمەنی ٥٠ ساڵیتدا، بە تەقریبی؟ جۆن، لەوانەیە بڵێ: من ئیسقانم قورسە. باشە ئەوە ١٠ کیلۆمان بۆ ئێسقان دانا، ئەی ٣٥ کیلۆکەیتر چی؟ ئەتەوێ گڵۆپی ئاگادارکردنەوەت بۆ دابنێین؟ ئەوانەی پرتە پرت ئەکەن؟ یەکێ دەیبینێ لەوانەیە بپرسێ، ئەم گڵۆپانە بۆ وا دەکەن؟

-لە وەڵامدا ئەڵێین: ئاخر جۆن ٣٥ کیلۆی زیادە. بۆ ئەوەی بیری بخەینەوە کە ژمارەکەی، هەڵەی تێدایە. کە بووە ٤٠ کیلۆی زیاد، ئیتر

ئەیگۆڕین بە گڵۆپی سوور، کە پرتە پرت ئەکات. یەکێکی تر ئەیبینێ لەوانەیە بپرسێت: ئەو گڵۆپە سوورانە چین پرتە پرت ئەکەن؟
-ئەوە هی جۆنە، کێشی ٤٠ کیلۆ زیاترە لە پێویستی، کە گەیشتە ٥٠ کیلۆ، ئیتر ئەبێت ئینزاری سەیارەی فریاکەوتنی بۆ دابنێین. ئینجا ئەپرسن: ئەوە چییە ئەو ئینزارە لەماڵەوە و لە ئیش؟
-ئەوە جۆنە کێشی گەیشتۆتە ٥٠ کیلۆی زیاد، کۆڕسترۆڵەکەی فڕیوە. سەرکەوتن بریتییە لە نمرەی یارییەکەمان. من ئەمەوێ ئێوە ئەوەندە جددیبن ئەوکاتەی سەیری ژمارەکانتان ئەکەن. چەند کتێبت خوێندۆتەوە لە ٣ مانگی ڕابردوتا، بۆ ئەوەی ژیانت بگۆڕێت، زیاتر بەهێزت بکات و کامڵ و تەندروستتر و کاریگەرترت بکات. لەسەر شتەکانیتریش. چەند کتێب؟ چەند سیمینار؟ تا چەنێک بڕیارتداوە ئەو شتانەی کە لەبەر دەستتدان، بیانگۆڕیت بۆ شتانێکی بەنرخ. لەکاتێکدا وڵاتەکەمان باشترین وولاتە لە دنیادا. بەڕێزان، ئەگەر ئەم پرۆسەیە بگرنە بەر، ئەوا ژیانتان ئەگۆڕن بە باشترین شێوە.

بنەمای پێنجەم: شێوەی ژیان

ئەمە ئاخیریانە، بنەمای پێنجەم، پێی ئەوترێت: شێوەی ژیان. شێوەی ژیان، بریتییە لەوەی فێربین کە چۆن باش بژین. ئەمە قورسترین بەرەنگاربوونەوەی ژیانم بووە. باوڕ ناکەن لە تەمەنی 25 سڵیمەوە چەند زۆر کارم لەسەر ئەمە کردووە. دوای دانانی فەلسەفە و هەڵوێستی باشتر و چالاکی، پاشان ئەنجام وەردەگرن لێیانەوە. ئەنجامەمان بۆچییە؟ پێویستمانە بۆ دروستکردنی شێوە ژیانێکی باشتر کە بریتیە لە ژیانێکی خۆش. هەموو ئەنجامەکانتان و پارەکانتان و کارە چاکەکانتان، بەکار بهێنە بۆ دروستکردنی ژیانێکی باش. وەک چنینی پارچەیەک قوماشە.
مامۆستاکەم لەسەر "شێوەی ژیان" نمونەی زۆری داومەتێ. دوو شتی زۆر گرنگی پێ ووتوم، کە یارمەتیداوم لە ژیانمدا. ئەمەوێ ئێوەش بەووە بچنە دەرەوە لێرە، پێی ووتم: جیم، ئەگەر دەتەوێ سەرمایەداربیت، ئەوا زۆر دیراسەتی سەرووەت بکە. منیش ووتم: بۆ

خاتری خوا، کەس ناناسم کە باش دیراسەتی لەسەر سەروەت کردبێ، لەکوێوە فێربم. ئەویش ووتی: گوێمەدە بەوە، چونکە هەتا لەگەڵ من بیت، وە تۆ بڕیار بدەی کە فێر ببیت، ئەوا من هەموو شتێکت فێر ئەکەم. پاشان فێری کردم. ئەو کتێبانەی پێ ووتم کە یارمەتیان ئەدام. کە بووم بە ٣١ ساڵ، بووم بە ملیۆنێر. ئەمەش قسەی دووەمی بوو: جیم، ئەگەر ئەتەوێ دڵخۆش بیت، ئەوا دیراسەتی دڵخۆشی بکە. تا ئەو کاتە، نەمدەزانی کە دڵخۆشی ئەبێت دیراسەت بکرێت. تا ٢٥ ساڵی، ڕۆژەکانم بەڕێ دەکرد و دەستم خستبوویە سەر دەستم و هیوای دڵخۆشیم ئەخواست بۆم بێت. مامۆستاکەم ووتی "دڵخۆشی دواناخرێت، دڵخۆشی شتێک نییە کە لە داهاتوودا بێت، دڵخۆشی شتێکە کە خۆت نەخشەی بۆ دەکێشیت. دڵخۆشی ئەبێت سەعی بۆ بکەیت، دڵخۆشی ڕاهێنانی بۆ دەکرێت، دڵخۆشی فەنە، دڵخۆشی ڕێککەوت نییە، هەر کەسێکیش بییەوێت، ئەتوانێ دیراسەتی بکات و ڕاهێنان بکات لەسەری و فێری ببێت. دڵخۆشی وەک کەلتوور وایە. پارە کەلتوورت بۆ دروست ناکات. بەڵام کەلتوور لە چنگی هەمووماندا هەیە.

کتێبێک بەچەند دەکڕیت لەسەر کامڵ بوون ؟

٤٠٠٠ دۆلار؟

- نەخێر، تەنها ٤٠ دۆلارە

لە ئەمەریکادا، هەموو شتێکت هەیە، تەنها ئەوەی پێویستە ئەوەیە بڕیار بدەیت بیکەیت، کەلتوور و کامڵ بوون پێویستی بە دیراسەت هەیە، شتێک نییە کە لەپڕ بیدۆزیتەوە لە شوێنێکدا، پارە ناتکات بە کەسێکی کامڵ، زەلام هەیە دەوڵەمەندە و وەک پارچەیەک قووڕ وایە، هیچ کەسێک لە دەوڵەمەندێکی قووڕ ئاسایی نەگبەتتر نییە. پارە ناتکاتە کەسێکی کامڵ، بەڵکوو تەنها خوێندنەوە و ئەزموون دەتکاتە کەسێکی کامڵ و کەسێکی خاوەن کەلتوور و کەسێکی دڵخۆش و دەوڵەمەند. ئەم تێبینییە بنووسن :تەمەڵ مەبن لە فێربووندا. فێربە کە چۆن باش بیت؟ پاشان چۆن باش بژیت؟ تەمەڵ مەبە لە فێربوون و ڕاهێنان کردن لەسەر ئابووری و هونەری

بەرهەمهێنەری و شێوەی ژیان. مامۆستاکەم پێی ووتم :جیم، ئەگەر ویستت پێڵاوەکەت بۆیاخ بکەیت لای ئەوانەی پێڵاو بۆیاخ ئەکەن کاری پێڵاو بۆیاخ کردن کارێکی زۆر گرنگە، کاتێک بۆیاخی ئەکات و سەیری پێڵاوە بریقەدارەکەت ئەکەی، پاشان ئەتەوێ پارەی بەیتێ. لێرەدا پرسیارێک دێت بە مێشکتدا، ئایا ڕوبعێکی بدەمێ یان دوو ڕوبع؟ مامۆستاکەم ووتی "ئەگەر دوو بڕە پارە هاتە مێشکتتەوە، هەمیشە بڕۆ بۆ زۆرەکەیان، بۆ ئەوەی ببیتە کەسێکی بەرزتر. ئەمەش شتێک بوو لەوانەی ژیانی گۆڕیم. پیی ووتم: ببە بە کەسێکی دوو ڕوبعی، نەوەک یەک ڕوبعی. ئێستا وەک جاران نییە. ئەبێت زیاتر بدەیت. ئەتوانی لەبری ڕوبعەکە بڵێی دۆلارێک. پاشان ووتی: جا ئەگەر یەک ڕوبعی بدەیتێ، ئەو کردارەت کاریگەری دەبێت لەسەر هەموو ڕۆژەکەت، لەبەر ئەوەی کە سەیری پێڵاوەکەت ئەکەیت، بەخۆت ئەڵێی: من کەسێکی زۆر هەرزانم. بەڵام ئەگەر دوو ڕوبعی پێ بدەیت، ئەوا باوەڕناکەیت کە ئەتوانی دڵخۆشییەکی زیادە بەدەست بهینی بە ڕوبعێکی زیاد. ئەمەیە پێی ئەڵێین: خوێندنەوە و بەکارهێنانی فەنی شێوەی ژیان، کە مانای ئەوەیە باش بژی.

پارە دڵخۆشت ناکات، باوکێک ٢٠ دۆلارییەک هەڵئەدات بۆ کوڕەکەی و پێی ئەڵێت: هااا، هەر پێویستیت بەم شتە نەعلەتییەیە، بیگرە و وونبە لەبەر چاوم. چەند ناخۆشە! باوکێک خاوەن پارەیە و هیچ نازانێ لەسەر دڵخۆشی. دیراسەتی ئابووری کردووە، بەڵام هەرگیز دیراسەتی دڵخۆشی نەکردووە. من لێتان داوا ئەکەم کە ئەم کێشانەتان چارەسەر بکەن. جارێکیان، سیمینارێکم کرد. دوای ئەوەی کە تەواو بووم، کابرایەک هات بۆلام و پێی ووتم: جیم، بەڕاستی ئەمڕۆ تۆ کاریگەریت کردە سەرم. بڕیارمداوە هەموو شتەکانم بگۆڕم کە باست کرد، بەڵێنت پێ دەدەم کە ڕۆژێک دێت چیرۆکی من ئەبیستی و لەبارەی من ئەبیستیتەوە. منیش وتم: زۆر باشە، بابزانین چۆنەبێ، چونکە زۆر کەس ئەم قسەیە ئەکەن.

پاشان دوای ماوەیەکیتر چومەوە هەمان شار، سیمینارێکم کرد. دوای تەواو بوونم، هات بۆلام. ناسیمەوە، بەڵام ناوەکەیم نەهاتەوە یاد،

پێی ووتم: جیم، منت لە بیرە؟ کە پێم ووتی ئەچم هەموو گۆڕانکارییەکان ئەکەم. منیش ووتم: بەڵێ تۆم لە بیرە. ووتی: پاش گۆڕانکارییەکان کە کردم، ئەوانەی باست کرد هەمووی ڕوویدا. باوەڕ ناکەم کە لە چەند مانگێکدا هەمووی هاتە دی. ووتی: یەکێ لەو شتانەی کە کردم، بڕیارمدا پەیوەندم لەگەڵ خێزانەکەمدا چاک بکەم. ووتی: من و خێزانەکەم، دوو منداڵی هەرزەکاری باشمان هەیە، هیچ دایک وباوکێک لەو دوو منداڵە جوانتر و باشتریان دەست ناکەوێ. بۆم دەرکەوت کە منم بوومەتە کێشە بۆیان، ئەگینا ئەوان هەرگیز کێشەیان بۆ ئێمە دروست نەکردوە، هەمووی من بووم کە ئەم هەموو کێشەیەم دروست کردبوو، ووتی: کچەکەم زۆر خولیای کۆنسێرتی گۆرانی ڕۆکیان هەیە. منیش کێشەی ئەوان بووم، لەبەر ئەوەی ئەبووایە زۆر لێم بپاڕانایەتەوە بۆ پارەی کۆنسێرتەکە، پێم ئەوتن: من حەزناکەم بچن بۆ ئەوێ، زۆر درەنگ دێنەوە، ئەو مۆسیقایانە زۆر بەرزن ئەبنە هۆی تێکدانی بیستنتان. ئەوانیش هەر ئەپاڕانەوە، دوای ماوەیەکی زۆر پاڕانەوە منیش ڕازی ئەبووم و پارەکەم ئەدانێ. ئاواهی بووم، بەڵام دوای ئەوەی کە سیمینارەکەی تۆم بەجێ هێشت، بڕیارمدا ئەو شتە بگۆڕم. باوەڕ ناکەیت، دوای ماوەیەکی کەم. ڕۆژنامەیەکم هەڵگرت، بڵاوکراوەیەم بینی، کە یەکێ لەو کەسانەی کە دوو کچەکەم زۆر خولیایان بۆی هەیە، بەتەمایە بێت بۆ شارەکەی ئێمە. منیش چووم بلیتی کۆنسێرتەکەم کڕی و خستمە ناو زەرفی نامەیەکەوە، پاشان هێنامەوەماڵەوە، کاتێک کچەکانم بینی، نامەکانم دانێ، پێیانم ووت: باوەڕناکەن کە چی لەم دوو نامەیەدایە. دوو بلیتی کۆنسێرتی داهاتووی تێدایە. باوەڕیان بەوە نەدەکرد، پاشان پێی ووتبوون: خەبەرێکی خۆشتان بدەمێ. هەروەها ڕۆژانی پاڕانەوە کۆتای هات. ئەوان باوەڕیان نەدەکرد، پێی ووتن: نامەکان مەکەنەوە هەتا ئەچینە کۆنسێرتەکەوە، ئەوانیش ووتیان: باشە. کاتێک کە چووینە کۆنسێرتەکەوە، پاشان بلیتەکەیان دا بە کەسی بەرپرسی ئەو کارە. زەلامەکە پێی وتن: دوام بکەون، پاشان بردینییە ڕیزی پێشەوە. کچەکان ووتیان: بۆستە! بۆستە! لەوە

دەکات هەڵەیەک هەبێت. ئەویش ووتی: هیچ شتێک هەڵە نییە. خستبوونیە خەتی دەهەم ناوەڕاستەکەی، ئەوان هێشتا باوەڕیان نەدەکرد، ئەوەی ئەوان کە زۆر بۆی ئەپاڕانەوە بلیتێکی باڵکۆنی کۆنسێرتەکە بوو، کە هیچمان نە ئەبینی لێوەی، پاشان ووتی: ئەو شەوە هەتا درەنگ لەگەڵیاندا بووم، پاشان کە هاتینەوە، کچێکم خۆی هەڵدایە سەر ڕانم و ئەوەیتر باوەشی پیاکردم، پێیان ووتم: تۆ بەڕاستی باشترین باوکی ئەم سەر زەمینەی، ووتی: جیم، باوەڕم نەکرد! هەمان پارە و باوکێکی جیاواز بووم، بڕیارمدا دەست بکەم بە گۆڕان، وە لە پەیوەندیم لەگەڵ دوو کچەکەمەوە دەستم پێ کرد. چ گۆڕانکارییەک بوو!! ئەڵێم، ئەتوانی لە شێوەی ژیانت و لە کاری فرۆشیارییەکەتەوە و لە کاری بەڕێوەبەرایەتییەکەتدا و هەر بەشێکی ژیانتدا بیکەیت، ئەگەر موڵکێکت ئەوێت، ئەوا سکاڵا مەکە لەسەر ئەو شتانەی کە هەتە و پێتدراوە، وەک تۆو وخاک و باران و موعجیزەکان و وەرزەکان، بەڵام دەست بکە بە گۆڕانکاری و هەڵسەنگاندنی ئەو شتانەی کە باسیاندەکەین ئەمڕۆ، لە ماوەیەکی کەمدا ئەگەیت بە ئەنجامێک کە باوەڕ ناکەیت چی ڕوویداوە.

گەشەپێدانی کەسی

هەندێک لەو شتانەی کە مامۆستاکەم فێری کردم زوو جێبەجێم کردن، هەندێکی ئاسان بوون وەک ئامانج دانان، هەندێکی قورس بوون، بەڵام ئەو شتەی کە پێوەی هیلاک بووم، گەشەپێدانی کەسیبوو. زۆر قورس بوو کە بتوانم وازبهێنم لە لیستی خەتەبار کردنەکانم، زۆر ئاسودە دەبووم کاتێ حکومەت و خزمە ڕەشبینەکانم و قانونەکانی کۆمپانیا و باری ئابووریم خەتاباردەکرد.

زۆر قورس بوو کە وازیان لێ بهێنم، و خۆم تاوانبار بکەم لەبریان، گۆڕانکارییەکی گەورە بوو بۆ من. بەڵام مامۆستاکەم لە شتێکی زۆر گرنگەوە دەستی پێ کرد لەگەڵم، ووتی: ئەو شتانەی کە ڕوودەدەن، هیچیان داهاتووی تۆ دیاری ناکەن، چونکە ئەو شتانە بەسەر هەمووماندا دێن، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە چی دەکەی دەربارەی ئەو شتەی ڕوویداوە. ووتی: جا ئەگەر دەستت کرد بە گۆڕان، گۆڕانی هەندێک شت لە ٩٠ ڕۆژی داهاتووتدا دەبێت، وەک کتێب خوێندنەوە و هەندێک ڕێکخستن کە دەبێت بیانکەی بۆ تەندروستێکی باشتر، یان لە پەیوەندیت لەگەڵ خێزانەکەتدا، کێشە نییە کە چەنێک بچووکە، ئەگەر دەستمان کرد بە کردنی شتی جیاواز لە هەمان بار و دۆخدا، لە کاتێکدا ناتوانین بارودۆخاکە بگۆڕین بەڵام ئەتوانین خۆمان بگۆڕین، ئەتوانین ئەو شتانە بگۆڕین کە دەیانکەین.

پاشان نهێنیەکی تری سەرکەوتنی پێدام، ووتی: ئەو شتانەی کە ئێستا هەتە، پەیاتکردوە بەو کەسایەتیەی کە دروستت کردوە. ئەم شتانە چەند یاسایەکی گرنگی سادەن، بەڵام تێیانبگەیت زۆر کارت بۆ دەکەن. هەندێک کات زۆر قورسە کە خۆت تاوانبار بکەیت لەبری هەرشتێکیتر، بەرپرسیارێتیەکان بخەیتە سەر شانی خۆت وەک لەوەی بیخەیتە سەر شانی کەسانیتر. هەندێک جار ئەمانە زۆر کارێکی قورسن.~

ماموٚستاکەم ووتی: جیم، فلسێکت لە گیرفانا نییە پاشەکەوتت نییە، هەروەها لەدواوەیت لە بەڵێنەکانتدا، ئەمانە ڕوویانداوە بەهۆی ئەو کەسایەتییەوە کە دروستت کردوە، بەهۆی ئەو کەسەوەیە کە بووی پێی. منیش ووتم: چۆن ئەم شتانە بگۆڕم؟ ئەویش ووتی: زۆر ساکارە، ووتی: ئەگەر تۆ بگۆڕرێیت، ئەوا هەموو شتێک بۆ تۆ دەگۆڕرێت. پێویست ناکات هیچ شتێک لە دەرەوەت بگۆڕیت، بەڵکو لەسەرتە ناوەوەی خۆت بگۆڕیت، ووتی: بۆ ئەوەی زیاترت هەبێ، پێویست ئەکات ببیتە کەسێکی زیاتر و پڕتر، ووتی: ئاواتمەخوازە کە ئاسانتر بێت، بەڵکو ئاواتبخوازە کە باشتر بیت، ئاواتمەخوازە بۆ کێشەی کەمتر، بەڵکو ئاواتبخوازە بۆ کارامەیی و شارەزایی زیاتر. دەست بکە بە کارکردن لەسەر خۆت و ئەو گۆڕانکارییانە بکە، پاشان هەموو شتێکیتر دەگۆڕێت.

با زیاتر باسی گەشەپێدانی مرۆیی بکەین. کە لە تەمەنی ۲۵ ساڵیدا دەستم پێی پێکرد، لەو کاتەوە نەمهێشتووە بۆستم لەو کارە. بەتەما نیم تا دوای ۹۰ ساڵیشم بۆستم. ئەمەوێ باشتر و باشتر بم، ئەمەوێ کار و بزنزەکانم باشتر بن، هەموو ئەوکارانەی ئەیکەم باشتربن. دوای ئەوەی ئەم یاسا ساکارانەم بەکارهێنا، زۆر ئاسان بوو بۆ ئەوەی بزانم کێشەکان لە چیدان.

با لەسەر گەشە پێدانی کەسێتی قسەبکەین. بۆ ئەوەی منداڵان فێری گەشەپێدانی مرۆیی بکەم، هەمیشە لە پارەوە دەست پێ ئەکەم. پارە، تاکە شوێن نییە کە لێوەی دەست پێ بکەین، تەنها شت نیە کە بەقیمەت بێت، بەڵام هەردەبێ لە شوێنێکەوە دەست پێ بکەین. منداڵان تێدەگەن لە پارە. ئەتوانن پارە حساب بکەن، هەندێک شت هەیە کە قورسە بەکاری بهێنین بۆ کێشانەکردن، بەڵام پارە ئاسانە، لەبەر ئەوەی ئەتوانی بیژمێریت. یەکێ لێت ئەپرسێت: چۆن کارەکانت دەڕوات؟ لە وەڵامدا دەڵێی: نازانم! با بیژمێرین. ئەزانم کە شت زۆرە بۆ هەڵسەنگاندن و حسابکردنی، بەڵام ئەگەر هەڵەیەک هەبێت لە بڕیاردانەکانتدا و کەمو کورتی هەبێت لە ڕێکخستنەکانتدا، لەوەدەکات کە پێویست بکات لە پارەوە دەست پێ

بکەین، لەبەر ئەوەی هەژمارکردنی زۆر ئاسانە، بۆ ئەوەی بزانین لەکوێدا هەڵەمان هەیە و بیدۆزینەوە. کە بۆ منداڵانی باس دەکەم ئەڵێم: ئێمە پارەمان پێ دەدرێت بە پێی قیمەتی ئەو شتەی ئەیدەین بە بازاڕ، ئەمە کلیلێکە بۆ تێگەیشتن لە ئابووری، بازاڕیش ناودەبرێت بە: شوێنی واقیعیبوون، کاتی ئەوێت بۆ ئەوەی بەها بهێنینە ناو بازاڕەوە. بەڵام پارەمان پێ نادرێت بۆ کاتەکانمان، ئەم خاڵە زۆر ئاسانە، منداڵ و هەرزەکارەکان تێی دەگەن، کە پارە نادرێت بۆ کاتەکانمان، یەکێک لەوانەیە بڵێ: من ٢٠$ وەردەگرم بۆ هەر کاتژمێرێک، ئەمە ڕاست نییە، ئەگەر ئەمە ڕاست بووایە، کەواتە با لە ماڵەوە بێت و پارەکەی بۆ بنێرنە ماڵەوە، پارە بە کاتژمێر نادرێت، بەڵکو ئەدرێت بەو قیمەت و بەهایەی ئەیخەیتە کاتژمێرێکەوە. ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، کەواتە پرسیارێک دێتە پێش: ئایا ئەکرێت کە دوو هێندەی ئێستای خۆت بەهات زیاد بکات وە دوو هێندەی خۆت پارە پەیدا بکەیت، لە هەمان کاتدا؟ ئەی ئەگونجێت ٣ هێندە بە بەهاتر ببیت و ٣ هێندەی ئێستات پەیدا بکەیت، لەهەمان کاتدا؟

- بەڵێ، بێگومان

- بەڵێ، بێگومان

ئێستا، بۆ ئەوەی پارەیەکی زیاتر بەدەست بهێنین لە هەمان ئەو کاتەی کە سەرفتان دەکرد، تەنها بە زیادکردنی بەهای خوودی خۆتدەبێت. لە ئەمەریکادا کارکردن وەک پەیژە وایە، لە خوارەوە دەست پێدەکەیت، لە ٤ $ لە کاتژمێرێکەوە دەست پێ ئەکەیت. ساڵی پار لە کۆنگرێسدا باسی مووچەی دەست پێکردنیان دەکرد، کە دەیانویست بیکەن بە ٥$، من ئەڵێم، پێویست ناکات ٥$ بێت، با هەر لە ٤$ دەست پێ بکات، لەبەر ئەوەی ئەمە پەیژەیە نەوەک تەندەر لێدان، ئەگەر ئەڵێی هەر ئەبێت ٥$ بێت، من ئەڵێم ڕاست ئەکەیت ئەگەر بتەوێ هەر لەوەندەدا بمێنیتەوە بۆ هەتا هەتایە، ئەبێت ئەوەنە بێت. چەند ژیانێکی ناخۆشە!! کە دەست بکەی بە کارێک و گەشە نەکەی لەسەری، وە گۆڕانکاری نەکەی لە خۆتدا و لە

کارەکەتدا، دەست پێ بکەیت و وە بەهای کارکردنەکەت زیاتر نەکەیت.
کاکە گیان! سیناریۆی ژیان بریتییە لە، یەکەم: دەست پێکردن و دووەم زیادکردنی بەهاکەی. لێرە، لە ٤$ دەست پێ ئەکەیت، هەرچەند بەها زیاد بکەیت زیاتر بە پەیژەکەدا بەرز دەبیتەوە. پار زۆرترین مووچە ٥٢ ملیۆن دۆلار بوو! ئایە، هیچ کۆمپانیایەک هەیە ٥٢ ملیۆن دۆلار بدات بە کەسێک لە ماوەی ساڵێکدا؟ جوابەکەی: بەڵێ هەیە، بەڵێ بێگومان ئەگەر یارمەتی کۆمپانیایەک بدەیت کە ١ بلیۆن دۆلار پەیدا بکات، ئایا ٥٢ ملیۆنت ناداتێ؟ بێ گومان ئەتداتێ، ئەو پارەیە وەک لەتە مریشکێکە بۆیان، ئەوەنە زۆر نییە. باشە بۆ ئەوەندەی ئەدەنێ؟ لەبەر ئەوەی بووە بە کەسێکی زۆر بەنرخ بۆیان. بۆچی تەنها ٤$ ئەدەین بە کەسێکیتر لە کاتژمێرێکدا؟ لەبەر ئەوەی بەنرخ نین لە بازاڕی کاردا.
جیاوازی لە نێوان دوو شت هەیە ئەبێت بیکەین، لەوانەیە برایەک بەنرخ بێت، یان کەسێک بەنرخ بێت بۆ کۆمەڵگا یان کەنیسە، بەڵام لە بازاڕی کاردا ئەوەندە کەسێکی بەنرخ نییە، کە باسی بازاڕ ئەکەین، شوێنی واقیعی کارە، لەبەر ئەوە پارەی ئەوەندە پێ نادرێت، ئەمەیە پێی ئەوترێت واقیع.
هەندێک کەس هەیە لێیان بپرسی: ئەی باشە چۆن زیاتر پەیدا دەکەیت؟ پێت ئەڵێ: کاتی زیاتر کار دەکەم.
یەکێکی تر ئەڵێ: من چاوەڕێی زیادبوونی موچەکەم ئەکەم.
پێت ئەڵێم، ئاسانترە کە بۆی سەرکەوی وەک لەوەی چاوەڕێی بەرزبوونەوەی بکەیت، بۆچی زیاتر بەنرختر نەبیت وەک لەوەی کە چاوەڕوانی بکەیت؟ ئەمانەی باسم کرد، کلیلی هاتنە پێشەوەی هەموو شتێکی باشە، کەواتە بەنرختر بن.
بۆچی ٤٠٠$ ئەدەین بە یەکێ لە کاتژمێرێکدا؟ لەبەر ئەوەی بەهای خۆیانیان زیادکردوە، لە بازاڕی کاردا. ئەبینن چەندە ئاسانە؟ ئەگەر ئیش بۆ ماکدۆناڵد بکەن و خۆڵ بڕێژن، ٥ $ت ئەداتێ، ئەگەر کڵاو و شتومەکی ئەوانیش لەبەربکەی، ئەوا ١ دۆلاریترت ئەیاتێ، لەبەر ئەو

هەڵوێستە زیاترەت کە کردووتە. زۆۆر خۆشە، پاشان بەهات زیاد و زیاد ئەکات.
٥ ساڵ لەمەوبەر کۆمپانیایەک تەلەفونی بۆ کردم، ووتیان: جیم، پڕۆژەیەکمان پێیە بۆت. بەتەماین کۆمپانیاکەمان گەورە بکەین، پێویستمان بە یارمەتی تۆیە، هەروەها چەند ملیۆن دۆلارێک ئەخەیتە سەر سامانەکەت، منیش ڕازی بووم.
پاشان بیرم کردەوە، سەیر نییە کە بە منیان ووتوە بۆ ئەوەی ئەو کارەیان بۆ بەڕێوەبەرم؟ پاشان ووتم: بێ گومان ئەبێت بە من بڵێن، کێ هەیە بتوانێ وەک من ئەو کارەیان بۆ بەڕێوەبەرێت؟
پرسیار: چۆن من تەلەفونێکم بۆ کرا، کە بەهاکەی ١ ملیۆن دۆلار بوو؟ لەبەر ئەوەی کە بەهای خوودی خۆم زیادی کردوە. ئەگینا من کوڕێکی گووند نشین بووم، لە خێزانێکی نەناسراودا گەورە بووم، یەک ساڵی خوێندنی زانکۆم خوێندبوو، وام ئەزانی کە زۆر تێگەیشتووبوم. هەرچی هەڵە هەیە کردوومە، لە ٢٥ ساڵیدا خاوەنی هیچ نەبووم، قەرزار بووم، و لە پاش بووم لەبڕیارەکانمدا.
باشە! چۆن تەلەفونێکم بۆ هات کە قیمەتی ملیۆنێک دۆلار بوو؟ گۆڕام، گۆڕام. ژیانی خۆمم گۆڕی. ئایا ئەگونجێ کە کەسێک بەهاکەی ملیۆنان دۆلار بێت لە ڕووی ئابووریەوە؟ جوابەکەی: بەڵێ، بێگومان.
با نهێنییەکی ترتان پێبڵێم، مامۆستاکەم ووتی: جیم، با نهێنییەکی ترت پێ بڵێم: فێربە، کار زیاتر لەسەر خۆت بکە، وەک لەوەی لەسەر پیشەکەت ئەکەیت. کە ئەمەی فێرکردم، ژیانم زیاتر گۆڕا!! فێربە، کار زیاتر لەسەر خۆت بکە، وەک لەوەی لەسەر پیشەکەت ئەکەیت.
ووتی: ئەگەر کار بکەی لەسەر پیشەکەت، ئەوا بژێوی ژیانت دابین ئەکەیت، بەڵام ئەگەر کار لەسەر خۆت بکەیت ئەوا سەروەتت دەست ئەکەوێت. ئەگەر لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا منت بدیایە، ئەتگووت: جیم ڕۆن کەسێکی زۆر ئیشکەرە. من کەسێکم گوێنادەمێ کە زوو بڕۆم بۆ ئیش و درەنگ بێمەوە. بەلامەوە ئاساییە. بێگومان دەتووت: جیم زۆر ئیشکەرە، بەس دەتگووت: چۆنە هیچ لە گیرفانیدا نییە و خاوەنی هیچ نییە و لە بەڵێنەکانیدا هەمیشە لە پاشە؟!

من ئیشکەر بووم، بەڵام ئیشم لەسەر کارەکەم ئەکرد و هیچ ئیشم لەسەر خۆم نەدەکرد، ئەم تەکنیکە ئاسانە فێربە و بیخە جێبەجێ کردنەوە هەر ئەمڕۆ، چونکە سبەینێ درەنگ دەبێ، ئەمشەوت بەسە بیری لێ بکەیتەوە. وەک ووتم، بەس بەهای خۆت زیاد بکە لە بازاڕدا و کار بکە لەسەر خۆت. ئەوا دەبینی داهاتت زۆر زیاد دەکات. باری ئابووریت، تەنها یەکێک ئەبێت لەو شتانەی کە باش دەبێت، کار لەسەر خۆت بکە و پسپۆڕییەک فێرببە، وە یان لە هەر بوارێکیتردا بێت، شت زۆرن کە یارمەتیت ئەدەن کە زیاتر بەهای خودی خۆت زیاد بکەیت لە بازاڕی کاردا. ئەمە ژیانت بە کاملی دەگۆڕێت. دوای ئەوە ئیتر لە پۆست بەرزکردنەوە کێشەت نابێت، لە موچەکەتدا کێشەت نابێت، لەسەر داهاتووت کێشەت نابێت، بەس ئەگەر بێیتە سەر ڕێگە ڕاستەکە. هەوڵ مەدە شتەکانی دەرەوەت بگۆڕیت. تۆوەکە و خاکەکە و بارانەکە و خۆر و وەرزەکان مەگۆڕە. بهێڵە ئەو موعجیزانەی هەیە کارت بۆ بکەن، ئەویش بە کار کردن لەسەر خوودی خۆت و لەسەر فەلسەفە و هەڵوێستەکانت و کەسایەتیت و زمان زانینت و پەویەندی بەستنت. ئەگەر دەست بکەی بەو گۆڕانکارییانە، هەموو شتێکت دەست بە گۆڕان دەکات.

با باسی ٤ گرنگترین دەرسەکانی گەشەپێدانی مرۆیی بکەین. بەڵام پێش ئەوە، تێبینییەکتان پێ بڵێم: ژیان و بزنز، وەک وەرزەکانوان. فرانکلا سیناترا دەڵێ: ژیان وەک وەرزەکانە. شتێک لەو شتانەی ژیانی منی گۆڕی و بەهێزتری کردم لە گەشە پێدانی مرۆییدا، ئەم تێبینییەبوو بینوسن: تۆ ناتوانی وەرزەکان بگۆڕیت، بەڵکو تەنها ئەتوانی خۆت بگۆڕیت.

کە لە تەمەنی ٢٥ساڵیمدا بووم، دەست لەسەر دەست هەمیشە ئومێدی ئەوەم ئەخواست شتەکان بگۆڕێن. وام ئەزانی گۆڕانی باری ژیانم بەوە دەبێت کە شتەکان بگۆڕڕێن، ئەوەی بۆم دەرکەوت ئەوە بوو: کە هەرگیز ناگۆڕڕێت. جارێکیان، سیمینارێکم کرد بۆ شەریکەی شێڤرۆن لەسەر بەڕێوەبردن. کۆبووبوینەوە لەسەر مێزێک، قسەمان ئەکرد لەسەر باری ئابووری. نەفەرێکیان ووتی: جیم، تۆ کەسی

بەناوبانگ زۆر باش ئەناسیت و بە هەموو دنیادا سەفەر ئەکەیت. بە بۆچونی تۆ بارو دۆخ لە ١٠ ساڵی داهاتوو چۆن دەبێ؟ منیش ووتم: وایە کەسی باش ئەناسم، وە زۆر شوێن دەگەڕێم. ئەزمونێکی باشم هەیە لەسەر ئەمە، بەپێی ئەو ئەزموونەی هەمە، بارو دۆخ هەر وەک ئەوە دەبێت کە هەبووە.

ئاواتخواستن بۆ گۆڕانکاری وەک فیکە لێدانە لە ناو تەوژمێکی ڕەشەبادا. زۆر ساویلکانەیە کە بتەوێ شتەکان بگۆڕێن. با وانەیەکی مێژووتان پێ بڵێم لەسەر ئەمە، بۆ ئەوەی بێتە بەر چاوتان، بە یەک ڕستە پێتان ئەڵێم، کە لە ئەزموونەکانی ٦٠٠٠ ساڵی ڕابردووی مێژووی مرۆڤایەتیەوە وەرمگرتووە. ئویش ئەمەیە: دەرفەتەکان تێکەڵن لەگەڵ دژواری و سەختییەکان. ئەم تێکەڵییە هەرگیز ناگۆڕێت. کەسێک لەوانەیە بڵێ: ئەگەر ئەمە هەرگیز نەگۆڕێت، کەواتە ژیانی من چۆن دەگۆڕێت!؟ جوابەکەی ئەوەیە کە دەبیت خۆت بگۆڕیت. کە خۆشت گۆڕای، هەموو شتێک ئەگۆڕێت بۆت، داهاتت لەگەڵ داهاتو و تواناکانت ئەگۆڕێن و زیاد دەکەن.

زستان بەڕێوە ببە

بابچینەوە سەر ئەمە: ژیان و بزنز وەک وەرزەکان وان. یەکەم: فێربە کە چۆن زستان بەڕێوەدەبەیت. لەوانەیە بڵێی: ئەم شتانە ئەزانین. ڕاست ئەکەیت. بەڵام هەندێک شت ئەبێت بیرت بهێنرێتەوە. هەندێک شتیش تازەیە کە باسی ئەکەین، و هەنێدکیتری شتی کۆنن پێویست ئەکات بیبیستینەوە. یەکەم: فێربە کە چۆن زستان بەڕێوەدەبەیت. وەک ئەزانین، زستان دوای پایز دێت. کێ ئەزانێ، لەکەیەکەوە وایە؟ لەوەتی دنیا هەبووە هەر وا بووە. بۆیە، ئەگەر دەست بخەیتە سەر دەستت و بڵێی: ئومێدم وایە کە زستان نەیەت. من پێت دەڵێم: هەرگیز وا ساویلکە مەبە. چەندین جۆری زستانمان هەیە، نەوەک تەنها زستانی وەرزەکان

زستان واتایە بۆ: کاتە ناخۆشەکان و ئەو کاتانەی لە کزی دایت و وورەت ڕوخاوە. نوسەرێک بە زستان دەڵێ: کاتی گلەییەکان. وەک زستانی ئابووری، زستانی کۆمەڵایەتی، زستانی خوودی. ئەو کاتەی کە دڵت دەبێت بە ۱۰۰۰ پارچە، شەوەکانی زۆر درێژترن لە شەوانی ئاسایی، ئەمە پیی ئەوترێت: کاتی زستان. ئەوەمان بیر نەچێت، کە هەموومان بە زستاندا تێدەپەڕین و هەمووی دەبینین. پرسیارەکە ئەمەیە: چی ئەکەی بۆ چارەسەرکردنی زستان؟ بە فرێدانی مانگی یەک لە تەقویمەکە، نەجاتمان نابێ. ئەوەی کە ئەتوانی بیکەی لەگەڵ هەموو جۆری زستانەکاندا ئەمەیە: زیرەکتربە، بەهێزتربە، باشتربە. ئەو سێ ووشەیە بنووسەرەوە: زیرەکتر و بەهێزتر و باشتر بە. شتێک بکە کە دەتوانی تێیدا بیکەی: خوێندنەوەی کتێبی زیاتر، یان گوێگرتن لە کاسێتێک، ئێستا شتەکان ئەکەین بە ڤیدیۆش، کە ئەتوانی سەیری بکەی. ئەمانە شتانێک بوون بۆ ئەوەی زیرەکتر ببیت. پاشان بۆ ئەوەی بەهێزتر بیت، ئەبێت هەڵسی بە کردنی چەند شناوێک، یان ئەتوانی بەهێزتر بیت بە پیاسەکردنێک، لەشت بەهێزتر دەبێت. ئەی ئەتوانین کارامەییمان زیادبکەین؟ بەڵێ، بە هەوڵدان و ڕاهێنان کردن. ئەگەر بەهێز بیت، ئەتوانی زستانەکان چارەسەر بکەیت؟ بەڵێ بێگومان. ئەبێت کار لەسەر خۆت بکەیت، کەس تاوانبار مەکە، ئاواتی ئەوە مەخوازە کە ئاسانتر بووایە، بەڵکو ئاوات بخوازە، بەهێزتر بیت. پاشان، باشتر بە. هەموو کەسێ ئەتوانێ باشتر بێت. ئەوە ۳۳ ساڵە دەرس دەڵێمەوە. بەراوردی ئێستام بە ۳۳ ساڵ لەمەوبەر، ئێستا باشترم. یەکەمجار کە ویستم قسە بۆ خەڵکی بکەم، مێشکم ئەیووت: دانیشە و وازی لێ بهێنە، خۆت بەناو ئەو هەموو مەشاکیلەدا تێپەڕیوی. بۆ ماوەیەک هیچم لە زار بۆ نەدەهاتەدەر، ئەژنۆکانم هەردووکی قایم بەتەنیش یەکەوە نووسابوون، عارەق دەهاتە خوارێ، ئەلەرزیم وەک گەڵای دار، ئەمە پێی ئەوترێت تۆقین. یەکەم هەوڵم بوو، بەس توانیم زاڵبم بەسەر ئەم کێشەیەدا. دووبارەمکردەوە و پاشان توانیم زاڵ ببم. دوای ئەم هەموو هەوڵە، ئێستا ئەتوانم کاتژمێر و نیوێک دەرس بڵێمەوە. هەموو کەسێ

ئەتوانێ ئەمە بکات و کارامەیی زیاتر بەدەست بهێنێ، و زستانەکانی داهاتووی بەڕێوە بەرێت. ساویلکە مەبە بڵێی: حەزدەکەم زستان نەیەت. ئاواتی بەهێزی و کارامەیی و دانایی زیاتر بخوازە.

سوود وەربگرە لە بەهار

دەرسی دووەم: سوود وەرگرە لە بەهار. وەک کارێکی سەیر، بەهار دووای زستان دێت. لە کەیەوە واهییە؟ لەوەتەی دنیا هەیە، هەر وا بووە. ئەمە زۆر کارێکی شازە، کە هەر وەک خۆیەتی و ناگۆڕڕێت. بەهار مانای: دەرفەتە. هەموو ڕۆژێکیش دەرفەتێکی ترە، چونکە ڕۆژ دوای شەو دێت. ئەی ئەمەیان لەکەیەکەوە واهی یە؟ هەموو ڕۆژێ وایە. ئەوەی پێویستە بیزانی لە کاتی هاتنی دەرفەتدا، ئەم دوو ووشەیە: سوودی لێ ببینە. بەس لەبەر ئەوەی کە بەهار هاتووە، مانای ئەوە نییە کە لە پایزدا باش دەبیت. پێویست ئەکات سودی لێ ببینی. خۆت فێری ئەو شتانە بکە کە یارمەتیت ئەدات لە بەهاردا، وەک ئەوەی لە ڕۆژەکانتدا و دەرفەتەکانتدا کاری پەروەردە و فێربوون وازلێ نەهێنی. دەرفەت هەر دێت، بەڵام ئەبێت سودی لێوەربگرین. دوو شت هەیە دەبێت خۆمانی بۆ ئامادە بکەین: یان لە بەهاردا دەبێت بڕوێنین، یان لە پایزدا سوواڵ بکەین. هەرچەندە ئەمە مانای ئەوە نییە، کە ناتوانی ببیتە سواڵکەرێکی باش، بەڵام ئێمە دوای ئەو ناوبەنگەدا ناگەڕێین. فێربە لە بەهاردا بڕوێنیت. لەو دەرفەتانەدا، دەبێت زوو سودی لێ وەربگریت ئەگینا لە دەستت دەردەچێت. مەهێڵە کاتەکانت بەفیڕۆ بڕۆن، ژیان زۆر کورتە، ژیان بە هەرە زۆرەکەیەوە هێشتا هەر کورتە. مەهێڵە بەهار تێپەڕێ، ڕۆژەکان سوود لێ وەربگرە، ساتەکان بگرە دەست، دەرفەتەکان بەکاربهێنە. هەرچیت کردبێ، هەر دەبێ کاتەکانت سەرف بکەی، لەبەر ئەوە مەهێڵە بەبێ سوود تێپەڕێ بەسەرتدا.

لە هاویندا پارێزگاری بکە

سێهەمیان، هاووینە. لە هاویندا دەبێ بزانین کە چۆن دەبووژێنیتەوە و پارێزگاری دەکەیت. لە هاویندا دوو کار هەیە کە دەبێت بتوانی بیکەیت، یەکەم: ئەوەی باش و بەسوودە بیبوژێنەوە. پاشان، پارێزگاری باخەکەت بکەیت لە بەرامبەر خراپەکاران، هاوین کاتێکی زۆر خۆشە. بەڵێنی دوورینەوەی تێدایە. لە هەمان کاتدا، بەڵێنی هەڕەشەشی تێدایە. لەبەر ئەوەی، هەر کە باخەکەت سەوز بوو، پاشان مێرووی زیان بەخش و گژووگیا، هێرش دەکەنە سەری بۆ ئەوەی بیبەن لێت، وە ئەشیبەن، ئەگەر پارێزگاریت لێ نەکردبێت. هاوین کاتێکی سەرنجڕاکێشە. باشترین ڕستەم بۆ هاووین یەک ڕستەیە کە دەیڵێم: شتە بەهادارەکانت گەورە بکە وەک دایک، وە پارێزگاری لێ بکە وەک باوک. دوای ئەو هەڕەشانە بکەوە و بییان کوژە. وەک گژوگیا و مێرووە زیان بەخشەکان. باخەکە ببوژێنەرەوە و گەورەی بکە، وە گژوگیاکەی بکوژە. کاتی هاوین، چەند کاتێکی پڕ بەرەنگاربوونەوەیە، ژیان ببەخشە وەک دایک، ژیانیش بسەنەرەوە وەک باوک. دەبێت خەریکی لایەنە نەرێنیەکان بیت بەقەد خەریکبوونت بە لایەنە ئەرێنیەکان. کاتی هاوین، کاتێکی تایبەتی قوورسە لە تێکەڵەی گەژبینی و ڕەش بینی، لە دەرفەت و هەڕەشە. ژیان چەند سیناریۆیەکی سەیرە! لە دەرفەتەوە بۆ هەڕەشە پاشان بۆ دەرفەت، پێویست ئەکات هەم بە نەرێنی بیربکەیتەوە و هەم بە ئەرێنی. ئەبێت هەر شتێک هەڕەشەت لێ بکات، تۆش هەڕەشەی لێ بکەیتەوە. بیبوژێنەرەوە وەک دایک و پارێزگاری لێ بکە وەک باوک.

پێویستە وەک خرۆکەی لەشمان بین، خرۆکەی سوور ئەمان بوژێنێتەوە و خرۆکەی سپیش کاری شەڕکردنە. پێویستت بە گەشاندنەوە و شەڕکردن هەیە، گەشاندنەوە و توندوتیژی. خرۆکەی سپی، تەنها بیر لە شتی نەرێنی ئەکاتەوە. ئەگەر تۆش، تەنها بیر لە شتی ئەرێنی بکەیتەوە ئەوە کەسێکی ساویلکەی. یەکێک ئەڵێت: من فێرکراوم کە هەمیشە ئەرێنی بیربکەمەوە، ئەوە کارێکی نائاساییە.

ئەبێت سووپاسی خوا بکەین، کە خرۆکە سپیەکان نەرێنیانە بیر دەکەنەوە. هەموو کاتێ خرۆکە سپیەکان بەدوای چییا ئەگەڕێن؟ بەدوای موشکیلە و نەخۆشییدا ئەگەڕێن. خرۆکەی سپی ئەڵێت: نەخۆشییەکم پیشان بدە، با بیکوژم. لەبەر ئەوەی نەخۆشییەکان، لاشەی ئێمە دەکوژن، دەرفەتەکانمان لەناو ئەبەن، داهاتوومان لەناو ئەبەن.

هەرچی هەڕەشەمان لێ بکات، هەڕەشەی لێ دەکەین. ئەبێت دوژمنەکانیشمان ئاوا دیاری بکەین، هەر کاتێ هەڕەشەیان لێ کردین، ئێمەش بە هەڕەشە وەڵامیان ئەدەینەوە. وەک خرۆکەی سپی، هەرچی خراپە دەیکوژێ، هەرچی باشە دەیپارێزێت. ببوژێنەوە وەک دایک، ڕقت لێ بێ وەک باوک. باوک ئەڵێت: هەر کەسێ لە خێزانەکەم بێتە پێشەوە و هەڕەشەی لێ بکات، ئەوا دەیکوژم. مەهێڵە گژوگیاکان باخەکەت بخۆن، دەرفەتەکانت لەناو بەرن. هەندێک سەرقاڵی دوژمنەکانیشت بە. گەورەترین تێکۆشانی ژیان لەنێوان باش و خراپ، دەسەڵاتی زاڵم و دەسەڵاتی دادپەروەر، نەخۆشی و لەشی تەندروست دایە.

ئاگات لە کێشەکان بێت، ببوژێنەرەوە وەک دایک و هەڕەشە بکە لە هەڕەشە کەرەکان وەک باوک. هاوین بەشی سەرەکی برەوپێدانی خوودی خۆتە، ئەبێت لە هەوڵدابیت بۆ گەشەکردنی هەموو بەشەکانی ژیانت وەک پەیوەندیەکانت و پەیوەندی خۆشەویستیت یان خێزانداریت یان بزنز یان هەر شتێک کە بەنرخە لەلات، ئەبێت ئاگات لێی بێت و گەشەی پێ بکەیت، لە هەمان کاتدا ئەبێت پارێزگاریشی لێ بکەیت، ئاوایە ژیان لە هاویندا.

لە پایزدا دروێنەی بکە

پاشان کاتی پایز دێت، کە دەبێ باخەکە بدوریتەوە، بەبێ گلەیی و ڕەخنە گرتن. بەشێکی زۆر گرنگی گەشەپێدانی مرۆییە، دەبێ باخەکە بدوریتەوە، بەبێ گلەیی و ڕەخنە گرتن. بەرپرسیارێتی تەواو بگرە ئەستۆ. هەر ئەم کارە فێربووی، بۆت دەردەکەوێ کە کێشەکان خاک

و ئاو و تۆو و خۆر و موعجیزەی ژیان بەخشین و وەرزەکان نیین، لە کاتی دورینەوەیدا، ئەبێت بەرپرسیارێتی تەواو بگرینە ئەستۆ چونکە ئەوە بەروبوومی تۆیە، بەبێ گلەیی، پاشان بەبێ هیچ پاساو هێنانەوەیەک. بوونییەی مرۆڤ وایە کە بەباشی کارەکەی بکات، پاساوی پێویست نییە وە گلەیش ناکات. ئەبێت بزانی کە جوابەکان هەمووی لەلای خۆتە، وە موعجیزەکانیش لە دەرەوەی خۆت، دەبێ خۆت کاریان لەسەر بکەیت. ئەمە چوار دەرسی گرنگن کە پێویستە بیزانی. لە دوای ئەوە پێویستە بچینە سەر بەشەکانیتری گەشەپێدانی کەسی کە پێویستن لەسەریان بوەستین.

یەکەم: جەستە

پێویستە گرنگی بە جەستەت بدەی، پشتگوێی نەخەی. لە ئینجیلدا ئاماژەیەکی جوانم دیوە، ئەڵێت: لەگەڵ جەستەتدا وەک شوێنێکی پیرۆز مامەڵە بکە. ئەمە ڕستەیەک و ئەماژەیەکی باشە. "شوێنێکی پیرۆز" مانای ئەوەیە کە تۆ زۆر زۆر خزمەتی ئەکەیت، خزمەتی لاشەت بکە وەک شوێنێکی پیرۆز، نەک وەک کۆگای داری بڕاوە. ئەبێت باش خزمەتی بکەین، چونکە تەنها شوێنە کە ئێستا تێیدا دەژین.

زانیاری لەسەر خۆراک: دایکم هەمیشە لەسەر خۆراکی دەخوێندەوە. پاشان ئەو زانیاریانەی دا بە هەموو خێزانەکە و نەوەکانی دوای خۆشی سودیان لێ بینی، چەند میراتێکی باشە! کە فێرببی بایەخ بە لاشەت بدەی.

کلیلێکی ترتان بدەمێ، هەندێ کەس باش نین لە جێ بە جێ کردندا لەبەر ئەوەی هەستکردنیان باش نییە، جاری وا هەیە کەسەکە لێهاتووی و بەهرەکەشی هەیە، بەڵام گرنگییان نەداوە بە خۆیان بۆیە چالاکی و ووزەیان کەمە.

کلیلێکی تر: چالاکی و ووزە، بەشێکی سەرەکی سەرکەوتنە. بۆیە گرنگی بدە بە جەستەت. کەسێک هەیە ئەسپ بەخێو دەکات،

خواردنی ئەسپەکەی باشترە لەو خۆراکەی کە خۆی دەیخوات! زۆر بە ئاگای و بە حساب خواردن دەدات بە ئەسپەکانی، زۆر بە ئاگایە لەوەی کە ئەسپەکانی چی ئەخۆن، زۆر بە ئاگایە لێیان کە چی پێویست ئەکات بیخۆن، لەبەر ئەو زۆر ئاگالێ بونەی، ئەسپەکان وەک ڕەشەبا دەرئەچن و ڕائەکەن.
بەڵام پێویست ئەکات ئەو کابرایە خۆی ببینێ، ئەگەر ١٠ پلیکانە بڕواتە سەرەوە، ئیتر هەناسەی لێ ئەبڕێت.
ئەسپەکانی ئەڵێی ڕەشەبان، کەچی خۆی بە حاڵە حاڵ ١٠ پلیکانە ئەبڕێت، کابرا خزمەتی ئەسپەکانی زیاتر ئەکات وەک لە خۆی. هەندێ کەس خواردنی سەگەکەی باشترە لەو خواردنەی کە دەیدات بە منداڵەکانی!
لە جەستەدا شتێتریش هەیە کە ئەبێت ئاگات لێ بێت. یکێکی تر: ڕوکەشەکەی، هەمیشە یەکەم چاو پێکەوتنت با باش دەرکەویت، چونکە ڕوانینی یەکەم کە لێت وەردەگیرێت ناتوانی پاشان چاکی بکەیتەوە.
یەکێ لە ئامۆژگارییە باشەکان کە ئەمەوێ پێتانی بڵێم لەسەر ڕوکەشتان و دەرکەوتنتان ئەمەیە: لە کتێبە کۆنەکان نوسراوە: خوا سەیری ناوەوەت ئەکات، بەڵام مرۆڤەکان سەیری دەرەوەت ئەکەن. ئەمە زانیارییەکی باشی نایاب نییە!!
ئێستا لەوانەیە بڵێن: خەڵکی نابێت بڕیارت لەسەر بدەن لەسەر چۆنێتی ڕوکەش و دەرکەوتنت. با پێتان بڵێم: ئەیکەن! ئەیکەن! ناتوانی قسە لەسەر ئەوە بکەی کە "ئەبوایە و نەئەبوایە"، ئەگەر نا، ئەوا ئەبێت هەموو ژیانت بۆ ئەو بابەتە تەرخان بکەی. کاتێ یەکەم جار چاوت بە یەکێ دەکەوێ، یەکەم شت ئەوان تۆ هەڵئەسەنگێنن بەوەی کە ڕوکەش و دەرەوەت چۆنە؟
ئامۆژگارییەکی تر: تەئکید بکەرەوە لەوەی کە دەرەوەت کاردانەوەی ناخت بێت. تەندروستبن، کەمێک خۆتان فێری خۆراک بکەن، خواردنی تەندروست بخۆن.

دووەم: ڕۆح

بەشێکی تر لە گەشەپێدانی کەسی، بەشی ڕۆحانییەتە، من حەزم لە مەسائیلی ڕۆحییە. من باوەڕم وایە کە مرۆڤ زۆر لەوە زیاترە کە بەس لەسەری بێت بژی و تەواو، بەراورد بە ئاژەڵەکان و زیندەوەرەکانیتر، من باوەڕم وایە کە مرۆڤ دروستکراوێکی تایبەتییە. ئەمە بیرو بۆچونی خۆمە، پێتان ناڵێم کە ئەبێت باوەڕتان پێی هەبێت وەک من. بەڵام ئەوەی من ئەمەوێ پێتی بڵێم ئەمەیە، ئەگەر باوەڕت هەیە بە ڕۆحانییەت، ئەوا دیراسەتی بکە و بەکاری بهێنە. شتە بەنرخەکانت پشتگوێ مەخە، ئەوانەی کاریگەریان لەسەر ڕەوشتت هەیە. ئەگەر باوەڕت بە ڕۆحانییەت هەیە، ئەوا دیراسەتی بکە و بەکاری بهێنە، تەمەڵ مەبە لە دیراسەتکردنیدا ئەگەر باوەڕت پێی هەیە، ئەمە باشترین ئامۆژگاریمە لەسەر لایەنی ڕۆحی.

سێیەم: دەروون

بەشێک لە پەرەپێدانی کەسێتیت، بریتییە لە پەرەپێدانی حاڵەتی دەرونیت. چون بۆ فێرگەکان، بۆ فیربوون و دیراسەتکردن و گەورەبوونە، لەناو ئەمانیشا گەشەپێدانی مرۆیی کاتێکی زۆری ئەوێت.

کاتێکی زۆر زۆری ئەوێت وەک ئەوەی دابینمان کردوە بۆ ئەم سیمینارە. فێربوون کاتی ئەوێت. ناتوانی لە ٢٠ خولەکدا سیمینارێک کۆتای پێ بهێنی، بەتایبەتی مرۆڤ کاتی زیاتری ئەوێت لە هەموو بوونەوەرەکانی تر هەتا فێری بکەی. لە ئەفریقا کاتێک ئاژەڵێک لەدایک ئەبێت چەنی ئەوێت بۆ ئەوەی فێربێت ڕابکات، هەتا ئاژەڵە دڕندەکان نەیخۆن؟ تەنها چەند دەقەیەک! هەر کە لەدایک ئەبێت یەکسەر هەوڵئەدات بکەوێتە سەر پێ، بەڵام ئەکەوێت و هەڵئەستێتەوە، وردە وردە هەتا لەسەر دوو قاچی لەرزۆک بجوڵێت، پاشان دایکیشی پاڵی پێوەدەنێ. دایکی وادەکات بۆ ئەوەی بکەوێتە سەر قاچ، چونکە شێری لێیە. ئەکەوێتەوە و هەڵئەستێتەوە، دایکەکە

پاڵپیێوە ئەنێتەوە بۆ ئەوەی قاچەکانی بەهێز بکات، منداڵەکە دەڵێ: چەنێک کاتم هەیە بۆ ئەوەی قاچەکانم بەهێز بکەم؟. دایکەکەش ئەڵێ: کاتێکی زۆر کەم. نە ڕۆژێک و نە سەعاتێک، تەنها چەند دەقیقەیەک.

بەڵام کۆرپەلەی مرۆڤ، لە دوای ١٦ ساڵیشەوە تەئکید نین لێی، کاتێکی زۆر زۆرە ئەمە. بۆیە، کاتی ئەوێت بۆ گەشەپێدانی مرۆیی و گەشەپێدانی لایەنی ڕۆحی و چاککردنی لایەنی جەستەییمان، ئاواش کاتی ئەوێت بۆ گەشەپێدانی لایەنی دەرونی. خواردن بەین بە مێشکمان، مێشکمان ببوژێنینەوە، هەندێ کەس زۆر کەم ئەخوێننەوە، بەهۆیەوە توشی ئیفلیجی مێشک هاتوون. ناتوانن موناقەشەیەکی بەهێزت لەگەڵا بکەن لەسەر باوەڕە تایبەتیەکانیان. یەکێ لە واجبەکانی سەرشانی دایک و باوک ئەوەیە کە منداڵەکانیان ئامادە بکەن بۆ دیبەیت کردن لەسەر کێشە گەورەکانی ژیان. ئەبێت ئامادە بێت بۆ دیبەیت کردن، ئەم ٢٠ ساڵەی ڕابردومان سەرفکرد بە دیبەیت کردن لەسەر کۆمینیزمی. کۆمینیزم ئەڵێ: سەرمایەی وڵات ئەبێت لە دەستی دەوڵەتدا بێت. بەڵام ئێمە ئەڵێین: سەرمایە دەبێ لە دەستی خەڵکیدا بێت. کۆمینیزم ئەڵێ: خەڵکی زۆر نەفامن، نازانن چی لە پارە بکەن کە پێیان بێت، ئەبێت ئەو پارەیە لەو کەسە بێ ئەقڵانە بسەنیتەوە و بیدەیتە دەست دەوڵەت و ئەوان زیرەکن، پاشان دەوڵەت با هەموو ئیشەکان بەڕێوە بەرێت وە خەڵکیش لەکاتی خۆیدا بێت بۆ ئیش و کاری خۆیان بکەن.

کۆمینیزمەکان بە منداڵەکان دەڵێن: باشە وابێت؟

- نەخێر، ئەبێت خەڵک دەسەڵاتی پارەی خۆی هەبێت، با دەوڵەت خزمەتکاری خەڵک بێت، نەوەک خەڵک خزمەتکاری دەوڵەتبن. ئەبێت ئێمە ئاگامان لەم بیروباوەڕ و فەلسەفانە بێت. ئەبێت یەکێ لەم فەلسەفانە هەڵبژێرین، بەڵام ئەرکی دوای ئەوەمان ئەوەیە کە پارێزگاری لێ بکەین. ئەگەر نەتوانی پارێزگاری لە هەڵوێست و شتە بە بەهاکانت بکەی، ئەوا دەبێ پەیڕەوی ئەو فەلسەفە و ڕێبازە بکەی کە حەزت لێی نییە.

پێویستە یارمەتی منداڵ و هەرزەکارەکانمان بدەین کە بتوانن دیبەیتی کێشە گرنگەکان بکەن وەک کێشە کۆمەڵایەتیەکان و سیاسیەکان و کێشە ئاینیەکان و ڕۆحییەکان و کێشە خۆراکییەکان و ئابووریەکان. لەگەڵ هەموو کێشەکانی تر، لەپێناو بەدەست هێنانی ئەو ژینگە و ژیانەی کە ئەمانەوێت. پێویست ئەکات ئامادەبین، تەنها بە لایەنی جەسەدی و ڕۆحییەکەمان تەواونابێت، بەڵکو دەبێت لە لایەنی دەرونییەوە خۆمان ئامادەکەین، ئەوەی کە مامۆستاکەم کاری کرد لەگەڵم، لە لایەنە دەرونیەکەوە بوو، فێریدەکردم کە دەبێت فەلسەفەی باش بەکاربهێنم، پاشان چۆن بتوانم پارێزگاری لە شتە گرنگ و بەنرخەکانم بکەم.

با بزانین چیمان پێویستە بۆ گەشەپێدانی لایەنی دەرونی؟
یەکەم: پێویستمان بە کتێبخانەیەکە. مامۆستاکەم یەکەم شت لە دانانی کتێبخانەوە دەستی پێکرد لەگەڵم. پێی گوتم کە لە کتێبی (Think and Grow Rich – بیر بکەرەوە و دەوڵەمەند ببە) دەست پێ بکەم. ئەم کتێبە لەلایەن Napillion Hill نوسراوە. مامۆستاکەم وتی: هەست ناکەی پێویست ئەکات ئەم کتێبە بخوێنیتەوە؟ منیش وتم: بەڵێ وادەردەکەوێ.
پاشان دۆزیمەوە لە کتێبخانەیێکی دەستی دوو، کە بەکارهاتبوو. بە ٥٠ سەنت کەمتر کڕیم، هێشتاش مامە، یەکێکە لە کتێبە تایبەتیەکان. مامۆستاکەم ووتی: کتێبخانەیێک دابنێ، ژیانت ئەگۆڕێت. بەڕاستی قسەکەی ڕاست بوو. هەرماڵێک، نرخی لەسەرو ٢٠٠،٠٠٠$ دۆلارەوە بێت بەتەئکید کتێبخانەیێکی تێدایە، سەیرنییە بەلاتەوە؟
ئەمە شتێکت پێ ناڵێت؟ ئەم ڕستەیە فێرت ناکات؟ لەوانەیە بڵێی: من خانووی ٢٠ دەفتەر دولاریم پێ ناکڕدرێت. منیش ئەڵێم: پێوانەی ماڵەکەت کێشە نییە، ئەو شوێنەی کە تیایدا دەژی ئێستا، ڕەفەیەکی کەنتۆرەکەت پاک بکەرەوە و ناوبنێ "کتێبخانەکەم". بە زیرەکانە هەڵسوکەوت بکەن. دەست پێ بکە لەو شوێنەوە کە من دەستم

پێ کرد. دانانی کتێبخانەیەک. کتێبخانەکەت دەریدەخات کە تۆ کەسێکی زۆر جددیت بۆ ژیان، تەندروستی، لایەنی ڕۆحی، کەلتور، بابەتی ئابووری، خۆشگوزەرانی خۆت، لایەنی وەبەرهێنان، چالاکی فرۆشیاریت، لێهاتوویت بۆ بەڕێوەبەرایەتی و، هەموو لایەنەکانی تر. با کتێبخانەکەت دەری بخات کە تۆ خوێندکارێکی جددیت. تەمەڵ و بێباک مەبن بۆ فێربوون، زانیاری کلیلەکەیەتی. فێربوون، دەستپێکی دەوڵەمەندییە. دەستپێکی تەندروستێکی باشە، دەستپێکی خۆشگوزەرانییە. فێربوون، دەستپێکی دیموکراسی و ئازادییە. هەموو بەهاکانی ژیان لە فێربوونەوە دەست پێ دەکەن. بۆیە نابێت تەمەڵ بیت لە فێربوون و کۆکردنەوەی کتێبدا، لەبەر ئەوەی ڕێنیشاندەر و یارمەتیدەرت ئەبێت. دوای ئەوەی ئەو کتێبەم کڕی، هەندێ زانیاری تێدا بوو کە هانیدام و پاڵپێوەنام کە ژیانم بگۆڕم. بەڵام هەندێ بابەتی سەیر دەبینن لەو کتێبەدا، لەبەر ئەوەی نوسەرەکەی کەسێکی سەیر بوو. پێویست ئەکات ئەو شتە سەیرانەی ناوی بتوانن جیا بکەنەوە (واتا شتە بێ سودەکانی). مەگەر خۆشت کەسێکی سەیر بیت وەک ئەو، نەتوانی ئەو شتانە جیا بکەیتەوە.

بە هەرحاڵ، بیرتان نەچێت: قەت شوێن کەوتووی کەس مەبن، بەڵکو ببن بە خوێندکاری. ئەمە کلیلی هەموو کتێبێکە، مەبە شوێنکەوتەی بەڵکو ببە بە خوێندکاری کتێب. کتێبێکی تر کە پێی وتم بیکڕم، کە یارمەتیدام بۆ ئەوەی کە لە لایەنی دارایییەوە زۆر بگۆڕێم، کتێبەکە بەناوی (the richest man in Babylon - دەوڵەمەندترین پیاوی بابل. نوسەرەکەی (George clason)ە. ئەمە فێری گەنج و هەرزەکارەکانی ئەکات، کە چۆن پێش ٤٠ ساڵی بتوانن ببن بە خاوەنی ژیانێکی سەربەخۆ، ئەگەر تۆزێ زیرەکتر بیت ئەوا لە ٣٥ ساڵیدا، تەنانەت زوتریش ئەگەر هەلی باشت دەستکەوێ. من لە ٣١ ساڵیدا بووم بە ملیۆنێر. هەلێکی تایبەتیم دەست کەوت.

دەست بکە بە کتێبخانە دانان و کتێب خوێندنەوە. هەندێ کتێب هەیە کە دەبێت بیکڕی، پێیان ئەوترێت: خۆراکی مێشک، هەروەها

پێشی ئەڵێین: خواردن و خۆراک بۆ بیرکردنەوەکانمان. چۆن پێویست ئەکات جەستەمان ببوژێنینەوە، ئەبێت ئاواش مێشکمان ببوژێنینەوە و گەورەی بکەین.
کلیلێکی تر: دەبێ گەشەکردنی هەردوکیان بە یەکسانی ڕابگرین. هەندێک ئەڵێن: من تەنها شتی ئەرێنی ئەخوێنمەوە، ناتوانی تەنها لەسەر شیرینیەکانی مێشک ئیش بکەی. ئەوە ئاستێکی دەرەجە دووە، ئەبێت واز لەو بیرۆکەیەت بهێنی. نابێت تەنها پاڵت پێوە بنرێت و هان بدرێیت، ئەبێت فێریش بکرێیت. نەوەک بەس پاڵت پێوە بنرێت، پیویست ئەکات خۆت ڕۆشنبیر بکەیت. کتێبێکی تر بە ناوی (how to read a book – چۆن کتێبێک ئەخوێنیتەوە)یە، کتێبێکی زۆر باشە، نوسەرەکەی (Mortimer Adler)ە. نوسەری ئەم کتێبە، یەکێکە لە دانەرانی ئینسایکلۆپیدیای بریتانیکا یە (Encyclopedia Britannica) هەنێ کتێبی باشن ئەگەر هەتبێت لە کتێبخانەکەتدا، نوسەرەکەی لە تەمەنی ٨٠ساڵیدایە، هێشتا زۆر بە چالاکانە خەریکی نوسین و کتێب چاپکردنە. هەندێ کتێبی ئەوم هەیە وەک (the six great ideas – شەش بیرۆکە مەزنەکە). لە کتێباکەیدا بە ناوی چۆن کتێبێک ئەخوێنیتەوە، فێرت ئەکات کە چۆن زۆرترین سود ببینی لە کتێبێک، چۆن باشترین زانیاریەکانی لێدەر بهێنی، فێری تەکنیکەکانت ئەکات. هەروەها شتێکی زۆر گرنگی نوسیوە لە کتێبەکەیدا، لیستی باشترین کتێبەکان کە نوسرابێت هەتا ئێستا من ئەو کتێبە وەک گرنگترین پارچەی کتێبخانەکەم داناوە، ئەوەی من داوای ئەکەم سەیرێکی بکەن، ئەگەر لەگەڵ تۆیا گونجا، ئەوە باشە، ئەگەر نەگونجا، بگەڕێ بەدوای دانەیەکدا کە بگونجێ لەگەڵت.
ئاگادارbن، باش هاوسەنگی ڕاگرن, با هەندێک باسی ئەو شتانەی کە دەبێ هاوسەنگیان ڕابگرین بکەین، یەکێکیان بریتییە لە "مێژوو". دەبێ لە مێژوو بزانین، وەک مێژووی ئەمەریکا، مێژووی جیهان، مێژووی خێزانەکەمان، مێژووی سیاسی. دەرسێک کە لە مێژووەوە فێری بووم،ئەوەیە: دەرفەت تێکەڵە لەگەڵ هەوڵ و تێکۆشان. جا مێژووی ١٠٠٠ یان ٣٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر بخوێنیتەوە، هەمووی هەمان

شت دەڵێت، ئەمە هەرگیز نەگۆڕراوە. دەرسێکیتر ئەوەیە: بۆ گۆڕانی واقعەکان، پێویست ئەکات خۆم بگۆڕێم. مێژوو یارمەتیمان دەدات کە تێبگەین پێشکەوتن چۆن ئەکرێت، چ شتێک گرنگە کاری لەسەر بکەین، لە باران و تۆو و خۆر و خاک هەروەها خەڵکانی پێشوو چۆنیان ئەم شتانە بەکارهێناوە؟ چەند کەس لەو سەردەمانەی پێشو وەک من لە تەمەنی ٤٥ساڵیدا لەسەر ڕێگەیەکی هەڵە بووە؟ ببە بە خوندکارێکی باشی مێژوو. کتێبێکی باش هەیە بە ناوی "دەرسەکانی مێژوو"، نوسەرەکەی "دورانت"ە. ئەم کتێبە تەنها ١٠٠ لاپەڕەیە. بەڵام زۆر جوان نوسراوە. شتت زۆر فێردەکات.

وە هەروەها فەلسەفە، (دورانت) کتێبێکی زۆر باشی لەسەر فەلسافەش نوسیوە، بەناوی "فەلسەفەی چیرۆک". باس لە فەلسەفەچیە بەناوبانگەکانی مێژوو دەکات کە کۆکراوەی فەلسەفەکانی چەند سەد ساڵی ڕابردووە، زۆر لێوەی فێربووم. ئەمانە لەوە دەکات قورسبن بەلاتەوە، بەڵام بە خوێندنەوەی شتی ئاسان فێرنابیت. ئەم تێبینییە بنوسن: تەنها شتی ئاسان مەخوێنەوە، چونکە گەورە نابیت و ناگۆڕێیت وگەشە ناکەیت، بەڵکو بابەتی قورستر دابنێ و بیخوێنەوە. پاشان ڕۆمان و چیرۆک، هەندێ کات نوسەر ئەتوانێ بەهۆی چیرۆکێکی سەیرەوە، سەرنجت ڕاکێشێت، بەهۆیەوە مەبەستێکی فەلسەفی خۆیت پێ بدات، کە ئەیەوێت فێری خوێنەری بکات، لەو کارەشدا ئەوان لە هەموو کەس باشترن. یەکێ لە ڕۆمانە سەرنج ڕاکێشەکان (Atlas Shrugged)، بەڵام نوسەر هەموو جارێ لە کتێبەکانیدا فەلسەفەکانی خۆیمان پێ ئەنۆشێت. جا ئەگەر ڕازیت یان نا، بەڵام دانیپیادەنێم کە لەو کارەدا زۆر باشە، بەناو دایەلۆگ و قسەی بەینی ئەکتەرەکان، دەتبات و دەوهێنێتەوە.

ئامۆژگارییەکی تایبەتیم وەرگرن: لە زبڵ و خاشاکی هیچ کتێبێک هەڵمەگرن. هەندێک کەس دەڵێن: لە کتێبی خراپ و پیسیشەوە ئەتوانیت ئیستیفادە بکەیت. من شتی وام نەکردوە، چونکە لەناو تەنەکە خۆڵدا ئەتوانی وورده نان بدۆزیتەوە، بەڵام شتی وا ناکەم.

ئەگەر کاتت نییە بۆ خوێندنەوە، تەنها هەوڵبدە شتە باشەکانی تیا بپاڵێوە و خراپەکان بپەڕێنە. ئەمە نەسیحەتێکی شەخسی خۆمە بۆتان، کە شتە بێ بەهاکانی بپەڕێنن، بەم جۆرە پێش دەکەون.

پاشان، خوێندنەوەی ژیاننامە و چیرۆکی کەسە سەرکەوتووەکان و کەسە سەرنەکەوتووەکان. لە ١٠٠ ساڵەی ڕابردودا ژیاننامەی زۆرمان بەردەست کەوتووە. یەکێک لە هەرە کتێبە باشەکان، تەوڕاتە. کتێبێکی زۆر تایبەتییە، چیرۆکی زۆر باشی تیادایە لەسەر کەسە سەرکەوتووەکان، و کەسە سەرنەکەوتووەکان. بە هەندێکیان ئەڵێت: نمونەییەکان، بەڵام ئەوانیتر بە: پەند و عیبرەت ناودەبات. بۆیە لە ژیاننامەی کەسەکانەوە فێری شتی باش دەبین، وە ئاگادار و وووریا دەبین لە شتە خراپەکانیش. شوێن فەلسەفەکانیان بکەوە، شوێن ئامۆژگاریەکانیان بکەوە. هەروەها ئەگادارمان دەکاتەوە، باسی ئەو کەسانە دەکات کە ژیانی خۆیان بەفیرۆداوە و تێکیانداوە لە خۆیان، هەردوو لایەنی سیناریۆکە وەک یەک گرنگە کە بیزانی.

ئەم تێبینییە بنوسن: ئەگەر لەم جۆرە کتێبانەت هاتە بەردەست، چاو لە کەسە خراپەکانی مەکە، بەڵکو چاو لە کەسە باشەکانی بکە. پێویستمان بە باڵانسی نێوان باش و خراپ هەیە. لایەنی خراپ و لایەنی باش لە ژیاننامەکاندا. بۆ نمونە، پێویستت بە ژیاننامەی غاندی یە و پێویستت بە ژیاننامەی هیتلەر هەیە، یەکێکیان ئەوەمان پیشان ئەدات کە مرۆڤ تا چەنێک ئەتوانێت بەرزببێتەوە، ئەوەکەیتریان ئەوەمان پیشان ئەدات کە مرۆڤ تا چەنێک ئەکرێ ببێ بە کەسێکی بێ بەها و نامەرد. پێویستمان بە سیناریۆی هەردوو لاکەیە.

پاشان، کتێب لەسەر ژمێریاری. پێویست ئەکات بناغەیێکت هەبێت لەسەر ژمێریاری. پێویست ئەکات منالان فێری جیاوازی نێوان کرێدیت و قەرز بکرێن.

پاشان، کتێب لەسەر یاسا. ئەبێت هەندێ قانونی بناغەغەیی بزانین، پێویست ناکات هێندەی پارێزەرێک بزانی. بۆئەوەی کاتێک پەیمان نامەیەک ئیمزا دەکەی، بزانی ئیمزای چی بکەیت و ئیمزای چی نەکەیت. بۆ ئەوەی خۆت بپارێزیت، پێش ئەوەی توشی کێشە ببیت.

بۆیە هەموو پێویستمان بە هەندێ یاسا هەیە بیزانین، نەوەک بەقەد پارێزەرێک. بەتایبەتی لەم ڕۆژگارە ئاڵۆزانەدا چونکە هەموو کێشەیەک دەچێتەوە ناو دادگا. من دەرسێکی باشم پێدراوە لەسەر ئەمە، با بۆتان باس بکەم. چەندەها ساڵ پێش ئێستا، کۆمپانیایەک ویستی قەرز وەربگرێت لە بانک، بانک وتی: ئێمە کێشەمان نییە، ئەتوانین ئەو قەرزەتان بدەینێ، ئەگەر جیم ڕۆن ببێ بە کەفیلی ئەو پارەیە و ئیمزامان بۆ بکات. منیش ویستم خۆم دەربخەم بەهۆیەوە، وە ئەشمزانی کە کۆمپانیا ئەتوانێ بیداتەوە. ٢٥٠،٠٠٠ دولار بوو. منیش ئیمزام کرد و وتم کێشە نییە، لە ماوەی ساڵێک کەمتر پارەکەیان دایەوە بە بانک، ئێستا من بووم بە پاڵەوانی گۆڕەپانەکە. پاشان دوای ساڵێک ئەم کۆمپانیایە کەوتە ئەزمەی ئابووریەوە. چونەوە بۆ بانک، ٢٥٠،٠٠٠ دۆلاریتریان داواکردبوو، دوبارە من لە دڵی خۆما ئەمووت: هیوام وایە کە تەلەفۆنم بۆ نەکەن، چونکە من شتیوایان بۆ ئیمزا ناکەم ئەم جارە، چونکە ئەمزانی کە لە حاڵێکی زۆر خراپدان. ئەمزانی کە کۆمپانیاکە لەسەر ئیفلاس کردنە، بە خۆش حاڵییەوە تەلەفۆنیان بۆ نەکردم. دڵم زۆر خۆش بوو. پاشان دوای ساڵێک، کۆمپانیاکە ئیفلاسی کرد، نەیانتوانی پارەکە بدەنەوە، پاشان لەلایەن بانقەوە، نامەیەکم بۆ هات تیایدا نوسرابوو: بەڕێز جیم، لەبەر ئەوەی ئەو شەریکەیە ناتوانێ پارەکەی بداتەوە بە بانق. وە ئیمزای جەنابتمان لەلایە کە کەفیلیت کردون. بە ئەرک نەبێت ئەتوانی ئەو پارەیەمان بۆ بگەڕێنیەوە. منیش وتم: بۆستن، بۆستن. هەڵەیەک هەیە لێرەدا. من ئیمزای قەرزە کۆنەکەیانم کردە، ئەوانیش هەموویان دایەوە. من ئیمزای قەرزی ئاخیریانم نەکردوە. بەڵێ، ئەوەی کە من نەمدەزانی ئەوە بوو کە لە ڕێکەوتن نامەکەدا نوسرابوو: گرێنتی بەردەوام. ئێستا هیچ نەبێت فێربووم کە مانای بەردەوامی چیە!! بۆیە پێتان ئەڵێم کە تۆزێ دیراسەتی یاسا بکەن و بزانن چی ئیمزا دەکەن. فێربن کە چۆن پارێزگاری لە خۆتان دەکەن. بڵێ با بیخوێنمەوە پاشان ئیمزای دەکەم، بەخێرای ئیمزای مەکە.

ببە بە خوێندکار، تەمەڵ مەبە لە فێربووندا. فێربە پارێزگاری لە لەشت بکەی و بزانە چی دەرخوارد دەدەیت. چۆن گەشەدەکەیت و لەهامان کاتدا ئاگات لە دوژمنەکەت بێت. کتێبخانەکەت دەریدەخات کە تۆ خوێندکارێکی جددیت لەسەر پەیوەندی بەستن، لیهاتووی لەبارەی ئابووری و، هەموو بابەتەکانیتر کە باسمان کرد.
پاشان، ئێستا قسە لەسەر بابەتی ئابووری دەکەین. لە ئابووریدا، بە تایبەتی ڕوی دەمم لە منداڵە، کە فێرببن چۆن لەلایەنی ئابوورییەوە سەربەخۆ ببێت. لە ماوەی ١٩ ساڵی ڕابردووەوە قسە بۆ منداڵان دەکەم، کە چۆن ببنە خاوەنی هەموو شتێک پێش ٤٠ ساڵی، ئەگەر زیرەک بیت، ئەوا پێش ٣٥ ساڵیش، لەوانەشە زوتر ئەگەر هەلێکی تایبەتیت بۆ بێتە پێش.
پاشان، لەسەر کەلتور بخوێننەوە. ئەم بەشە فەرامۆش مەکەن. کەلتور بریتیە لە قوماشی نەتەوەیەک، کەلتور ئەوەیە جیای کردوینەتەوە لە ئاژەڵان، کەلتور ئەوەیە کە جیامان دەکاتەوە لە کەلتوری وەحشیەکان، لە بواری هونەر و مۆسیقا و هەرشتێک کە پەیوەستە بە کەلتورمانەوە. بەس کردنەکە ئەبێت بە دڵ بێت. حەزبکەی فێری ببی.
ئاخر بابەت، لایەنی ڕۆحانیە. لە تەوڕات و هەموو کتێبە ئایینیەکانی ترەوە فێرببە و بییانخوێنەرەوە، ئەگەر تۆ کەسێکی باوەڕداری بیخوێنە و بەکاری بهێنە. با کتێبخانەکەت دەری بخات کە قوتابییەکی جددیت.
پاشان، دەفتەرێک دابنێ. مامۆستاکەم پێی وتم: جیم، کارەکە بەوە تەواو نابێ ببی بە قوتابی و بەس. بەڵکو دەفتەرێک دابنێ کە فکرە و ئامۆژگارییە باشەکانی تێدا بنوسیەوە. پێی وتم: سیقەت بە مێشکی خۆت نەبێت، هەرشتێکی باشت بینی لەسەر هەر بابەتێک بینوسەرەوە. ئەگەر گوێت لە شتێکی باش و گرنگ بوو لەسەر هەر بابەتێک، بەپەلە بینوسەرەوە. جاران کە شتێکی باشم ببیستایە، لەسەر پارچە وەرەقە و پشتی نامە و لەسەر وەسڵی دوکانەکان و وەرەقەی جۆراو جۆر دەمنوسییەوە، پاشان بۆم دەرکەوت کە باشترین شوێن دەفتەرە.

لە تەمەنی ٢٥ ساڵیمەوە دەفتەر بەکار ئەهێنم. گرنگترین بەشی فێربوونمە، وە پارچەیەکی زۆر گرنگی کتێبخانەکەمە. بە منالان ئەڵێم: کتێبی بەتاڵ بکڕن. منالەکان سەیریان لێدێت کە بۆچی پارە بدەن بە کتێبێکی بەتاڵ!! منالەکان ئەڵێن: چی؟ ٣٦ دۆلار بدەین بە کتێبێکی بەتاڵ؟ لەبەر ئەوەی ئەمەوێ خۆم شتێک بنوسم تێیدا کە لە ٣٦ دۆلار بەنرختر بێت؟ ئەگەر هەریەکێ لە دەفتەرەکانم بخوێنیتەوە دەڵێیت: ئەمە لە ٣٦ دۆلار زۆر بەنرخترە.

ئەڵێیت: من دانیپیادەنێم کە دەفتەرەکەی جیم ڕۆن دەریدەخات کە خوێندکارێکی چەندە جددییە. بەس تەنها گرنگی نەداوە بە کارەکەی، بەڵکو گرنگی داوە بە لێهاتووەکانی، تەندروستی و هەموو بەشەکانیتری ژیان. گرنگی داوە بە لێهاتووی لە باشتر بەکارهێنانی خاک و باران و هەتاو، وە گۆڕیویەتی بۆ داهات و خۆشگوزەرانی و سەروەت و باشکردنی پەیوەندیەکانی بەڕێوەبردن و کاری فرۆشیاری و هەرچتێکیتر کە گرنگە بەلامەوە. لەلای خۆم ناوم بردوە بە یەکێ لەو سێ سەروەتەی کە لە پاش خۆت بەجێی دەمێ نێت. ئەو سێ شتانەی کە لە پاش خۆت بەجێیان دەهێڵی: یەکەم وێنەکانتە. وێنەی زۆر بگرە. بۆ ئەوەی سەیری نەوەکانی ڕابردوو بکەین، تەنها ئەوەی لەبەر دەستدایە، وێنەکانن. وێنەکان زۆر یارمەتیدەرن لە باسکردنی چیرۆکەکانی ئەو کاتە. وەک ئەڵێن: یەک ڕەسم قیمەتی، ١٠٠٠ ووشەی هەیە. بۆیە تەمەڵ مەبن بۆ هێشتنەوەی یادگاری و بۆنەکانتان. چەنێکی پێدەچێ بۆ ئەوەی ڕەسمێک بگریت؟ سانیە کەمتر. کەواتە چەنێکت ئەوێت بۆ ئەوەی لەقتەیەکت لەکیس بچێت؟ سانیە کەمتر. بۆ سیمینار پێشکەشکرد چوم بۆ تایوان، زیاد لە ١٠٠٠ کەسی لێ بوو. بەبۆچونی ئێوە، چەند کامێرەی لێ بوو؟

-١٠٠٠ کامێرەی لێ بوو، هەمووی کامێرەی خۆی هێنابوو، بۆ ئەوەی ئەو بۆنەیەیان لەکیس نەچێت. کاتی ڕەسم گرتنەکەم زیاتر بوو لە کاتی دەرس وتنەوەکەم. دوگمەیەکە دەستی پیابنێ و خەزنی بکە. بۆنەکان لەکیس خۆت مەدە. دوای ئەوەی ئەمریت، یەکێ لەو شتانەی بەجێی دەهێڵیت، وێنەکانتە.

دووەم: کتێبخانەکەتە. ئەو کتێبخانەیەی کە کۆتکردۆتەوە و فێری کردویت و ڕێنیشاندەرت بووە، یارمەتیدایت کە بتوانی بەرگری لە بیرۆکەکانت بکات، وە فەلسەفەی باش دروست بکەی بۆ ژیانت، کە یارمەتی داویت بۆ ئەوەی ببی بە کەسێکی بەهێز و کاریگەر و کامڵ و تایبەتی. یارمەتیداوی بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەک، یارمەتیداویت بۆ نەهێشتنی فەقیری، کە یارمەتی داویت بۆ ئەوەی لە کۆڵانێک و کەسانێکی دواکەوتوو دوربکەویتەوە. ئەو کتێبانەی کە خۆراکی مێشک و ڕۆحت بوون و ڕێنیشاندەرت بوون. جێهێشتنی مەکتەبەیەکی وەها، باشترین سەروەتە کە بەجێی بهێڵی لەپاش خۆت. بناغەی هاتنە دەرەوەیە لە تاریکی و هەنگاوانە بەرەو ڕوناکی. کتێبەکانت زۆر زۆر بەنرخترن لە قەنەفە و ماڵەکەت. کتێب. کتێب. کتێب.

سێهەم: دەفتەرەکانت. ئەو بیرۆکانەی کە نوسیونەتەوە و بەکارت هێناون. ئەو تێبینیانەی کە نوسیونەتەوە لە سیمینار و کۆبونەوەکان، پاشان نوسیوتەتەوە بۆئەوەی بچیتەوە پێیدا. وشەکان زۆر کاریگەرن، لە ووشەکانی گۆرانییەکانەوە فێر ببە، بۆیە گۆرانیەکان ئەخەینە سەر کاسێت هەتا جارێکیتر گوێی لێ بگرینەوە، ئەگەر گۆرانیەکی باشت گوێ لێ بوو، ناڵێیت: بەسە ئیتر. حەزناکەی کە گوێت لێ بێت و گوێت لێ بێتەوە؟!! بهێڵە ئەو گۆرانییە فێرت بکات و ڕێگەیەکت نیشان بدات و بهێڵە با بتباتە دنیای ئیحساسەوە. بۆیە زۆر گرنگە لە پاشت دەفتەرەکانت بەجێ بمێنێ، ئەو ئەزمون و لێهاتووی و فیکرانەی کە کاتێکی زۆرت بۆ تەرخانکردبوو بۆ کۆکردنەوەی، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە تۆ خوێندکارێکی جددیت.

ڕەسم گرتن، ئەمە ئاسانە. کتێب کڕین لە کتێبخانەکان، ئەمە زۆر ئاسانە. بەڵام گرنگی لەوەدایە کە ببی بە خوێندکاری دروستکردنی ژیان و داهاتو و ڕێڕەوی ژیانت، ببە بە خوێندکار بۆ وەرگرتنی تێبینیەکانی گەشتی ژیانت. لە کۆتایدا زۆر خۆش حاڵدەبی بەو کارەت. ئەمە چ سەروەتێکە، دەفتەری گەشتی ژیانت لە پاشت بەجێ بمێنێ!! جارێکیان چوم بۆ کەنیسەیەک لە کالیفۆڕنیادا. لەو شارەی کە کتێبی

یەکەمم تیا نوسیوە، بە ناوی: وەرزەکانی ژیان. یەکەمجارم بوو بچمە ئەو کەنیسەیەوە، ڕۆژی یەک شەممە بوو، نزیکەی ١٥٠ کەسی تێدا بوو، وتارێکی زۆر کلاسیکی تیا باسدەکرا، کە یەکێک بوو لە باشترین ووتار کە بیستبێتم لە ژیانمدا. کەچومە ژورەوە، دەفتەرەکەمم پێ بوو کاتێک دەستکرا بە وتاردانەکە، زۆر سەرنج ڕاکێش بوو. چونکە زۆر جیاواز و بەسوود بوو. کاتێک دانیشتبووم، تێبینیم ئەنووسی لە دەمی ووتاربێژەکەوە. تەسەوڕ ئەکەن چەند کەس تێبینیان ئەنووسی؟ بە نزیکەیی؟ من تەنها کەس بووم کە تێبینیم دەنووسی لەو شوێنەدا. وەک شتێکی نامۆ دەردەکەوت، من یەکەم جارم بوو لەو شوێنەدا هەروەها تێبینیم لێ وەردەگرت. خەڵکی دەستیان کرد بە سەیرکردنم و گومانی خراپیان پێ دەبردم، تۆزێ هەستم بە نارەحەتی ئەکرد، هەموو وایان دەزانی جاسوسم. لە یەکێکم گوێ لێ بوو ووتی: ئەم کابرایە بەو زانیاریانەوە ئەچێتە دەرەوە لێرە. بەڵێ! من تەنها کەس بووم کە بە زانیارییەوە چومە دەرەوە لە کەنیسەکە. لێت داوا ئەکەم، لەمەودوا زۆر ڕاستگۆتر و دڵسۆزتربن، زیاتر پەیوەستبن بە بەرەوپێش بردنی فەلسەفەکانتان، ئەم ساڵ بکە با باشترین ساڵی ژیانت، پاشان خۆت ئامادە بکە بۆ ئەوەی ساڵی دواتر ببێ بە باشترین ساڵی تەمەنت. ئەمە ئیتر کە دەستی پێکرد، هەموو ساڵێکت باشتر و باشتر ئەبێت. ئەم کارەش زۆر ساکارە، ئەتوانی دەست پێبکەی بە پیاسەکردنێکی دەوری ماڵی خۆت، یان چاک کردنی فەلسەفە خوودییەکانت و زانیاری باش فێری خۆت بکەی، من تەنها ئەوەنەم پێدەکرێت کە چەند ئەزموونێکی خۆمتان بۆ باس بکەم، بەڵام ئەوەیتری لە دەست خۆتاندایە. بەوەی کتێب و شتی باش بکڕیت کە لێوەی فێربیت، وەک گفتوگۆیەک یان گۆرانییەک یان پەخشان و شعرێک یان فلیمێک. دەروونت بخەرە بەر هێرشی ووشە، ئەمە بەشێکی گەشەپێدانی خۆتە.

ئایە ئەمانە شتی باش نەبوون کە باسمان کردن؟ ئەم شتانە ژیانی منیان گۆڕی. ئیتر وەک خۆم نەمام دوای ئەوەی کە مامۆستاکەم

ئەمانەی فێرکردم. کە چۆن بگەم بەو کارەی کە دەمەوێ بیکەم؟ ئەو شوێنەی دەمەوێ بیگەمێ؟ چۆن بگەم بە ئامانجەکانم؟ چۆن لە فەقیریەوە، ببمە خاوەنی سەروەت؟ چۆن لە هیچەوە ببمە خاوەنی هەموو شتێ؟ نهێنیەکەی لەم شتانەدایە کە باسی دەکەم لەگەڵتاندا. هەوڵدەدەم کە بیرۆکە و ئەزموونەکانم بە زمانێکی ئاسان بگەیەنمە ئێوە، من زۆر خۆشحاڵم کە دەبیم تێبینی زۆر دەنووسن، ئەمڕۆ قوتابی باشم هەیە.

5 توانا بۆ بەهێزکردن

٥ توانا هەیە کە پێویستە بەهێزی بکەین لە خۆماندا.

یەکەم: توانای هەڵچنین و هەڵمژین
هەڵچنینی ئەوەی ئەمڕۆ دەیکەن. پێویستە وەک ئسفنجبن، هیچی لەکیس خۆتان نەدەن. نەوەک بەس ووشەکان، بەڵکو جەوەکە و ڕەنگەکان و سیناریۆکان لەکیس خۆت مەدە. ئەوشتانەی کە ڕوودەدەن لەکیس خۆتی مەدە. زۆربەی خەڵکی هەوڵدەدەن کە ڕۆژەکان تێپەڕێنن، بەڵکو فێربن سوود لە ڕۆژەکان وەربگرن. تەنها پێیدا تێمەپەڕە، بەڵکو ئیستیفادەیان لێبکە. لە ڕۆژەکانتدا شت فێر ببە، بەژداری زانکۆی ژیانت بکە، بۆئەوەی ژیان فێرت بکات. ئەمە جیاوازی زۆر دروست ئەکات لە داهاتوتدا. بەڵێنبدە بەخۆت کە فێرببیت، بەڵێن بەخۆت بدە کە هەڵیمژیت، وەک ئیسفینج بە.

هاوڕێیەکم هەیە زۆر بەهێزە لە هەڵچنینی زانیاریەکان، وا بۆیدەچم کە هەموو شتێکی لە بیرە کە بەسەریدا هاتبێت. باسی دەکات کە لە تەمەنی هەرزەکاریدا چی وتوە و لەکوێ بووە و چیکردووە و هەستیان چۆن بووە و ڕەنگی ئاسمانەکەشی لە بیرە کە چۆن بووە. هۆکارەکە ئەوەیە کە وەریدەگرێت و باش خەزنیدەکات. ئەگەر ویستت سەردانی شوێنێک بکەی، باشتر وایە ئەو بنێریت و بێتەوە بۆت باس بکات وەک لەوەی خۆت بچیت. پیاوێکی زۆر سەیرە، بەهرەیەکی سەیری هەیە.

ئەم تێبینیە بنوسن: لەهەرکوێیەکبیت، لەوێبە. لەوێبە بۆئەوەی هەمووی هەڵمژی. لەگەڵ ڕەسم گرتنەکەتدا، بهێڵە کە دڵت و ڕۆحت ڕەسمی ئەو ساتانە بگرن و هەڵیمژە ناو خۆت و خەزنی بکە. ئەمە لێهاتوویەکی زۆر گرنگە کە برەوی پێ بدەن، هەرگیز کەسێکی سەر

پێی مەبە. ئەم تێبینیە بنوسن: سەرپێی دەتبات بەرەو کارەسات و لێقەومان.

دووەم: توانای بە دەنگەوەهاتن

فێربە کە بەدەنگەوە بێیت. لێهاتووی بەدەنگەوەهاتن واتا: لێگەڕێ با ژیان کاریگەری هەبێت لە ڕێگەکەتا، مەهێڵە بتکوژێت، بەڵکو بهێڵە کاریگەری هەبێت لەسەرت. بهێڵە شتی خراپ خەمبارت بکات. بهێڵە شتی خۆش، دڵت خۆش، بکات بچۆ ناو هەست و سۆزەکانت، بهێڵە هەست و سۆزەکانت بتجولێنێت، نەوەک بەس ووشەکان، نەوەک بەس ووێنەکان. ئەم تێبینیە بنوسن: هەست و سۆزەکانمان پێویستە فێربکرێن بەقەد فێرکردنی دانایی و ژیریمان. زۆر گرنگە کە چۆن هەست بکەین، زۆر گرنگە کە چۆن وەڵامی مەوقیفی جیا بدەینەوە، بهێڵە ژیان بتجولێنێت.

لە سود وەرگرتن لە فلیم، من یەکێکم لە باشترینەکان لە دنیادا. ئەچم بۆ سەیری فلیم، بەڵام فلیمێک کە بمخاتە پێکەنین و بمخاتە گریان، بمترسێنێ بە ترسی مەرگ، شتێکم فێربکات، بمباتە ئەوپەڕی دڵخۆشی و ئەو پەڕی غەمباری. بەس بەجێم مەهێڵە وەک ئەوە بچمە دەرەوە کە هاتومەتە بەردەمتت. کاریگەربە لەسەرم، شتێکم لێ بکە. لە ئوستوراڵیا جەریدەیەکم دەخوێندەوە، نوسرابوو: تەماشای دکتۆر خیفاگۆ بکە لەسەر شاشەیەکی گەورە. منیش وتم چەند خۆشە! ئەبێت بچم سەیری بکەم لەسەر شاشەیەکی گەورە. لەوەو پێش دیومە، بەڵام لەسەر شاشەیەکی گەورە نەمدیوە. من حەزم لە شانۆ کلاسیکەکانە، کە باڵکۆن و سورەییای گەورەی تێدایە. جارێکیتر ئەچمەوە بۆ سەیر کردنی چونکە زۆر موعجیبی چیرۆکی شوڕشی ڕوسیام. هەمیشە گرنگی کۆتای ئەو فلیمەم لەکیس چووە، هەتا ئەم سەفەرەی ئاخر. بەڵام ئەم سەفەرەی ئاخیر، دەرسەکەی فێربووم. لیواکە وتی: کچەکەم، چۆن بوو ون بووی؟

کچەکە وتی: ئێ ئیتر ون بووم. لیواکە وتی: نا، ئاخر چۆن بوو کە ون بووی؟ کچەکە ووتی: شارەکە گڕی تێبەر بوو، ئیتر ئێمەش هەموو ڕامان کرد. پاشان ونبووم. لیواکە ووتی: ئاخر چۆن وون بووی؟ نەدەبووایە ون ببی. لە کۆتایدا دانی پیانا و کچەکە ووتی: کاتێک کە ڕامان دەکرد، شارەکە هەمووی ئاگر بوو. ئیتر باوکم دەستی بەردام، منیش بۆیە ون بووم. ئەوە ئەوەبوو کە نەیدەویست بیڵێ. لیواکە ووتی: کچەکە، ئەمەوێت ئەوەت پێ بڵێم کە ئەو کابرایە باوکی ڕاستەقینەی تۆ نییە، دکتۆر جیڤاکی باوکی ڕاستی تۆیە، من لەکەیەکەوە ئەمەوێ ئەوەت پێ بڵێم. پاشان لیواکە ووتی: ئەگەر ئەوە باوکی ڕاستیت بووایە، هەرگیز دەستی لە دەستت بەرنەدەدا. ئەم سەفەرەی ئاخیر ئەوەم وەرگرت. سەفەرەکانی پێشوو، هەر خەریکی خواردنی گەنمەشامی بووم و چاوەڕێم ئەکرد فلیمەکە تەواو ببێت، بەڵام ئەمسەفەرە دەرسەکەیم وەرگرت. من لێتان داوا ئەکەم، کە فێرببن، هەڵیمژن، وە بەدەنگیەوە بچیت.

با ئەم چیرۆکەتان بۆ باس بکەم. خەیمەیان دادەنا لە کۆندا، وە قەشەیەک، خەیمەیەک هەڵدەدات لە ناوچەیەکی قەرەباڵخ. یەکەم شەو کە ئەچێتە ژورەوە بۆ ناو خەیمەکە، کەسی لێ نابێت، بیر ئەکاتەوە: ئەبێت کێشەیەک هەبێت. چاوەڕێی کرد هەتا کاتژمێر ٨، هەر کەس دەرنەکەوت. تا ٨:١٥ هەر کەس نەهات. هەتا ٨:٣٠، نەفەرێکی عەشایەر هات. ئەسپەکەی بەست و دابەزی و هاتە ناو خەیمەکە، قەشەکە ووتی"باشتر وایە بچم بۆلای ئەو نەفەرە قسەی لەگەڵ بکەم، پێی ووت: کابرا! نازانم چیت پێ بڵێم. من قەشەی ئێرەم، ئەم خەیمەیە دەبوایە پڕ بووایە لە خەڵک، هەست ئەکەم کێشەیەک هەیە. بەس نازانم چییە! من نازانم چی بکەم ئێستا!؟ کابرا عەشایەرەکە ووتی: خۆت ئەزانی کە من کەسێکی عەشایەرم، قەشە نیم. بۆیە ناتوانم ئامۆژگاریت بکەم. بەڵام ئەوەنە ئەزانم کە ئەگەر

بمەوێ خۆراک بدەم بە ئەسپ، ئەگەر یەک ئەسپ دەرکەوت ئەوا ئەسپەکە هەر خواردنی پێ ئەدەم. قەشەکە ئەڵێت: ئەم کابرایە ڕاست ئەکات. ئەگەر قسەیەکت هەبێت بۆ ووتن، جا نەفەرێک هەبێت یان ١٠٠٠ نەفەر، نابێ بهێڵم ئەو فکرە خراپانە ڕێت لێ بگرێت لە باسکردنی. بۆیە بەو قسەیەی کابرا عەشایەرە زۆر دەفع بوو .چوە سەر میمبەرەکەی و دەستی کرد بە قسە وەک ئەوەی بڵێی ١٠٠٠ نەفەری لێ بێت. زۆر دەفع بوو بوو، هەر ووتی و ووتی بۆ ماوەی ١ کاتژمێر و نیو. پاشان هاتە خوارەوە و تەواو بوو. وە چوو بۆلای کابرا عەشایەرەکە و قسەی لەگەڵ کرد، پێی ووت: کابرا! ڕات چی بوو لەسەر ووتارەکەم؟ ئەویش ووتی: خۆت ئەزانی من کەسێکی عەشایەرم، قەشە نیم، بۆیە ناتوانم ئامۆژگاریت بکەم، بەڵام ئەوەنە ئەزانم، ئەگەر بمەوێ خواردن بدەم بە ئەسپێک، جا ئەگەر یەک دانەش بێت، هەر خۆراکی ئەدەمێ، بەڵام هەموو ئالیکەکەی بۆ هەڵنارێژم بە جارێک.

 وا دەردەکەوێت کە منیش هەموو زانیارییەکانم هەڵئەڕێژم لێرە، کەس هەیە ٤ پەڕە تێبینی نوسیبێت؟ ئۆۆو! زۆر باشە زۆر باشە. هەست ئەکەم کاری خۆمم کردوە ئەمڕۆ پێویست ئەکات کە هەدییە بدەین بەو کەسانەی کە زۆرترین تێبینیان نوسیووە. دەست خۆشیتان لێ ئەکەم، کارێکی باشتان کردووە، کاریترمان ماوە بیکەین پێکەوە، با دەست پێ بکەینەوە. ئەگەر هەموو باشن، ئەوا بە دەنگێکی بەرز پێم بڵێن کە هەموو باشن.

یەکەم: توانای هەڵچنین، هیچ شتێک لەکیس خۆت مەدە. سەرنج بدە، لەم سەردەمەدا شتەکان زۆر خێرا دەگۆڕێن،

ڕەنگەکان و دەنگەکان و ئەو شتانەی کە ڕودەدەن هەڵمژە.
دووەم: بەدەنگەوەهاتن(وەڵامدانەوە)، بهێڵە ژیان بتجولێنێت و کاریگەری لەسەرت بکات. بهێڵە هەستەکانت کاریگەریان هەبێت لەسەرت، وەک بینین.

سێیەم: توانای لێکۆڵینەوە

لێکۆڵینەوە مانای وایە کە بچیتەوە پێیدا و سەعی لە تێبینیەکانتدا بکەیتەوە، بە کاسێتەکاندا بچۆرەوە جارێکیتر، نوسراوەکان بخوێنەرەوە جارێکیتر. لەوە زیاتر هەیە، پیاداچونەوە بە ڕۆژەکانتدا بکە. ڤیدیۆی ئەو ڕۆژەت لە مێشکتدا لێبدەرەوە، هەتا ئەوشتانەی لەو ڕۆژەدا فێری بوویت، باش خەزن ببێت.
هەندێ کاتی باش بۆ لێکۆڵینەوە، یەکەم: کۆتای ڕۆژ، چەند دەقیقەیەک دابنێ کە بە ڕۆژەکەتدا بچیتەوە. کێت دیوە، چییان ووتوە، چی ڕویدا، هەستت چۆن بوو، چیت بەسەرهات؟ یەکەم: سەرپێ مەبە. دووەم: لە ڕۆژەکەتەوە فێرببە. سێهەم: بچۆرەوە بە ڕۆژەکەتدا. بۆئەوەی هەموو زانیاریەکان و زانست و دەنگەکان و وێنەکان و ڕەنگەکان خەزن بکەی، لە داهاتوودا ئەو ڕۆژانەی کە هەڵتگرتوون لە مێشکتدا، خزمەتت دەکات.
پاشان،دووەم: لە کۆتای هەفتەدا چەند سەعاتێک دابنێ بۆ پیاداچونەوەی ڕۆژەکانت. پیاداچونەوە بەسەر چاوپێکەوتنەکانتدا بکەرەوە. چیت کردووە لەو هەفتەیەدا، هەمووی خەزن بکە بە پیاداچونەوەی شتەکان کە کردوتە و چۆن بووە و ڕوونکردنەوەکانیتری.
پاشان، سێهەم: نیو ڕۆژ دابنێ بۆ پیاداچونەوەی هەر مانگێ. هەمان شت بکەرەوە، بچۆرەوە بەو تێبینی و نوسراوانەی کە نوسیوتەتەوە. ئەوەی خوێندوتەتەوە، چیت بیستوە، چیت دیوە، هەستەکانت، پیاداچونەوەیان بەسەرا بکەرەوە. بۆئەوەی خەزنی بکەیت، بۆ ئەوەی خزمەتت بکات دواتر.

پاشان، چوارەم: کۆتا هەفتە وەرگرە لە کۆتای ساڵدا. بۆ ئەوەی ساڵەکەت ڕێک بخەی لە مێشکتدا و قایمی بکەی هەتا قەت بیرت نەچێتەوە. لێهاتووی پیاداچونەوە، زۆر گرنگە بۆ ئەوەی بیرت نەچێتەوە. بیرت بمێنێ، بیرت بمێنێ، بیرت بمێنێ. زۆر گرنگە کە شتەکانت بیر بمێنێ. بیرکردنەوەکان و بیرۆکەکانت بیر بمێنێ، ئەزمونەکانت بیربمێنێ، دانیشتنەکانت بیر بمێنێ، ڕۆژەکەت بیر بمێنێ، هەستەکانت بیربمێنێ، کاتە خۆش و ناخۆشەکانت بیربمێنێ، ڕۆژەکان و هەفتەکان خەزن بکە، مانگەکان و ساڵەکان خەزن بکە.

لە تەوڕاتدا باسی سیناریۆیەکی تایبەتیمان بۆ ئەکات، بەپێی قانونی تەوڕات: ٩ ساڵ ئیشیان کردووە، پاشان دەهەمیان پشویان وەرگرتووە. ٩ ساڵ ئیش بکە، پاشان دەهەم ساڵ نەوەک بەس ئیسراحەت بکەی یان بەس جەسەدمان ڕێک بکەینەوە، من تەئکیدم کە جاران، لەو ساڵەدا پیاداچونەوەیان کردوە بۆ ٩ ساڵەکەی ڕابردوو. تا بزانی چی هەڵەت کردوە و چی ڕاستت کردوە، چی باش کۆتای هات وە چی خراپ کۆتای هات، پاشان بزانی چۆن بیگۆڕیت و گەشە بکەیت. چیت بەدەست هێناوە ئەم ٩ ساڵەی ڕابردوو؟ ئەم کات دانانە زۆر بەنرخە، ئەم ساڵە زۆر بە نرخە، ئەم پیا چونەوانە، هەمووی بە تەنها بوو، بەڵام ئەتوانی لەگەڵ هاوسەرەکەتدا پیاداچونەوە بکەی بە ساڵی ڕابردودا. دایک و باوک پیاداچونەوە لەگەڵ منداڵەکانیاندا بکەن لەسەر ساڵی ڕابردوو. لەسەر ئەو شتانەی کردویانە و نەیانکردوە، وە چۆن خۆیان باشتر بکەن! هاوکارەکان ئەتوانن پێکەوە پیاداچونەوە بکەن، بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە: پێویستە پیاداچونەوە لەگەڵ خۆتدا بکەی. پێویستە دانیشتنی وەهات هەبێت کە هەموو دنیا بێدەنگ بکەیت، هەموو شتێ دور بخەیتەوە تەنها بۆ چەند ساتێک من ماتۆڕێکم کڕیوە، کە ئەمەوێ تەنها بم، پێی ئەڕۆم بۆ سەر شاخ، ئەو بەشەی کە کەمترین کەسی لێ بێت، یان بۆ بیابانێ ئەڕۆم، ئەوە ئەو کاتەیە کە بۆ دورکەوتنەوەی خۆمم داناوە، کاتێک کە لە قەرەباڵغیدا دەژیت پێویستت بە تەنهاییە، بۆ پیاداچونەوەی ژیان و لێهاتووییەکانم و ئەزمونەکانم. هەندێ شت

هەیە کە دەبێت بە تەنها بیکەیت، لەو ماوەیەدا هەڵبسەنگێنە و بیربکەرەوە و بخوێنەوە و دیراسەت بکە و هەڵیانبچنە، هەوڵبدە باشتر بیت لە ساڵی ڕابردوو. هەوڵبدە ٩ ساڵی داهاتوت باشتربیت لە ٩ ساڵی ڕابردوت. لەم سەردەمەدا، ئامۆژگاریەکان دەڵێن: بڕۆ شوێنێکی داخراوەوە، بۆ نوێژکردن و بیرکردنەوە. شوێنی داخراو مانای چییە؟ مانای دورکەوتنەوەیە. لە نوسراوێکدا دەیگووت: بڕۆ کەنتۆرەکەتەوە و پاشان دەرگاکەی دابخە. بۆچی؟

- تەنها بۆ وەدەرنانی هەموو شتێکە لە ژیانت، بۆ ماوەیەک. ژیان بریتییە لە ئەزموون و کارکردن و بینین و زەبت و ڕەپت. بەڵام هەندێ کات پێویستت بە پیاداچونەوەیە، بۆ ئەوەی هەموو ئەمانە بێدەنگ بکەین و دەرگاکان دابخەین وە تێڕامان بکەین و نوێژ بکەین و بیربکەینەوە و هەوڵبدەین کە باوەڕەکانمان بخەینە ئاگاییەوە، پێویستمان بەم ڕێگەیە هەیە. هیچ ڕێگەیەکیتر نییە. ئەزانم کێشەکان زۆرن کە دەبێت چارەسەریان بکەین، بەڵام هەر ساتێکمان دەوێت بۆ تەنهایی هەتا بەخۆماندا بچینەوە.

گرنگییەکی تری پیاداچونەوە ئەوەیە ڕابردوو زیاتر بە بەهاتر بکەین بۆ خزمەتی داهاتوومان. زۆر گرنگە کە ئەزمونەکانی ڕابردوو کۆبکەینەوە و سودی لێ ببینین بۆ داهاتوو. ئەمڕۆ کۆیبکەرەوە و سبەینێ بەکاری بهێنە. هی ئەم هەفتەیەت، هەفتەی داهاتوو بەکاربهێنە. ئەمساڵ کۆیکەرەوە، ساڵی داهاتوو سودی لێ ببینە. ئەمە زۆر چاوەڕوانی کردن گرنگترە، بزانن چی ڕودەدات و بە چ لایەکدا دەکەویت.

فێربوون و دیراسەتکردن، بەشێکی گرنگی برەوپێدانی کەسێتی خۆتە، بۆئەوەی بەهاکانی خۆت زیاد بکەی نەوەک بەس لە ئابووریدا، بەڵکو لە دایک و باوکایەتیدا و لەوەی ببیتە برادەر و برایەکی باشتر. ببیتە کەسێکی باشتر بۆ کۆمەڵگاکەت و خێزانەکەت و موشتەریەکانت و شەریکێکی باشتر بیت. جا هەرشتێکیتر بێت ئەمانە تانها بە کارکردن و گەشەپێدانی خودی خۆت ڕودەدەن.

گەشەپێدانی کەسێتی باشترین شتە بیدەیتە خەڵک، نەوەک خۆ فیداکردن، خۆ فیداکردن تەنها بێڕێزیت بۆ بەدەست دەهێنێ. بەڵام

گەشەپێدانی خودی ڕێزت بۆ بەدەست دەهێنێ. دایکێک دەڵێت: من ژیانی خۆم ئەکەم بە فیدای منداڵەکانم. ئەم کارە بەنرخ نییە، بەڵکو سود پێدان و بەهێزکردنی خۆمان گرنگترە. ئەگەر من کار لەسەر گەشەکردنی خۆم بکەم، بیربکەرەوە چەند سودی دەبێت بۆ هاوڕێیەتیەکەمان؟ کۆن دەمگووت: تۆ خزمەتی من بکە، منیش خزمەتی تۆ ئەکەم. بەڵام بۆم دەرکەوت کە ئەمە چەنێک بێکەڵکە. پاشان گۆڕیم بەمە: من ئاگام لە خۆم ئەبێت بۆ تۆ، تۆش ئاگات لە خۆت بێ بۆ من.
ئەمە بەشێکە لە گەشەپێدانی مرۆیی، کە کار لەسەر خۆمان بکەین زیاتر وەک لە ئیشەکەمان. پاشان کار لەسەر هاوڕێیەتیمان و خێزانداریمان ئەکەین وەک دایک و باوک. پاشان هەم ووزەمان و هەم تواناامان بروەپێدەدەین، ئەمە کلیلەکەیەتی. پێویستی بە زەبتوڕەپتە بەدەستهێنانی ئەو تواناایانە و ئەو لێهاتوویيانە. ئەگەر کاری هەڵچنین و وەڵامدانەوە و پیاداچونەوە بکەین، ئەوا دەگەین بە زیاتر. هەفتەی داهاتوو دەگەین بە زیاتر.
بە باوکمم ووت: باوە گیان ئەزانی چی دەبێت ئەگەر هەموو ئەزموونەکانی تەمەنی ٧٥ ساڵی ڕابردوت کۆ بکەیتەوە و بەکاری بهێنی لە ٧٦ ساڵیتدا؟ ئەمە چەند فەلسەفەیەکی جیاوازە!! باشتر نییە؟!! ٧٥ ساڵ کۆ بکەیتەوە و بەکاری بهێنی لە ٧٦ دا. ئەم ٦ ساڵی ڕابردوو کۆتکردبێتەوە و ساڵی داهاتوو بەکاری بهێنی. ئەمە زۆر بەهێز و بەسوودە بۆ پەیوەندییەکانمان.

چوارەم: توانای هەڵوێست وەرگرتن

یەکەم: هەڵچنین. دووەم: وەڵامدانەوە. سێهەم: پیاداچونەوە. پاشان چوارەم: هەڵوێست وەرگرتن. لە گەشەپێدانی لێهاتوویی هەڵوێست وەرگرتندا با پەلە نەکەین، مەگەر زۆر پێویست بکات. بەڵام کات بەفیڕۆ مەدەن، زوو هەڵوێست وەرگرن. لەم کاتەدا هەڵوێست وەرگرە کە بیرۆکەکە گەرمە و، هەست وجۆشت بەهێزە،

ئەمە کاتی هەڵوێست وەرگرتنە. یەکێ ئەڵێ: جیم، ئەمەوێ کتێبخانەیەکی وەک ئەوەی تۆم هەبێ. ئێ ئەگەر هەستێکی بەهێزت هەیە بۆی، ئەوا پێویستە کتێبی یەکەمت بکڕیت، پاشان دووەم دانە بکڕیت. پێش ئەوەی ئەو هەستەت نەمێنێ بۆی و بیرۆکەکەت کاڵ ببێتەوە، یەکسەر دەست پێ بکە، دەست پێ بکە بە زووترین کات. ئەگەر وا نەکەیت، ئەوا بیرۆکەکەت وون دەبێت لەگەڵ نییەتەکەت کاڵ دەبێتەوە. نییەتمان هەیە کاتێک کە بیرۆکەکە بەهێزە و هەست و جۆشت زۆرە، ئەگەر ئەمە زوو وەرنەگیرێت بۆ هەڵوێست نواندن، ئەوا نیەتەکەت دەست دەکات بە کاڵبوونەوە هەتا نامێنێ، دوای مانگێک یان ساڵێک ئیتر بۆت نادۆزرێتەوە. پابەندبوون و ڕێکخستن دابنێ کاتێک کە جۆش و هەستت زۆرە و بیرۆکەکەت بەهێز و ڕوونە. ئەمەیە کاتی دانانی پابەندبوون و ڕێکخستن. کە یەکێ باسی تەندروستی دەکات، تۆش پێی جولاوی. باشترین کاتە کە کتێبێک بکڕی لەسەر خۆراک، بیکڕە پێش ئەوەی کە بیرۆکەکە تێبپەڕێت و جۆش و خرۆشیەکەت سارد بێتەوە، دەستبکە بە کڕین و دانانی کتێبخانەکەت. خۆتبە بە زەویدا و چەند شناوێک بکە، هەڵوێست وەرگرە، ئەگینا داناییەکەت بەفیڕۆ چووە. جۆش و هەستەکەت تێ دەپەڕێت، بۆیە زوو پابەندبوون و ڕێکخستنی بۆ دابنێ. پابەندبوون و ڕێکخستن، وا لە جۆش و هەست دەکات کە بمێنێتەوە، وا لە داناییەکان دەکات کار بکەن، وە بیرۆکەکەت بگۆڕی بۆ داهات. هەموو پابەندبوون و ڕێکخستنەکان کار لەسەر یەکتری دەکەن. لە ڕاستیدا، هەموو شتێک کاریگەری هەیە لەسەر هەموو شتێکیتر. هیچ شتێ بە تەنها نییە، ساویلکە نەبیت، بڵێی: ئەمە گرنگ نییە. نەخێر، هەموو شتێ گرنگە. هەندێ شت هەیە کە گرنگترە لە هەندێکیتر، بەڵام هیچ شتێک نییە کە گرنگ نەبێت.

هەندێ کەس هەیە دەڵێن: تەنها بەس ئەمەم پشت گوێ خستووە، ڕاست نییە. ئەم تێبینیە بنوسن: هەر پشت گوێ خستنێک کاریگەری دەبێت لەسەر هەموو کارەکانت. ئەمە بەشێکە لە پرۆسەی بروپێدانی کەسێتی. ئەگەر پیاسەکەت نەکەی، بە تەئکید ڕۆژانە

سێوەکەش ناخۆی. ئەگەر سێوەکەت نەخوارد، ئەوا کتێبخانەکەش دانانێیت. کتێبخانەشت نەبێ، ئەوا دەفتەریشت دانانێیت، و ڕەسم ناگریت. ئەمانەت کە نەکرد، ئوە بڕیاری ژیرانە نادەیت، وە پارەکانت باش بەکار ناهێنیت، وە پەیوەندییەکانت باش نابن. ٦ ساڵ ئاوا بەردەوام بیت، ئەبێتە هۆی کارەسات.

تاکە چارەسەر عەکس کردنەوەیانە و دەست بکەین بە پابەندبوون و ڕێکخستن. ئەمەش لایەنە ئەرێنییەکەیەتی: هەموو پابەندبوون و ڕێکخستنێکی نوێ، کاریگەرە لەسەر پابەندبوون و ڕێکخستنکانی ترت. لەبەر ئەمەیە کە زۆر گرنگە دەست پێ بکەیت لە شتە بچوکەکانەوە. کاتێک کە جێبەجێیان ئەکەیت، دەست دەکەیت بە بینینی سودەکەی، هانت ئەدات کە دانەیەکیتر دابنێی. کە دەستت کرد بە پیاسەکردن، ئەمە هانت ئەدات کە دەست بکەی بە سێوەکە، ئەمەش هانت ئەدات کە کتێبی یەکەمت بکڕیت، ئەمەش هانت ئەدات دەفتەرەکە دابنێی، پاشان ئەوە هانت ئەدات کە لێهاتووییەکانت زیاد بکەیت و گەشە بکەیت. هەموو پابەندبوون و ڕێکخستنەکان کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە. هەر کەم تەرخەمییەک یان پابەندبوون و ڕێکخستنێکی نوێ کار دەکاتە سەر هەمووی. موهیمیەکە لەوەدایە، کە کەم تەرخەمییەکەت نەهێڵیت و پابەندبوون و ڕێکخستنی تازە دابنێی، پاشان بەهۆیەوە ژیانێکی نوێ دەست پێ دەکات.

یەکێکیتر لە سودەکانی پابەندبوون و ڕێکخستن، دەبێتە پێزانینی بەهای خۆت، شانازی بەخۆوە کردن لە هەموو شوێنێ. نەبوونی پابەندبوون و ڕێکخستن، ئەبێتە هۆی خواردنی زیهن و سایکۆلۆجیمان. گەورەترین هەڵە ئەوەیە کە، کەمێک دەست شل بکەین. کەمترین ڕێژەی کەم تەرخەمی ئەبێتە هۆی لەناوبردنی مێشک و سایکۆلۆجیمان.

لەوانەیە بڵێی: هەموو هەوڵی خۆم بدەم یان کەمێک دەست شل بکەم، ئایە ئەمە کاردەکاتە سەر فرۆشتنەکەم؟

- نەخێر. ئەوە کاردەکاتە سەر ئاگای مێشکت و، فەلسەفەکانت. تەنها بە کەمێک لادان، کاردەکەیتە سەر فەلسەفەکانت. کەمترین پشت گوێ خستن دەبێتە هۆی چی؟ پشتگوێ خستن وەک ئیلتیهاب وایە، ئەگەر چارەسەری نەکەی ئەبێتە نەخۆشی. هەموو پشتگوێ خستنێک، دەڕوات بۆ پشتگوێ خستنێکیتر. خراپترین شت ئەوەیە، کاتێک کە ئەو کەمتەرخەمیە ببێتە هۆی ونکردنی بەهای خۆت و باوەڕبوون بە خود. ئەگەر ئەتەوێ بزانی چۆن باوەڕبەخۆبوونت دەست دەکەوێتەوە؟ من ئەڵێم، پێویست ناکات بچی بۆ ٢٩ سیمینار، بەڵکو ئەوەی لەسەرتە ئەوەیە تەنها دەست بکە بە بچوکترین پابەندبوون و ڕێکخستن کە نزیکە لە فەلسەفەکانتەوە. ئیتر پێویست ناکات ٦ سالیتر لە حاڵێکی خراپدا بم و بیانوو بهێنمەوە، لە بری ئاهەنگ گێڕانم بۆ سەرکەوتنەکانم.

با منداڵەکانمان فێری پابەندبوون بکەین. پاشان هیتر و هیتریان فێربکەین. کە ئەمە یارمەتیت دەدات دانای و هەڵوێستی زیاتر و هەستی بەهێزتر و باوەڕبوونێکی بەهێزتر بە قەدەر و باوەڕبەخۆبوونی فێربکەی. ئێستا دەفرێکت لەبەر دەستدایە کە ئەتوانی شتی تێبکەی. پاشان پارە دەست دەکات بە ڕژان، ئەگەر دەست پێ بکەی ئەوا سودەکەی زۆر هەستێکی خۆشی دەبێت. پاشان هانت ئەدات کە بڕیاربدەی بەردەوام بیت هەتا مردن، هەرگیز ناچیتەوە سەر ئەو ڕێگە کۆنەی لەسەری بووی. بەژداری کۆمەڵە و گروپی تازە بکە. پابەندبوونی تازە هەڵگرە لێیانەوە و دەست پێ بکە. ئەو کتێبەی کە وتم بیکڕن، (richest man in Babylon – دەوڵەمەندترین پیاوی بابل)، لە ماوەی ٣٣ ساڵی ڕابردودا دەرسم بە ٣ ملیۆن کەس وتۆتەوە، ئەم کتێبەم بۆ هەموویان پێشنیار کردووە. تەقریبی، چەنێک لەوان ئەم کتێبەیان کڕیووە؟ بەبۆچونی من کەمێکیان نەبێت، ئەوپەڕی ١٠% یان لەوانەیە کڕیبێتیان. چەند شتێکی ئاسانە. وەک وتمان ئاسانە بیدۆزیتەوە، وە ئاسانە کە بیکڕیت، تەنها پێویستت بە ٥ بۆ ٦ دۆلارە بیکڕیت، ئەتوانی لە منالەکەت قەرز بکەیت. پاشان خوێندنەوەکەشی ئاسانە، پڕە لە

چیرۆک. بۆیە بۆ هەرزەکارەکان ئەمە بەکار ئەهێنم. فێریان دەکات کە دەوڵەمەند ببن لە پێش ٤٠ ساڵیاندا، ئەگەر زیرەکیش بیت، ئەوا زووتر، وە هەلیشت بێتە پێش ئەوا هێشتان زووتر.
ئەگەر، ئاسانە بیدۆزیتەوە، ئاسانە بیکڕیت، ئاسانە بیخوێنیتەوە، کەواتە بۆچی هەمووی ناچێت بیکڕێت؟ جوابەکەی: من نازانم، ئێوەش نازانن، کەس نازانێ! ئەمە، ئەوەیە کە باسمان کرد: هەنێ ئەیکەن و هەنێ نایکەن.
ئەوانەی ئەیکڕن تەنها ١٠% یان ئەبێت، وە ٩٠% لەوان نایکڕن یان لەوانەیە هەرگیزیش نەیکڕن. ئێمە سڕی ئەمە نازانین. هەتا ١٠ ساڵیتریش ئەو ژمارەیە هەر وەک خۆی دەبێت. کە ١٠% ئەیکڕن و ٩٠% نایکڕن. ژمارەکە ناگۆڕێت، بەڵکو دەموچاوەکان دەگۆڕێن، دڵخۆشبە ئەگەر تۆ لە ١٠% کە بیت. من جاران لە بەری ٩٠% کە بووم.
ئێوە ئەڵێن، چەند کەس کارتی کتێبخانەی هەیە؟ هەرچی دانای دنیا هەیە تێیدایە. هەرچیت پێویستە بۆ گۆڕینی ژیانت تێیدایە، چەند کەس لە تەکساس کارتی کتێبخانەی هەیە؟ لێرە بە بەلاشیشە، بەلاش یانی ئاسانە، ئێ ئیتر لە بەلاش ئاسانتر نابێت!! هەندێک کەس دەڵێن: لەوە ئاسانتر ئەوەیە بۆت بهێنن بۆ ماڵەوە، ئاخر هیچ نەبێ بڕۆ خۆت بیهێنە. دانای هەموو دنیای تێدایە، بابەتی گۆڕینی ژیانت، بابەتی دینی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و هەموو شتێکیتر کە هەیە، هەمووی بەردەستە. چەند کەس هەیەتی؟ جوابەکەی ٣% دانیشتوان هەیانە، باقی ٩٧% خۆیان تێک نادان. بۆیە لە کۆتایدا، حکومەت و کۆمپانیاو یاساکانی باج و خەراج تاوانبار دەکات. ئامۆژگاری من ئەمەیە: دوور بکەوەرەوە لەو ٩٧%، بەژداری ئەو ٣% کە بکە. وەک ئەوان قسە مەکە، وەک ئەوان هەڵسوکەوت مەکە، مەڕۆ ئەو شوێنانەی ئەوان بۆی دەڕۆن. پسپۆڕ مەبە لەو شتانەی کە ئەوان تێیدا پسپۆڕن، لیستی تاوانبار کردن و گلەییەکانت فڕێ بدە، دەست بکە بە ژیانێکی تازە.

ئێوە دەڵێن: ئەوەندە ئاسانە کە بچین بۆ کتێبخانەیەک و بەژداری ئەو ٣% یە بکەین؟ جوابەکەی: بەڵێ بەتەئکید. بەڵێ، دەستپێکردنی ئەمە ئەوەندە ئاسانە، ئەمە زۆر ئاسانە و زۆر سادەیە، هیچ قورسی تێدا نیە. پێویستت بە چەند سەرچاوەیەکی زۆر نییە. نەهێڵی کەس بە لاڕێیا بتبات، کاتێک کە خۆر و زەوی و باران و تۆو و هەموو شتەکانی ترت هەبێت و خوات هەبێت، ئەمانە بۆ تۆ کار ناکەن، سودیان نابێت تەنها بە دوپاتکردنەوە و دانپیانان، بەڵکو کاردەکات تەنها بە کارکردن لەسەری و کرێکاری کردن. بۆیە، کرێکارییەکی باش بکە، زۆر فێربە و خۆت پابەند بکە، هەرچیت بوێ بەدەستی ئەهێنی. با منداڵەکانمان فێربکەین دەست بکەن بە گۆڕینی ژیانی خۆیان، یەکەم لە: تەندروستیانەوە، دووەم: باری ئابوورییان، سێیەم: چۆنێتی وتوێژ کردن و پەیوەندی کردن، چوارەم: ژیانی خۆیان، پێنجەم: ڕۆحانییەتیان. ئەم لیستە هەر ئەڕوات و ئەڕوات. با واز لە پابەندبوونەکان نەهێنین کە هانماندەدەن زیاتر بکەین و هیتر و هیتر بکەین. بۆ تۆ ئەبێتە سیناریۆیەکی بازنەی و بەرزدەبیتەوە پێی، لەجیاتی ئەوەی لە بەرەی کەسە نەرێنیەکان بیت. زۆر ئاسانە، ئەوەی لەسەرتە ئەمەیە بیکەیت. بڕیار بدە کە ژیانت بگۆڕیت. هەر کە دەستت پێ کرد، من بەڵێنت پێ دەدەم کە تۆ دەبیتە یەکێک لە گروپی ٣% ەکان.~

ئێستا باسی چۆنێتی بەدەست هێنانی سەربەخۆی دارایی دەکەین. چەند کەستان ئەتوانێ خۆی خانەنشین بکات بەم موچەیەی ئێستا هەیەتی، کاتێ کە کاتی خۆ خانەنشین کردنت هات؟ تەنها ٥% ئەتوانن. لە سەربەخۆترین وولاتەکانی جیهان، لە ٩٥% کەسەکان پێویستیان بە کار کردنە، تەنها ٥% نەبێت کە خۆیان ئەتوانن خۆیان بژیەنن. ئەرکی خۆ خانەنشین کردنی خۆت بگرە ئەستۆ. ئەگەر تۆ ئەرکی خۆ خانانشین کردنی خۆت بگریتە ئەستۆ، ئەوا ئەو موچەیەی کە دەتبێت ٥ هێندە زیاتر ئەبێت، لەوانەشە ١٠ و ٢٠ و ١٠٠ هێندە زیاتر بێت. ئەگەر دەتەوێت حکومەت یان کۆمپانیا خانەنشینت بکات، ئەوا

بڕە پارەکە دابەشی ٥ بکە. ئەرکی ڕۆژەکەی خۆت و ژیانی خۆت بگرە ئەستۆ. ئەرکی ووتوێژەکانت بگرە ئەستۆ، ئەرکی خێزان و ئەگەرەکانیترت بگرە ئەستۆ. ئەویش بە فێربوونی ئەم لێهاتووییانە و برەوپێدانیان، ژیان بە ڕوتدا دەکرێتەوە. پاشان بەژداری ٢% و ٥% کە ئەکەیت و دوردەکەویتەوە لە ٩٥% کەیتر.

فێری خەڵکی ئەکەم، بزانە فەقیر چی دەخوێنێتەوە و چی ناخوێنێتەوە، قسە مەکەن وەک ئەوان. دەستی یارمەتیان بۆ درێژبکەن بەڵام مەکەوەرە ناو فەلسەفە لاوازەکانیانەوە. بیانو و تاوانبارکردنەکانی ئەوان هەیانە با تۆ نەتبێت. ئەمە پێی ئەوترێت: زمانی هەژاران. قسەکان و بیرۆکەکان و ستراتیجیەتت بگۆڕە، لە ئاسانترین پابەندبوونەوە دەست پێ بکە. بچوکترین پابەندبوون بە کەم نەزانیت، چونکە ئەتوانێ ژیانت بگۆڕێت. ئەگەر تۆ دەستت کرد بەو پابەندبوونانە، ئەوا دەبیتە خاوەنی هەموو شتێ کە ئەتەوێت، کە پێی ئەوترێت: دەستپێکی موعجیزەکان.

بیرۆکەی ئاخیرم لەسەر ڕێکخستن و پابەندبوون بریتیە لە: ئەوەی ئەیکەیت، بە باشترین شێوە بیکە. ئایا تۆ باشترین هەوڵی خۆتت داوە بۆ گۆڕانکاری؟ وەڵامەکەی نەخێر.

سەیرە، وانی یە؟ ئەگەر هەموو خۆمان بەین بە زەویدا و ئەوەنەی بتوانین شناو بکەین. با بڵێین تۆ دەمێکە نەتکردوە، بە هەر هۆکارێک بێت. بەس با وا بڵێین ئەوپەڕی بتوانی ٥ بکەیت. پاشان سەیری هاوڕێکانت ئەکەیت و ئەڵێی: لە ٥ زیاتر ناتوانم بکەم. ئێمەش سەیرت ئەکەین و پێت ئەڵەین: ڕاست ئەکەیت، تۆ ٥ زیاتر ناتوانی بکەیت. ئایا ٥ شناو زۆرترینە کە بتوانی بیکەیت؟ جوابەکەی نەخێر. ئەگەر کەمێک پشوو بدەیت، ئەتوانی ٥ دانەیتر بکەیت. ئەگەر کەمێکیتر پشوو بدەیت، ئەتوانی ٥ دانەیتر بکەیت. ئێستا توانیت ١٥ دانە بکەیت، چۆن لە ٥ دانەوە کردمان بە ١٥ دانە؟ ئەمە پێی ئەوترێت موعجیزە. دوای کەمێکیتر پشوودان، ئەتوانی ١٥ دانە بکەیت و ١٥ دانیتریش. پاشان ئەتوانی ٢٠ دانە بکەیت ئەگەر پشوێکی تەواو

وەرگری. چۆن لە ٥ ەوە کردت بە ٢٠؟ ئەمە موعجیزەیە. ناو بە ناو ١٥ شناو بکەیت، پاشان سەیر دەکەیت ٥٠ شناوت کردوە.
ئایا ئەکرێت ٥٠ شناو بکەیت؟
-بەڵێ، بێ گومان.
چۆن لە ٥ دانەوە کردت بە ٥٠؟
- ئەمە موعجیزەیە
چۆن موعجیزە دروست ئەبێت؟
یەکەم: چیت پێ ئەکرێت بیکە. ئەو شتانەی کە پێت ئەکرێت دوا مەخە. وەک نوسینی نامەیەک بۆ دایکت کە لە فلۆریدایە. چەند شناوێک بکە. لە ٥ شناوەوە بیکە بە ٥٠ شناو.
دووەم: ئەو شتەی دەیکەیت، بە باشترین شێوە بیکە.
سێهەم: پشووی کەم وەربگرە. زۆر پشوو مەدە. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی گژوگیا زیانبەخشەکان، باخەکەت دەخۆن. ئەم تێبینییە بنوسن: پشوودان پێویستییە، نەوەک ئامانج. ئامانجی ژیان پشوودان نییە، بەڵکو کارکردنە. بیر لە پابەندبوونی زیاتر بکەنەوە، بەدوای ڕێگەی تازە و بەنرخدا بگەڕێن. بۆ ئەمە دانای و فەلسەفەکان و هەڵوێستی خۆت و باوەڕبوون بەخۆت و قەدەر بەکار بهێنە. سوود لە هەست و ئەو گوڕوتینەت وەربگرە و بیکە بە پابەندبوون، بۆ ئەوەی بە خەسار نەچێت. بچوکترین پابەندبوون ژیانت ئەگۆڕێت. بچۆرە ڕیزی ٥% و ٣% کە. ئێوە ئەڵێن کە کەی من کتێبی دەوڵەمەندترین پیاوی بابلم کڕی؟
- هەمان ڕۆژ کە بیستم.
یەکێ لەوانەیە بپرسێت: جیم، ئایە ئەمە لە خەڵکی ترت جیا دەکاتەوە؟
- وەڵامەکەی: بەڵێ بێگومان.
پاشان ئەڵێ: بۆچی؟
- ئەوەیان نازانم، تۆش نازانی و کەس نازانێ بۆ!!
هەندێ ئەیکەن و هەندێ نایکەن. ژمارەکان ناگۆڕێن، بەڵکو بەس دەمووچاوەکان ئەگۆڕێن. ئامۆژگاریم بۆ ئێوە ئەوەیە، کە کتێب

بخوێننەوە، گوێ بۆ ڤیدیۆ و کەسانیتر بگرن. ئەو موناقەشانەی کە لەگەڵ هاوڕێکەتدا دەیکەیت بەجدی وەریبگرە، کاتێک ئەیەوێ خۆی بێنێتە ئاستی تۆوە. خۆت دوور بگرە لە خەڵکە ٩٧% کە. ئیتر لەگەڵ ئەوانەیا مەبە. ئەگەر نا، ئەوا ٦ ساڵی داهاتووت هەر وەک ٦ ساڵی ڕابردووت ئەبێت. مامۆستاکەم ووتی: جیم، ئەم ٦ ساڵەی کە دێت وەک ٦ ساڵی ڕابردووت ئەبێت ئەگەر نەگۆڕێیت. منیش ئەو گۆڕانکارییانەم کرد و بویە هۆی شۆڕش لە ژیانمدا. ئاگات لە ٥ ساڵی داهاتووت بێت، چونکە وەک ٥ ساڵی ڕابردووت ئەبێت، هەتا خۆت نەگۆڕیت. ئەگەر تۆش گۆڕایت، ئەوا هەموو شتێکیتر ئەگۆڕێت لە ژیانتدا. یەکێک بە لە ٥%ەکە. ١٠ ساڵیتر ژمارەکە وەک خۆی دەبێت، تەنها دەمووچاوەکان ئەگۆڕێن. بێگومان هەندێ دەمووچاو لەم ژورەدا دەردەکەون و دەبنە یەکێ لە ٥% کان. ئەمە بە هێواشی ژیان و داهاتووت ئەگۆڕێت.

پێنجەم: توانای بەشکردن

کۆتا توانا کە باسی دەکەین: توانای بەش کردنە. بیدە بە یەکێکیتر. ئەگەر ئەمڕۆ بیرۆکەیەکی باشت وەرگرتووە، بیدە بە خەڵکیتر، مەهێڵە بەس لەلای خۆت بێت. ئەگەر کتێبێکت کڕیوە و سودی هەبووە، بە خەڵکی بڵێ. خەڵکینە، من کتێبێم کڕیوە، یارمەتی زۆر داوم، وایلێکردوم بیربکەمەوە و ژیانی گۆڕیوم و ئێستا تەندروستیم باشترە. بەشی بکە لەگەڵ خەڵکیدا، بەشی بکە لەگەڵ خەڵکیدا. کاتێک کە زانیاری دەدەی بە ١٠ کەس، ئەوان ١ جار گوێبیستی ئەبن، بەڵام تۆ ١٠ جار گوێبیستی ئەبیت. زیاتر یارمەتی تۆ دەدات وەک لەوان. بەڵام کۆن ووتویانە: کاتێ یەکێک بەشی دەکات، هەموو براوە دەبن. بیرۆکەکانت و ئەزموونەکانت و زانیارییەکانت بەش بکە. ئەتوانی بەقەد من چێژی لێ وەربگریت. من هەمیشە دەڵێم: سیمینار کردن، خۆشترین شتە کە ئەیکەم لە ژیانمدا. سود لە کات و ڕۆح و دڵ و ووزەکەم وەردەگرم. هەرچەندە پێویستم بەو هەموو ئەرکە نییە بیکەم، بەڵام دڵخۆشم کە دەیکەم.

- بۆچی؟
لەبەر ئەوەی ووشەکانی ئێوە دڵخۆشم دەکات، شتێکە کە بە پارە ناتوانی بیکڕیت. تۆش ئەتوانی دەست بەم کارە بکەیت، بە دەست کردن بە خوێندنەوەی کتێب. پاشان کتێبی زیاتر. هەتا ڕۆژێک دێت، پێم دەڵێیت: ئەو کتێبەی ووتت، کڕیم. پاشان ژیان و بیرۆکەکانی گۆڕیم. وایلێکردم کە بیربکەمەوە و هەڵسەنگاندن بکەم. تۆش بەشی بکە لەگەڵ منداڵەکەت و برادەرەکانت و هەرکەسێک کە دێتە بەر دەستت.
بەش کردن چیتر ئەکات؟
نەوەک بەس یارمەتی تۆ و کەسەکە دەدات کە لەگەڵی بەشی دەکەیت، بەڵکو لە خۆت گەورەترت ئەکات. ئەگەر پەرداخێکی ئاوی پڕم پێ بێت، ئەو پارداخە ئاوی زیاتر دەگرێت؟
وەڵامەکەی: بەڵێ، بەس ئەگەر لێی بڕژیت لەوەی تیایایەتی. بۆیە ئەگەر تۆ پڕی لە بیرۆکە و شتی باش، ئەوا لێی بڕێژە زیاتر و زیاتر.
بۆچی؟
لەبەر ئەوەی زیاتر و زیاتر دێتەوە جێگەی. مرۆڤ وەک پەرداخ نییە، هەر وەک خۆی بمێنێتەوە. بەڵکو قەبارەکەی گەورەتر ئەبێت. مرۆڤ ئەتوانێ تواناکان و هۆشداری و ئاگایی گەورەتر بکات و زیادی بکات. بۆم دەرکەوتووە کە منداڵ، هەتا بیدەیتێ زیاتر وەردەگرێت، قەت کەم ناهێنێ. لە ئەوروپادا منداڵ ٥ زمان قسە دەکەن.
کاتێ من گەورە بووم، باوکم زمانی ئەڵمانی دەزانی و دایکم زمانی فەڕەنسی بەڵام فێریان نەکردم. نەیاندەزانی لە داهاتوودا چەندە گرنگ دەبێت کە زمان بزانیت. ئەگەر وا نەبووایە، ئێستا من ٣ زمانم دەزانی، نەوەک بەس ئینگلیزی. کچەکەم کە چووە خوێندنگە لە پۆلی یەک، لەوێ ٣ زمانیان فێر دەکردن لەگەڵ ئینگلیزیدا، ئیسپانی و فەڕەنسی و ئەڵمانییان فێردەکردن. لەبەر ئەوەی منداڵ توانای فێربوونی ٣ زمان زیاتری هەیە، زۆر بە ئاسانی فێردەبێ. پرسیارێک، منداڵ چەند زمان ئەتوانێ فێرببێ؟

- ئەوەندەی کە فێری ئەکەیت. ئەوان کەمییان نییە لە قەبارەی وەرگرتندا، بەڵکو کەمییان هەیە لە مامۆستادا. منیش هەمان شت بە ئێوە ئەڵێم، کە ئێوە کورتیتان لە قەبارەی فێربووندا نییە. بۆ ئەوەی قەبارەی وەرگرتن زیاد بکات، پێویست ئەکات بەشی بکەیت ئەوەی هەتە. چەند زیاتر بەش بکەیت، زیاتر گەورەتر دەبیت.
من ئەگەر زانیاری لەگەڵتان بەش بکەم، ئەوا ئاگاییم زیاد دەکات، وە جارێکیتر ئەم شتانەی خۆم گوێ لێ دەبێتەوە. ئەگەر بەم دواییانە هەندێ شتت بەش نەکردبێت لەگەڵ خەڵکانیتردا، ئەوا هەموو شتەکانی ناو ئەم سیمینارە ناتوانی وەربگریت. بەڵام ئەگەر زانیاریت بەش کردبێت و قەبارەی وەرگرتنەکەت زیاد کردبێت، ئەوا دەزانی مانای چییە ئەم شتانەی باسی دەکەم. ئەمە هەلە بۆ گەشەکردن و بەرەوپێش چون و هەڵچنین. من لێتان داوا ئەکەم کە زیهنتان بەرینتر بکەن و گەشەبکەن، بۆ ئەوەی زیاتر بگرن.
هەندێ کەس ناتوانن دڵخۆش بن، جا ئەگەر هەرچی خۆشی دنیا هەیە پێیان بدەیت، لەبەر ئەوەی ئەوان گەورە نین و گەشەیان نەکردوە. ئەگەر تۆ بچوک بیت، ئەوا ناتوانی زۆر وەربگریت و تێی بگەیت، بچوک ئەبیت لە بیرکردنەوە و بوونی ویست. بچوک ئەبیت لە بەنرخ ڕاگرتن، جا گرنگ نییە چەندە خۆشگوزەرانی بڵاوبکەیتەوە بە وولاتدا، هەندێ کەس هەیە زۆرکەم وەردەگرن. بۆچی؟
-لەبەر ئەوەی زۆر بچوکن. بچوکن لە بیرکردنەوە و بەش کردندا، هێشتا نەگەیشتونەتە قەبارەی پێویستی خۆیان. وەک ئەوانە مەبن. هەندێ کەس مێشکیان هیچ وەرناگرێت، لەبەر ئەوەی پەرداخەکانیان بە پێچەوانەوە داناوە، ناتوانی هیچی تێبکەیت. فێربن بەشی بکەن، زۆر زۆر بەنرخ دەبێت بۆتان.

ئامانجدانان

ئامانج ئەو شتەیە کە پاش فێربوونی، هەموو ڕێڕەوی کارەکانمی گۆڕی و دواتر وەک خۆم نەمام. تازە مامۆستاکەمم ناسیبوو، بەیانییەک نانمان خوارد پێکەوە. مامۆستاکەم ووتی: جیم ماوەیەکە پێکەوەین، تاڕادەیەک یەکتری دەناسین. بەس بۆ ئەوەی کە زیاتر یارمەتیت بدەم، ئەمەوێ لیستی ئامانجەکانتم پیشان بدەیت، با بڕۆین پیایاندا و قسەیان لەسەر بکەین.
دەبێ منیش چیم پێ وتبێت؟
پێم وت: من هیچ لیستێکی وەهام نییە!
ئەویش وتی: جیم، ئەگەر لیسی ئامانجەکانت نەبێت، ئەوا ئەتوانم پێت بڵێم کە حیساب بانقیت لە چەند سەد دۆلارێک زیاتری تیادا نییە.
ئەوەبوو کە ڕاستی ووت.
منیش ووتم: تۆ دەڵێی پارەکانم زیاد دەکەن ئەگەر لیستی ئامانجەکانم هەبێت؟
ئەویش ووتی: بەڵێ، یەکسەر دەگۆڕێت.
لەو ڕۆژەوە بووم بە خوێندکاری دانانی ئامانج، پاش دانانی یەکسەر کاریگەری دروستکرد لەسەرم. ئەمەم فێری هاوڕێیەکی خۆم کرد، ئێستا لە هەموو دنیادا بزنز ئەکەین پێکەوە. دانانی ئامانج، ئەکرێت ببێتە دراماياکی بەهێزی ژیانت.
ئامانج چییە؟
- پێش بینی خۆتە بۆ داهاتووت.
بە دوو شێوە ڕوبەڕوی داهاتوو ئەبینەوە. یەکەم: بە ترس و قەلەقییەوە. دووەم: بە ڕابینین و چاوەڕوان کردن. کێ ئەزانێ چەند کەس هەیە کە ڕووبەڕوی داهاتوویان دەبنەوە بە ترسەوە؟ بۆچی؟ هۆکاری سەرەکی، لەبەر ئەوەیە کە باش نەخشەیان بۆ نەکێشاوە. ئەوانە نەخشە کێشانی داهاتووی خۆیان بۆ خەڵکیتر بەجێهێشتووە.

ئەگەر خۆت پلانی خۆت نەکێشیت، ئەوا ئەکەویتە ناو پلانی کەسانیترەوە.

بزانم کێ ئەزانێ، خەڵکیتر پلانی چیان بۆ کێشاوی؟

- شتێکی وا نییە.

ئەو کەسانەی کە وان، ئەبێت لیستی ئەو شتە هیچانە بنوسنەوە بۆخۆیان.

ئەگەر خزمە ڕەشبینەکانت بگۆڕڕێن، ببنە کەسانێکی گەشبین. چی سودێکی هەیە بۆ داهاتووت؟

- شتێکی وا نا

ئەگەر نرخی بازار هەرزان ببێ، چی سودێکی هەیە بۆ داهاتووت؟

- هیچی وا نا

ئەگەر ئابووریمان کەمێک باش ببێت، چ سودێکی هەیە بۆ داهاتووت؟

- شتێکی وا نا

ئەگەر بارودۆخەکە کەمێک باش ببێت، چ سودێکی هەیە؟

-هیچی وا نا

ئەگەر کەش و هەوا بگۆڕێت، چ سودێکی هەیە بۆ داهاتووت؟

- هیچی وا ناد

هەندێ کەس لە ژیاندا دەستیان خستۆتە سەر دەست و ئەتوانن ئەو لیستەتان بۆ بخوێننەوە، وە حسابی ئەو شتە هیچانەتان بۆ بکەن. بۆیە دوای ١٠ ساڵ، کارێک دەکەن کە حەزیان لێی نییە. لە شوێنێک دەژین کە حەزیان لێی نییە، یان ئەبن بە شتێک کە حەزیان لێی نەبوو ببن بەو شتە. ئەویش بە حساب کردنی شتێکە کە زۆر گرنگ دەرناکەوێت. لەوانەیە بڵێی: چۆن ژیانم یەکسەر دەگۆڕڕێت؟

- پێویستە خۆت تاقی بکەیتەوە. یەکێ لەو شتانەی ئەبێت حسابی بۆ بکەی: لێهاتوویت بۆ نەخشەکێشانی داهاتوتە، کە پێی دەوترێت: بەڵێنی داهاتووت. ئەگەر بەڵێنی داهاتووت بە باشی نەخشە بکێشی، ئەوا کاریگەری زۆر نایابی دەبێت لەسەر ژیانت. ئەگەر بە ترس وقەلەقییەوە ڕوبەڕووی داهاتوو ببیتەوە، ئەوا هەموو ڕۆژێ

هەنگاوی دوودڵی هەڵدەنێیت. ئەگەر هەنگاوی نادڵنیایی هەڵبنێی هەموو ڕۆژێ بۆ ماوەی ٦ ساڵ، ئەتوانی بیهێنیتە بەر چاوت کە چەند ژیانت بەتاڵ دەبێت. ئەوەی کە بەستراوە بە بەڵێنی داهاتووەوە، بریتییە لە نرخەکەی. ئەو نرخەی کە دەبێت پێی بدەیت. بەڵام نرخەکەی ئاسانە ئەگەر بەڵێنی داهاتووەکەت ڕون و بەهێز بێت.

یەکێ لە کاری دایک و باوکان، ئەوەیە کە یارمەتی منداڵەکانیان بدەن بتوانن بەڵێنی داهاتوویان بیبینن. بۆیە من خەڵکی فێردەکەم کە ببنە خاوەنی ماڵ و دارایی و لەشێکی تەندروست و کەسانی کاریگەر و کامڵ. ئەو شتانەی کە ئاواتی بۆ دەخوازین پێی بگەین. دەتوانی ئەمە بکەیت، بەهاکەی بریتییە لە کردنی هەندێ پابەندبوون و ڕێکخستنی ڕۆژانە. من پێتان دەڵێم، منداڵان پابەندبوون و ڕێکخستن دەخەنە ژیانی خۆیانەوە ئەگەر بەڵێنی داهاتوو ببینن. بەڵام ئەگەر نەیبینن، ئەوا نایانەوێت کە هیچی پێ بدەن. ئەمەش ڕاستە بۆ هەر هەمووومان. ئامادەین پابەندبوونی زۆر سەیر جێبەجێ بکەین، ئەگەر بەڵێنی داهاتوو ببینین، کە پیی ئەوترێت: دانانی ئامانج.

من لێتان داوا ئەکەم کە خۆتان بەرپرسیارێتی ئەمە هەڵبگرن، وە بۆکەسی بەجێ مەهێڵن. بۆ کۆمپانیاکەتی بەجێ مەهێڵە، چونکە کۆمپانیاکەت ئامانجی خۆی هەیە. ئامانجی تایبەتی خۆت دابنێ، لەسەر داهات و ڕۆحانیەت و ئەتەوێ بەرەو کوێ بڕۆیت و چیت ئەوێ بیبینی و ئەتەوێ ببی بە چی؟ ئەمەیە بەڵێنی داهاتوو، داهاتووی خۆت بە دەستی خۆت نەخشە بکێشە.

ئامانج دانان زۆر ئاسانە، پێویست ناکات لە خۆتانی قورس بکەن. پێیوستت بە تەرکیزێکی زۆر و دووربینیەکی زۆر نییە. یەکەم: بڕیاربە کە چیت ئەوێت، دووەم: ئەوەی ئەتەوێت بینوسەرەوە. چەند زانیارییەکی گرنگە. لیستێک دروست بکە. ئەتەوێ بۆکوێ بڕۆی؟ ئەتەوێ چی بکەی و چی ببینی؟ ئەتەوێ ببی بە چی؟ ئەتەوێ چیت هەبێ و بەشی بکەی؟ چ پڕۆژەیەکت هەیە؟ چ لێهاتووییەک ئەتەوێ فێری ببی؟ ئەتەوێ شتی ئاسای بکەی یان شتی نائاسایی؟ ئەتەوێ شتی سەیر بکەی؟ یان شتێکی زۆر گرنگ؟ بڕیار بدە، بڕیاربدە و

بینووسەرەوە. ئەگەر ئەو لیستەی کە نوسیوتە زۆر شەخسی بوو، حەزتنەکرد کەس بیخوێنێتەوە ئەوا قسەکان بە کۆد بنوسە، بۆ ئەوەی کەس تێنەگات، جا ئەو شتەی کە نوسیت با شتی زۆر سادەبێت یان زۆر بێمانا و گەوجانەبێت، کێشە نییە.

لە لیستی یەکەممدا، تۆڵەسەندنەوەیەکی بچوکی تێدا بوو. ئەوانەی پارەیان کۆدەکردەوە، هەمیشە هەڕەشەیان لێدەکردم. لەبەر ئەوەی پارەی ٣ مانگم نەدابوو، یەکێ تەلەفونی بۆکردم، پێی وتم: دێین سەیارەکەت پارچەپارچە ئەکەین، لەبەردەم ماڵە دراوسێکانتدا بڵاوی دەکەینەوە. کە دوای ئەوەی مامۆستاکەم ناسی و ژیانم بەرەو باشی دەچوو، یەکێ لە ئەوانی ناو لیستەکەمدا بوو، لە بەشی کرێی ئابووری بوو. دوای ئەوەی کە پارەکەم دەستکەوت، پێویستم بە تۆزێ دراما هەبوو کە لە ژیانمدا هەمبێت. پارەکەم کرد بە تاک دولاری، پاشان خستمە ناو جانتایەکی گەورەوە، پاشان چوم بۆلایان. چومە ژورەوە بۆ ئۆفیسەکەیان، ئەو نەفەرەی کە هەموو جارێ هەڕەشەیدەکرد، چومە بەردەم مێزەکەی، مێزەکەی زۆر گەورە بوو.

پێی ووتم: هاا! چی ئەکەی لێرە؟

هیچ وەڵامێکم نەدایەوە. پاشان جانتاکەم کردەوە و هەموو پارەکەم ڕشتە سەر مێزەکەی. پاشان پێم گووت: بیژمێرە، ئەوە هەموو پارەکەیە، ئیتر چاوم بە چاوت نەکەوێتەوە. پاشان پشتم تێکرد و ڕۆیشتم و دەرگاکەم داخست بە قاییمی. ئەم هەڵوێستە لەوە دەکات کە زۆر جوان نەبێت، بەڵام ئەوە ئەهێنێ کە بۆ جارێک تاقی بکەیتەوە لە تەمەنتدا، تۆزێک دراماییە. ئیتر لە لیستەکەمدا سڕیمەوە. لیستەکانم لە دەفتەرەکانمدا دەنووسمەوە. بۆ ئەوەی پاش چەند ساڵێک بەسەریاندا بچمەوە. لەوانەیە پێی خەجاڵەت ببم، چونکە ئەو کات ئەو شتانەم بە گرنگ دانابوو کە وا نەبوون، فەلسەفەکانم چەنێک گۆڕاون لە ماوەی ٥ ساڵدا! ئەمە لیستە کۆنەکانمە، ئەمەش لیستە تازەکانی ئێستام، ئەمانە شتانێکی بە بەهان لەلام. ئەمە ئەوەیە ئەمەوێ پێی بگەم و ببم پێی. لیستەکانت بپارێزە، بۆ ئەوەی

گەورەبوون و ئەو لێهاتووییانەی کە فێریان بوویت و ئەو فەلسەفانەی کە گۆڕاوون پیشانت بدات.
ئەوەی بەنرخە، ئامانج دانانە. جا گرنگ نییە چەندە بچووک یان بێ مانایە. هاوڕێیەکی یابانیم، لە لیستەکەیدا نوسیبووی باخەوانی قەوقازی. ئێستا ئەزانن، کە ئامانج دانان چەندە گرنگە؟ ئەگەر ئەتەوێ بزانی چەندە گرنگە، یەکەم شت بڕیاربدە چیت ئەوێت، پاشان بینووسەرەوە. لەگەڵ منداڵ و خێزانەکەتدا دانیشە و بڕیار بدەن، یان لەگەڵ هاوڕێی ئیشەکەتدا. بینوسەرەوە ولیستێک دابنێ. زۆر ئاسانە. لەسەر لیستی یەکەمم، با شتێکیترتان بۆ باس بکەم. مامۆستاکەم پێی ووتم : جیم، لەوە دەکات کە بۆ ماوەیەک پێکەوە بین، بەڵام من پێش نیيارێکم هەیە بۆت، یەکێکە لەو ئامانجانەی کە پێویستە دایبنێی لەم تەمەنەتدا، بۆچی ئامانجی ئەوە دانانێیت کە ببیتە ملیۆنێر؟ بۆچی؟
مامۆستاکەم ووتی: پێت وایە لەبەر چی من وا دەڵێم؟
منیش بیرم کردەوە: پێویست ناکات کەس فێرم بکات، کە بۆچی ئەمەوێ ببمە ملیۆنێر، وتم: چەندە خۆشە کە ببیتە خاوەنی ملیۆنێک دۆلار. زۆر خۆشە!
-ئەوویش ووتی: نەخێر بۆ ئەوە نییە.
ئەمەی ئێستا پێتانی ئەڵێم بینوسنەوە، لەبەر ئەوەی ئەمە یەکێک بوو لە دەرسە گرنگەکان کە فێری کردم. ئەهێنێت کە هەر چەندێکی پێ بدەی. ئەمەی کە پێتانی ئەڵێم، بیرۆکەیەکبوو لەو بیرۆکانەی ژیانی گۆڕێم.
ووتی: ئامانجی بوون بە ملیۆنێری دابنێ، بۆ ئەوەی ببی بەو کەسەی کە بە دەستی ئەهێنیت. گەورەترین دەرسم وەرگرت لەم ڕستەیەوە کە پێی ووتم. ئامانجێک دابنێ، کە ئەوەنە بتکشێنێت هەتا ئەگەیت بەو کەسایەتییەی کە بتوانێت بە دەستی بهێنێت. چەند هۆکارێکی تازەی بەهێزە بۆ دانانی ئامانج، چەند ئاراستەکردنێکی جوانە بۆ بینینی داهاتوو. بۆ ئەوەی تەماشای ئەوە بکەیت، کە ئایا چ کەسێکت لێ دروست ئەکات ئەگەر پێی بگەیت. لەبەر ئەوەی،

گرنگترین نرخ لە ژیاندا ئەوە نییە کە چیت دەست دەکەوێت (لە پارە و پۆست)، بەڵکو ئەوەیە کە دەبیت بە چی، لە ڕووی کەسایەتی و بیرکردنەوە.
گرنگترین پرسیار لە کاتی چاوپێکەوتنی ئیشدا ئەوە نییە کە بڵێی: من چەندم دەست دەکەوێت لێرە؟ بەڵکو باشترین پرسیار ئەوەیە بڵێی: من ئەبم بە چی لێرە؟ ئەوەی کە بە نرخت ئەکات ئەوە نییە کە چەندت دەست دەکەوێت، بەڵکو ئەوەیە کە: دەبیت بە چی؟
مامۆستاکەم ووتی: ئامانج دابنێ ببیتە ملیۆنێر، لەبەر ئەوەی هەتا ببیتە ئەو کەسەی کە ئەتوانێ ئەوە بەدەست بهێنی.
پاشان ووتی: کاتێ دوای ئەوەی بووی بە ملیۆنێر، ئەوەی گرنگە پارەکە نییە، لەبەر ئەوەی لەوانەیە هەمووی بدەیتەوە بەشت و لەدەستت بڕوات.
بۆم باس کردن پێشتر، کە هەموو پارەکەم لەدەست چوو بە ئیمزایەک، لە ٣١ ساڵیدا ملیۆنێر بووم. بەڵام لە ٣٣ ساڵیدا ئیفلاسم کردبوو. پارەکەم نەدا بەهیچ، بەڵکو هەر هەموویم لە دەستدا بەهۆی هەڵەیەکی زۆر گەمژانەوە.
من کوڕێکی گوند نشین بووم، ئەو پارە زۆرە کە لەو تەمەنەدا دەستم کەوتبوو، زۆر تێکیدابووم، واملێهاتبوو ئەمگووت: چەند ڕەنگت پێیە؟ هەموویم ئەووێت. من شێت بووبووم، بەهۆی ئەو پارە زۆرییەوە من شێت بووبووم. پاشان ئەو هەڵە گەمژانەیەم کرد، گەرەنتیکرنی بەردەوام. چەند کارێکی ساویلکانە بوو، نەمدەزانی بەردەوام مانای چییە. لەگەڵ هەندێ هەڵەیتر کە کردم دوای ئەوە، بەهۆیەوە لە تەمەنی ٣٣ ساڵیدا ئیفلاسم کرد. من چەند ملیۆنێکم لە دەستدا ئەوکات، بەڵام ئەزمونێکی زۆر گەورەم بەدەست هێنا.
بەڵام مامۆستاکەم ڕاستی ووت، کاتێک کە لە تەمەنی ٣٣ ساڵیدا ئیفلاسم کردبوو، بۆم دەرکەوت کە پارەکانم، مانای هەموو سەروەتەکەمی نەبوو، بەڵکو تەنها بەشێکی بچوکی سەروەتەکەمی پیشان ئەدا.

مامۆستاکەم ووتی: جیم، کاتێ کە بووی بە ملیۆنێر، لەوانەیە هەموو پارەکەت بڕوات. لەبەر ئەوە گرنگ پارەکە نییە، بەڵکو گرنگ ئەو کەسەیە کە دەبی پێی.

با تێبینییەکی گرنگتان بدەمێ لەسەر دانانی ئامانج، ئەو ئامانجانە دابنێن کە دەتانکات بە شتێک لە ڕووی کەسایەتییەوە. هەمیشە ئەمەت لە یاد بێت: ئەم کارە چ شتێکی لە مندا زیاد دەکات؟ کاتێک کە هەوڵدەدەیت بۆ شتێک، نەک حسابی ئەوە بکەی کە چیت بۆ بەدەست ئەهێنێ، بەڵکو دەتکاتە چی؟

چەند بیرکردنەوەیەکی جیاوازە لە ئامانج، کە لە دوو بەش پێکهاتوە.

یەکەم: ئامانجەکەت زۆر نزم دامەنێ. لە کۆرسەکانی سەرکردایەتیکردندا ئەم شتانە دەڵێین: هەرگیز مەچۆ ناو خەڵکانی ساکار و ئاسانەوە، هەرگیز گەورە نابیت، بەڵکو بڕۆرە ناو ئەوانەی کە پێشبینی و داخوازیان بەرزە. بڕۆرە ناو ئەوانەی پەستانیانت لەسەرە چونکە لە ناو ئەواندا گەشە دەکەیت و ئەگۆڕڕێیت و بەرەوپێش ئەچیت و فێری خوێندنەوە و لێهاتووی زیاتر دەبیت. من لەگەڵ گروپێکی بچوکم، کە پێکەوە لە سەرانسەری جیهاندا بزنس ئەکەین، ناتوانی پێشبینی بکەی کە چەنێک بەهێزن. لە ڕووی پێشبینی کردنی ئەو شتانەی کە لە یەکتری ئەکەین، بەدەر لە توانای مرۆڤە.

بۆچی؟

- بۆ ئەوەی یارمەتی یەکتری بدەین زیاتر گەورەتر ببین، هەتا زیاتر لە یەکترییەوە وەربگرین. لەگەڵ ئەوانەدابە کە داواکارییەکانیان بەرزە، وە ئەوانەی کە پێشبینینەکانیان بەهێزە، بۆ ئەوەی بەرزت بکەنەوە و هانت بدەن.

سووربە لەسەر ئەوەی وەک خۆت نەبیت لە ٥ ساڵی داهاتووتدا، بۆیە گەشە بکە و بگۆڕێ، ئامانجەکانت نزم دامەنێ. هەندێ کەس ئەڵێن: من پێویستم بە زۆر نییە. ئێ کەواتە تۆ ناتەوێ ببیتە کەسێکی زیاتر و بەرزتر.

دووەم: هەرگیز ڕێککەوتنێکی ناوەندیانە مەکە، خۆت مەفرۆشە. کۆن، هەندێ شتم بەکارهێناوە و کردومە، ئەگەر بمزانیبایە کە چەندێک لەسەرم ئەکەوێت هەرگیز نەمدەکرد، بەڵام نەمزانی. بۆیە هەرگیز خۆت مەفرۆشە.

ئەم تێبینییە بنوسن: گەورەترین خەمباری و دڵتەنگی، ئەوەیە کە لە بارەی کەسایەتی خۆتەوە دڵتەنگ و خەمبار بیت. دڵتەنگی و خەمباری لە دەرەوە نایەتە ناومانەوە، بەڵکو سەرچاوەکەی لە ناخماندایە. ئەمە ئەو شوێنەیە کە داماڵین و داخۆران لێوەی دەست پێ دەکات، ئەوەی کە لە توانای خۆت کەمتر بکەیت، ئەمە ئەو شوێنەیە کە هەوکردنی دڵتەنگی دەست پێ دەکات، کە لەبارەی خۆتەوە هەست بە خۆشی نەکەیت، مەهێڵە ئەمە ڕوبدات.

لە کۆندا جوانیان ووتووە: ئەگەر هەموو دنیات بدەنێ، تەنها لەبری فرۆشتنی ڕۆحت، ئەوا ڕازی نەبیت. ڕێکەوتنی ناوەندی نەکەیت لەسەر باهاکانی ژیانت، و لەسەر فرۆشتنی بەها بەرزەکانی ژیانت و فەلسەفەکانت.~

سەربەخۆیی دارایی

منداڵ ئەبێت فێربکرێت کە ١ دۆلار چی لێبکات؟ با باشترین ئامۆژگاری خۆمتان پێ بدەم، مدناڵ نابێت لە ٧٠ سەنت زیاتر خەرج بکات، یان ئەتوانی خۆت ڕێژەیەکی بۆ دابنێی. کاتێک مامۆستاکەمم ناسی، ڕێژەی خەرجی من ١١٠% بوو. ئەوەتان لە یاد بێت کاتێک خەرجیت زیاتر بێت لە داهاتت، ئەوا ئەوەی هەتە ڕوو لە کەم بوون دەکات.

ئەوەی کە من تاقیم کردبێتەوە و باش بووە، ئەمانەن کە بە منداڵەکان دەڵێم. یەکەم، لە ٧٠% زیاتر سەرف مەکە لەو دۆلارەی کە پێت دەدرێت.

پاشان منداڵەکە چیم لێ دەپرسێت؟

- چی لەو ٣٠ سەنتەیترم بکەم؟

ئەمە ئامۆژگاری منە، ١٠ سەنت بۆ خێر، واتا ١٠% بۆ خێر. یارمەتی پڕۆژە بەنرخەکان بدە، یارمەتی ئەو کەسانەی پێ بدە کە ناتوانن پارە پەیدا بکەن. بەشێک لەوەی کە بەدەستت هێناوە، ببەخشەرەوە. ئەمە فەلسەفەیەکی زۆر نایابە. هیچ شتێک باشتر نیە لە بەزەی و بەخشندەیی، بۆ ئەوەی منداڵەکەت فێری بەرپرسیارێتی و کەسایەتی بکات. هیچ خوێندنگایەک و مامۆستایەک نییە بتوانێت منداڵەکەت وەک بەزەی و بەخشندەی فێربکات. تەنها ١٠ سەنت لە ١ دۆلار. تۆ خۆت ئەتوانی ڕێژەی خۆت هەڵبژێری، ئەمانەی باسیان ئەکەم ڕێژەکانی خۆمە. ئەو کاتەی دەست ئەکەی بەم کارە ئاسانە، لەبەر ئەوەی ١٠ سەنت هیچ نییە کە ببەخشی لە دۆلارێک.

بێگومان! منداڵ ئەو بڕی ١٠ سەنتە لە ١ دۆلار ئەبەخشێ، ئەگەر ئەتەوێ ئەمە بکەیتە بەشێکی فەلسەفەکانیان باشترین کاتە بۆ ئەوەی دەست پێ بکەی لە ١٠ سەنتەوە. چونکە قورستر ئەبێت کە دواتر بتوانێ سەد هەزار ببەخشێ لە ملیۆنێک.

هەندێک هەن ئەڵێن: ئەگەر ملیۆنێک دۆلارم هەبێت، ئەوا سەد هەزار دۆلار ئەبەخشم.
- من گومانم هەیە ئەوە بکەیت. باشترین کات بۆ دەست پێکردن ئەوکاتەیە کە بڕەکە بچوکە، پاشان بۆ دواتر کە زۆر دەبێت ئاسان ئەبێت لەسەرت.
وە ١٠ سەنتیش بۆ ئەوەیە کە من پێی ئەڵێم سەرمایەی چالاک. سەرمایە بە واتای ئەوەی کە خۆی پارە قازانج دەستەبەر بکات. کۆمەڵگای ئێستا کۆمەڵگایەکی سەرمایەدارییە، هەموو خەڵک حەز دەکەن خۆیان پارەی خۆیان پەیدا بکەن لەم سەردەمەدا. سەرمایە دەبێت لەلای خاوەنەکەی بێت، زیرەکی لێرەدا دەردەکەوێت کە قازانج بکەیت لە کڕین و فرۆشتندا.
فێری منداڵانی ئەکەم کە قازانج باشترە لە موچەخۆری. موچەخۆریش کێشەی نییە، موچەخۆری ژیانت بۆ دابین ئەکات، بەڵام کاری تایبەت بە خۆت سەروەتت بۆ بەدەست ئەهێنێت. ئەمە فەلسەفەیەکی ئابووری یە.
چەندەها ڕێگە هەیە بۆ قازانج کردن، خەریکی نوسینی کتێبێکم، بە ناوی منداڵان دەبێ باج بدەن. کتێبێکی زۆر سەرنج ڕاکێش دەبێت. لەم شارەی خۆم تیایا دەژیم، منداڵان باج دەدەن. کاتێ منداڵێک ئەچێت بۆ دوکانێک شتێک بکڕێت بە ١ دۆلار. دوکاندارەکە ٧ سەنتی زیاد لێ دەسەنێت.
منداڵەکە دەپرسێت: ئەو ٧ سەنتە بۆ؟
- ئەویش دەڵێت: ئەمە بۆ باجە.
- منداڵەکەش ئەڵێ: خۆ من تەنها ٨ ساڵم!
- دوکاندارەکەش دەڵێ: پیرۆزبایت لێ ئەکەم تۆ گەنجترین باجدەری دوکانەکەی منی.
لە کالیفۆڕنیا منداڵان باج دەدەن، پرسیارەکە ئەمەیە: ئایە ئەبێت پارە بدەن؟

بۆیە نانونیشانی کتێبەکەم ئەمە ئەبێت "بەڵێ منداڵەکان دەبێت باج بدەند".

شوێنکەوتوەکەی حەزرەت، چوو ماسی بگرێت و ئاڵتونی دۆزییەوە، پاشان باجی حەزرەتیدا و باجی خۆشیدا. کاتی خۆی حەزرەتی عیسا باجی داوە، پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا ئەبێت بیدات؟

جوابەکەی: بەڵێ بێگومان. جا حەزرەت بێت یان منداڵێک، دەبێ هەمووان پارەی باج بدەن.

بەڵێ بە تەئکیید، بەڵێ بێگومان، منداڵێکی ٨ساڵ کە پاسکیلەکەی لێدەخوڕێت لەسەر جادەیەکی باش لەجیاتی جادەیەکی قووڕاوی دەبێت باج بدات، چونکە جادەکان پارەیان تێچووە.

ئەو شتانەی کە بە قازانج هەژمار ئەکرێت زۆرن، نەوەک تەنیا پارە بێت. بۆ نمونە، ئەگەر شتێک هاتە بەردەستت و بەکارتهێناو باشتر بەجێت هێشت وەک لە پێشتر، ئەوە قازانجە. هەندێ قازانج هەیە بەرجەستە نیە، هەندێکیان نادیارن. هەموو کەسە کامڵەکان، پێش ئەوەی ژووری ئوتێلەکەیان بەجێ بهێڵن، هەموو گڵۆپەکان ئەگوژێننەوە.

بۆچی؟

- لەبەر ئەوەی ئەیانەوێ قازانج بەجێ بهێڵن دوای خۆیان، زۆر کارێکی ئاسانیشە، تەنها پلاکێکە. لەوانەیە بڵێی: ئەوە سوود بە ئوتێلەکە دەگەیەنێ، ئەوە کەی مەسەلەیە؟!!

ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە قازانج بەجێ بهێڵی دوای خۆت. جارێکیان لەگەڵ خاوەن شوقەیەکدا قسەم کرد. ووتی: زۆربەی خەڵکی کە شوقەکان چۆڵ دەکەن، دوای خۆیان خۆڵ و خاشاکەکەیان بەجێدەهێڵن. خراپتر لەوەی کە کەوتۆتە دەستیان جێی دەهێڵن، چەند ناوبانگێکی خراپە!! هەرشتێک کە دەستت بۆی برد، بیگۆڕیت بۆ تەنەکە خۆڵ و پیسی و زبڵ. هیچ شتێک نەبێت کە کەوتبێتە دەستت و باشتر بوو بێ.

ئەمەی دەیبینن، چەند فەلسەفەیەکی هەژارانەیە!! ئەمەیە بەرەو نەبوونی و دەستکورتیت ئەبات. ژیانێکی بێ هیوا لەوێوە دەست پێ دەکات. ئەوە گرنگ نییە کە گڵۆپەکەت کوژاندۆتەوە، بەڵکو ئەوە گرنگە ببیتە خاوەن بیرێکی قازاج ویست. لەبەر ئەوەی قازانج باشترە لە مووچە خۆری، چونکە تەنها قازانج دەوڵەمەندت ئەکات، موچەخۆریش تەنها ژیانت بۆ دابین ئەکات.

بۆیە منداڵان فێردەکەم کە بەشێک لەوەی بەدەستیان هێناوە بۆ خێر دابنێن، بەشێکیش لێی بۆ خستنە کار دایبنێن. لە کتێبەکەمدا باس لەو ڕێگایانەش دەکەم کە منداڵ پارەی ئەتوانێ پێ پەیدا بکات. من فێری منداڵانی ئەکەم کە ٢ پاسکیلی هەبێت، یەکێکیان بۆ خۆی و ئەوەیتر بۆ ئەوەی بیدات بە کرێ. بزنز کردن کارێکی قورس نییە، پێویست ناکات عەبقەری بیت، بەس تۆزێ چاوکراوەبە ئەتوانی قازانج بکەیت.

پاشان ١٠ سەنتەکەی ئاخر پێی ئەوترێت "سەرمایەی ناچالاک". مانای وایە کە تۆ ئەو پارەیەت بەیت بە یەکێکیتر بەکاری بهێنێ، کە تۆی تێدا نیت لەو کارەدا تەنها ئەوان کاردەکەن و چالاکن، ئەوان لەبری پارەکەت قازانجت ئەدەنێ. ئەمە ڕێگەیەکی تایبەتییە بۆ دەوڵەمەند بوون.

لە تەوراتدا قسەیەکی باش هەیە لەسەر ئەمە، ئەڵێت: قەرز وەرگر خزمەتکاری قەرز دەرە. هێز و قووەت لەلای کێیە؟

- بێگومان کەسی خەرجکەر نییە. بەڵکو قەرزدەرەکەیە. فێری هەرزەکاران ئەکەم کە کاتێک گەورە ئەبن، شتێک لەو شتانەی کە پێویست ئەکات ببن، ئەوەیە کە خولیای ئەوە بکەن یەکێک بن لەو قەرز دەرانە. یارمەتی خەڵکی بدە با پارەکانت بەکار بهێنن بۆ پڕۆژەکانیان. جا پارەکەت بکەیتە هەچ کارێکەوە یان هەر شتێکەوە، لەبری ئەوە کەمێک قازانج وەربگرە.

سەیارەیەک بکڕە و بیفرۆشە بە گرانتر لە نرخی خۆی. بۆچی؟

- لەبەر ئەوەی باشترت کردووە وەک لە ئەوەڵ جار کە کڕیووتە. هەرشتێک دەستت بۆ برد با قازانج دوای خۆی بەجێ بهێڵێ. ئەم شتانە بەس لەسەر پارە نییە، بەڵکو لە هەموو بەشەکانیتری ژیانتدا سودی هەیە. وەک ئەوەی کە چۆن کاتەکانت بەکار ئەهێنی و سودی لێ وەردەگریت.

ئەمە من ناوی دەبەم بە "خەیاڵ". بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەو خەیاڵانە بخەیتە کار و بەرەوڕووی بڕۆیت و کاری لەسەر بکەیت، چونکە لەوانەیە باری هەندێک کەس ئەوەندە باش نەبێت بتوانێ ئەمانە بکات، هەندێ هەیە کە خاوەنی هیچ نین. بۆیە ئاساییە، لە بڕێکی زۆر کەمەوە دەست پێ بکات کە خەرجی ٩٧% بێت و ئەوانیتر ١ بە ١ بە ١ بێت.

مامۆستاکەم فێری کردم کە ئەو پارەیەی هەمە گرنگ نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە پلانەکەمە. ئەو کاتەی کە مامۆستاکەم ناسی، پێم ووت: ئەگەر پارەی زیاترم هەبووایە، پلانی باشترم دادەنا.

ئەویش ووتی: نەخێر، ئەگەر پلانێکی باشترت هەبووایە، ئەوا پارەی زیاترت دەبوو. دوای ٦ ساڵ هیچت نەکردا!! ئەوەی هەژمار ئەکرێت پارەکە نییە، بەڵکو پلانەکەتە. ئەتوانی پلانێکی واهی دابنێیت، ئەم ژمارانەش ئەتوانی دەستکاری بکەیت بە دڵی خۆت، ئەمەی نوسیومە تەنها نمونەیەکە. پلانێک دابنێ و پاشان هەنگاو هەڵبنێ بەرەو ڕووی. چونکە ئەگەر بارودۆخت باشتر بوو، ئەوا ئەم ژمارانەش دەگۆڕڕێن. چونکە ئەو کەسەی کە پارەی زۆر بێت، پێویست ناکات لە ١ دۆلار ٧٠ سەنت خەرج بکات، ئەمە زۆر زۆر ئەبێت بۆی.

بۆیە ئەم ژمارانە لەگەڵ بارودۆخی خۆتدا بگۆڕە. بۆیە لەوانەیە خەرجیت ببێتە ٢٠%، ئەوانی تر زیاتر ببن. ئەم ڕێژانە ئەگۆڕڕێن، من تەنها باسی فەلسەفەی بابەتەکەم بۆ کردن. بیرتان نەچێت فەلسەفە وەک ئاراستەکردنی بەلەم وایە. باری ئابووری ئاراستەی بەلەمەکەت ناکات، بەڵام ئاراستەی بەلەمەکەت بەهۆی فەلسەفە و پلان و

بیرۆکە و بیرکردنەوەکانتەوەیە. هەرگیز پلان و بیرۆکەی کەسێکیتر بەکار مەهێنە، فەلسەفەی خۆت دارێژە، پاشان ئەگەیت بە شوێنی زۆر تایبەت.

حەزدەکەم چەند شتێکیترتان بۆ باس بکەم لەسەر ئەم بابەتە، پاشانیش قسە لەسەر چۆنییەتی ئاخاوتن و پەیوەندی بەستن دەکەم و تەواو دەبین.

2 شت باس دەکەین کە یارمەتیت ئەدات بۆ سەربەخۆی دارایی.

یەکەم: ئاگات لە حساباتت بێت بە ووردی

ئەمە لە گرنگترین پابەندبونەکانە. هەرگیز گووێ بیستی ئەمە بوون، نازانم پارەکانم بۆکوێ چووە؟!! ئێمەش پێی ئەڵێین: زۆر خۆش حاڵ ئەبین کۆمپانیاکەمان بەڕێوە بەریت، لەبەر ئەوەی نازانی کە پارەکان بۆ کوێ چوون!! ئەمە وەک ئەوە وایە بڵێی: لە دەستم ڕابکە و دوربکەوەرەوە.

پێویستە پابەندبوونی باشتر دابنێی بۆ خۆت. هەرچەندە لە کەسانی ٩٧% بیت، بەڵام ئاگات لە فەلسەفەکانت بێت وەک ئەوان نەبێت، بەڵکو هی خۆت بێت. ئاگات لە حساباتت بێت.

دووەم: هەڵوێستت جوان بێت

کاتی خۆی پێویستی ئەکرد هەڵوێستم باشتر بکەم بەرامبەر باجدان.

چونکە دەمگووت: من ڕقم لە باجدانە.

مامۆستاکەم ووتی: ئەوە ڕێگەیەکە بۆ ژیان.

منیش ووتم: یانی هەموو کەسێ ڕقی لەوە نییە کە باج بدات؟

- ئەویش ووتی: نەخێر، وا نییە.

ووتی: کاتێک تێگەیشتی باج بۆچی وەردەگیرێت، وا ناڵێیت. لە سیستەمی ئێمەدا باج وەردەگیرێت بۆ پارەدان بەو قەرزانەی کە

هێلکەی ئاڵتونمان بۆ دەکەن. ئایا ناتەوێت کە خواردن بدەی بەو قازانەی هێلکەی ئاڵتونیمان بۆ ئەکەن؟

لەوانەیە بڵێن: قازەکانمان زۆر ئەخۆن.

- منیش ئەڵێم: ڕاست ئەکەیت، تێت ئەگەم. بەڵام قازێکی قەڵەومان هەبێت باشترە وەک لەوەی کە هەر نەمان بێت. بەڵام ڕاستییەکی تر هەیە، ئەوەیە کە ئێمەش هەموومان زۆر ئەخۆین. با قەڵەوێک قسە بە قەڵەوێکیتر نەڵێت.

ئەزانم، ئەبێت حکومەت ڕێجیم بکات، لە هەمان کاتیشدا زۆربەی ئێمەش پێویستیمان پێیەتی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەبێت کە خواردن بدەین بە قازەکانمان، بۆ ئەوەی هێلکەی ئاڵتونیمان بۆ بکەن. بۆیە هەڵسوکەوتێکی باشت پێویستە هەبێت لەمەدا. نەک وەک من کە جاران دەمگووت: من ڕقم لە باجدانە. منیش بە مامۆستاکەم ووت: هەموو کەسێ ڕقی لە باجدان نییە؟

- ئەویش ووتی: نەخێر وانییە، هەندێکمان ئەوەمان تێپەڕاندووە.

ووتم: ئەکرێت کە باجدانت خۆش بووێت؟

- ووتی: بەڵێ ئەکرێت. بەوەی کە خەرجیەکانت کەم بکەیتەوە و پارەی بەدەست هاتووت زیاد بکەیت، حەزناکەیت وا بکەیت؟ کەواتە دەست بکە بە هەڵسوکەوتێکی تازە لە ئێستاوە.

ئەم جارەی دابێت کە ١٠٠$ ئەنێریت بۆ باج، تیایا بینووسە، من زۆر گەشبینم بە پێدانی ئەم ١٠٠ دۆلارە. ئەوان نامەی وەهایان زۆر پێ ناگات. بە کەم کردنی خەرجیەکانم و زیادکردنی داهاتم، وێنەی خۆم ئەگۆڕم.

پارە بخەرەوە ناو سیستەمی پارە، وە خواردن بدە بە قازەکانت با هێلکەی ئاڵتونیت بۆ بکەن. ئەمە بەشێکە لە هەڵسوکەوت.

ئەمە ئاخیر شتە لەسەر هەڵسوکەوت، هەموو کەسێ دەبێ پارە بدات. ژیان هەمووی دەرفەتە، بەڵام ئەبێت هەمووان پێکەوە دروستی بکەین و بەشی بکەین.

لە تەوراتدا چیرۆکێک هەیە، ئەڵێت: حەزرەتی عیسا لەگەڵ شوێن کەوتووەکانی لە خانەی باج و خەزێنەی وولاّتدا دەبن سەیری خەڵکی دەکات کە دێن و پارە دەدەن بە خەزێنەی وولاّت. ساتێکی خۆشە کە خەڵکی پارە دەدەن و حەزرەتیش سەیریان دەکات و ئەپرسێت: ئەوە چەندی دا؟

پاشان هەندێک هاتن و پارەی زۆریان دەدا، هەندێکی تر ئەهاتن و پارەیەکی کەمتریان ئەدا. بەلاّم پاشان ئافرەتێک دێت و ٢ فلس ئەدات، حەزرەت بە شوێن کەوتەکانی ئەڵێت: سەیری ئەو ئافرەتە بکەن!! شوێن کەوتەکانی سەریان سوڕدەمێنێ و ئەڵێن: ٢ فلس چییە؟!

- ئەویش ووتی: ئەو ئافرەتە لەهەموو کەس زیاتری داوە.

ئەوانیش ووتیان: ٢ فلس لە هەموو کەس زیاتر بوو کە داویەتی؟

- ئەویش ووتی: بەڵێ. ئەو ٢ فلسە، زۆرترینی سەروەتەکەی بوو کە هێناویەتی. کاتێکیش کە زۆرترینی سەروەتەکەتت بەخشی، ئەوا تۆ زۆرترینت داوە. چەند دەرسێکی گەورەیە کە فێری ببین. بڕی پارەکە نیشانەی زۆری و کەمی نییە، بەڵکو بەراوورد ئەکرێت بە هەموو ئەوەی هەتە.

دانایی ئەم نمونەیە لەوە دایە کە هەندێ شت هەیە کە ڕووینەداوە تێیدا. ئەو شتەی عیسا نەیکردووە ئەوەیە، بچێتە سەر سندوقی خەزێنە و ئەو پارەیە دەربهێنێ، پاشان ڕابکات بەدووای ئافرەتەکە و پێی بڵێت: من و شوێن کەوتەکانم، بەزەیمان هاتەوە پیاتا کە تۆ فەقیریت، بڕیارماندا کە ئەو پارەیەت بدەینەوە. من پێتان ئەڵێم حەزرەتی عیسا هەرگیز شتی وای نەکردووە. ئەگەر ئەوەی بکردایە، ئەوا دەبوویە سوکایەتی بۆ ئافرەتەکە.

بۆیە وەڵامی دەدایەوە و دەیگووت: من ئەزانم پارەکەم زۆر کەمە، بەلاّم ئەوە زۆرترین پارەی خۆمە بۆم هێناویت. تۆ ناهێڵی بەژداری بکەم لەم یارمەتیدانەمدا؟! ئەگەر بە ٢ فلسیش بێت؟!

عیسا هەرگیز شتی وای نەکردووە. ئەوەی باس نەکراوە ئەوەیە، عیسا ئەو ٢ فلسەی دەستکاری نەکرد، واتای ئەوەیە کە دەبێ هەموو کەس بەژدار بێت جا ئەگەر تەنها بە چەند فلسێک بێت. جا ئەگەر بە بڕێکی زۆر بێت یان کەم یان بە چەند فلسێک بێت.
بەشێکی سیناریۆکە سەرف کردنە، بەشێکیشی بریتییە لە بەرهەم هێنی، بەشێکیشی قازانج کردنە، بەشێکی بدەی بە فەقیر و هەژاران. فەلسەفەی خۆت، خۆت دایبنێ. ئەم ڕەقەمانەی من بەکار مەهێنە. تەنها ئەمەوێ کە یارمەتیت بدەم بیر بکەیتەوە لە دروست کردنی فەلسەفەی ئابووری. کە خەبەرت بکاتەوە زوو بەیانیان و بیر بکەیتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو ئیمکانییاتانەی لەبەر دەستتدایە، وە بیگۆڕیت بۆ بەدی هێنانی ئەو خەونانەی کە هەتە. ئەمەش چیرۆکەکانی من بوون لەسەر چۆنییەتی دروست کردنی ئابوورییەکی سەربەخۆ.

پەیوندی کاریگەر

بابەتی پێش کۆتایی لەسەر "پەیوەندی دروستکردنە"، چۆن کاریگەری دروست بکەین بە ووشە.
وشە وەک موعجیزە وایە، لەبەر ئەوەیە کە گرنگە. ووشە زۆر بەهێزە، ووشە ئەو شتەیە کە خوا حەزی لێیەتی. نوسراوە کۆنەکان دەڵێن: "خوا ووشەیە، ووشەش خوایە". پار لە سیمینارێکدا لە ئیسرائیل باسی چیرۆکی دروست بوونی کەونم کرد، کە زۆر تایبەتە. لە ئەوەڵی جۆڤاها خوای گەورە ئەفەرموێ: "ڕوناکی دروست ببە، پاشان ڕوناکی هاتە دروست بوون". واو!!
وا دەردەکەوێ کە ووشەیەک بووە بە ڕوناکی، ئەگونجێ شتی وا؟
- من ئەڵێم ئەمە ئەگونجێ، مرۆڤیش تا ڕادەیەک ئەم توانایەی تێدایە. جا ئەگەر یەکێ بتوانێ کە توانا و هێزی خۆی ببینێ کە ئەتوانێ چی بکات و چۆن ئەتوانێ سەرکەوتوو ببێت، وە چۆن ژیانی خۆی بگۆڕێت بۆ ژیانێکی سەرکەوتوو وە لەشێکی تەندروست. پاشان چیرۆکی ژیانت بۆ خەڵکی باس ئەکەی لەگەڵ هەندێک چیرۆکیتر کە کۆت کردۆتەوە وە دوای پێشکەش کردنی سیمینارێکی باش، گوێگرەکان دەڵێن: "ئێستا ئێمە دەتوانین ببینین، پێش ئەوەی بێینە ئێرە ئێمە کوێر بووین و ئێمە لە تاریکیدا بووین. کاتێک کە قسەت بۆ کردم، وەک ئەوە وابوو کە ڕۆژ هەڵبێت بەسەرمدا".
ئایە ئەگونجێ کە ڕووناکی بخەیتە ناو دڵو دەروونی مرۆڤەوە بەهۆی ووشەوە؟
- بەڵێ بێگومان.
یەکێ لە گەورەترین دەرفەتەکانی ژیان ئەوەیە کە یەکێ بتوانێ قسە بۆ کەسێکیتر بکات، کە هێز و توانایەکی زۆر دروست بکات، وەک باوک کە قسە بۆ کوڕەکەی دەکات، دایکێک بۆ کچەکەی، یا کابرای

فرۆشیار قسە بۆ کڕیار دەکات. هیچ شتێک لە ووشە بەهێزتر و ئەفسوناویی تر نییە، چونکە ووشە توانای گۆڕینی ژیان و داهاتووی خەڵکی هەیە. بۆیە فێربە کە بەهێزبیت لە گفتوگۆ کردندا.
با چەند کلیلێکی گفتوگۆی بەهێزتان پێ بڵێم:

یەکەم: شتی باشت پێ بێت بۆ ووتن

گفتووگۆ لە ئامادەکارییەوە دەست پێ دەکات، ئامادەبە بۆ ساڵی داهاتوو کە بتوانی قسە بکەی، بەژداری سیمینار و پەیمانگاکان بکە، چەندت توانی کتێب بخوێنەوە با شتێکی باشت پێبێ بۆ ووتن.
چوار شت یارمەتیت ئەدەن بۆ ئەوەی شتێکی باشت پێ بێ بۆ ووتن:

یەکەم: خولیا

خولیا دروست بکە لەسەر بابەتەکانی ژیان وەک سیاسەت و ئاین و ئابووری و کۆمەڵایەتی و شتی تر.

دووەم: حەزلێ کردن

٦ ساڵی یەکەمی منداڵ بۆیە وا زوو فێردەبن، چونکە حەزی لێیەتی. هەرزەکارەکان بەسەر مێروولەکاندا دەڕۆن، بەڵام منداڵەکە دەڵێ: "وا مەکە، من سەیریان دەکەم و لێیان فێردەبم مێروولەکان چۆن ئەتوانن شتێک هەڵبگرن کە لە خۆیان گەورەتر بێت" هەمووی بەهۆی هەبوونی حەزەوەیە.
شتێک هەیە کە لێوەی فێر بووم، دڵتەنگیت و بێزاریت بگۆڕە بە دڵخۆشی. بەهۆیەوە زۆر شت فێر ئەبیت، من کارم کردووە لەسەر ئەمە، زۆر باشم تێیدا. لە دەرەوەی شار بووم ئەچووم بۆ فڕۆکەخانە، فڕۆکەکە دوای ٤٥ دەقیقە دەڕۆیشت، لە ئێزدیحامدا بووم و سەیارەکان نەدەڕۆیشتن. من لەو کاتەدا دڵخۆش بووم، هەموو کاتێک شتەکان وەک ئەتەوێ ناڕوات!

بەڵام ئەو کاتانەی کە کارەکان باشئەڕۆن، ئەوا تۆ باشتر ئەبیت لە هەموو شتێکدا. دڵخۆش بە لەبری دڵتەنگی و بێزاری، ئەوەندەی ئەتوانی کاتەکانت بکە کاتێکی خۆش بۆخۆت.

سێهەم: هەستیاری

هەمیشە دەپرسین لە کەسەکان کە چ کارەیە و لەکوێوە هاتووە و شتی تر، هەموو کەسێک وەک تۆ بار و تەندروستی باش نییە، هەندێ کێشە و هەندێ قورسی زیاتریان لە ژیاندا هەیە. پێویستە هەستیار بیت بەرامبەر بە خەڵکی و بزانی لە چ بار و حاڵێکدان، لەوانەیە لەو کاتەدا لە بارێکی خراپی جێی بەزەیدا بن، هەستیاربە بەرامبەر ئەو شتانە.

دوو شت هەیە لەسەر حەزرەتی عیسا باسی دەکەن.

یەکەم "هەموو شتێ کاری لێ دەکرد"، بە کەسێک کە باری تەندروستی خراپ بووایە، کاری تێ دەکرد، یان باری ژیانی خراپ بووایە کاری تێ دەکرد

دووەم "دەیجولاند"، واتە کاریدەکردە سەر هەستی و دەیجولاند. ئەگەر ئەتەوێ زۆر باش بیت لە گفتوگۆدا دەبێت کارتێ بکات و بتجولێنێ. ئەگەر بمەوێ تێبگەم لە ئازاری خەڵکی، دەبێت ئازارەکانی خۆمم بیر بێت. با جارێکیتر برینەکەت بکولێتەوە، ئەمە هەڵسوکەوتی کەسی بەهێزە. هەستەکان، بەهۆی بیرکەوتنەوەوە دێنە سەر ڕووی سەرەوەی مرۆڤ، وە بەهۆی ووشەی زۆر بەهێزەوە ئەو هەستانە ئەگات بە کەسی بەرامبەر.

چوارەم: زانست

ووشەی ئاخیرمان "زانستە"، پێویستە شت فێربیت و زانیاری کۆبکەیتەوە، قۆڵتان هەڵبکەن و دەست بکەن بە زانست و زانیاری کۆکردنەوە و لە دەفتەرەکانتدا بینوسەوە، ئەو زانیاریانەی لەسەر کاسێت و میمۆریەکانن کۆی بکەنەوە. تەمەڵ مەبن لە فێربووندا، لەبەر ئەوەی بەهێزترین بەشی گفتوگۆ بریتییە لە خۆ ئامادەکردن.

دوەم: باش دەربڕین

بەشێکیتر لە گفتوگۆی باش بریتیە لە "باش ووتن". یەکەم "شتێکی باشت پێ بێت بۆ ووتن". دووەم "باش ووتن".
ئەو شتانە چین کە یارمەتیت ئەدەن بۆ باش دەربڕین؟

- یەکەم: دڵسۆزی

باشترین شوێن کە لێوەی دەست پێ بکەی بۆ گفتوگۆیەکی باش، دەرخستنی دڵسۆزییە.

دووەم: ناوبانگ

یەکێک لەوانەیە بڵێ: "من ئەکتەر بووم بۆ **٣٣** ساڵ". منیش ئەڵێم: "پێویستە سیمینار بکەی بۆ خەڵکی، لەبەر ئەوەی **٣٣** ساڵ ماوەیەکی زۆر باشە.

سێهەم: کورت و پوختی

هەندێ کات ئەگەر دڵسۆز بووی، ئەوا پێویستت بە بەکارهێنانی ووشەی زۆر نامێنێ. عیسا کە شوێنکەوتەکانی خۆی کۆدەکردەوە و قسەی بۆ دەکردن، ماوەی ووتارەکانی زۆر کورت بووە. یان کە بە ناو شاردا ڕۆیشتووە، سەیری یەکێکی کردووە و پێی ووتوە: "شوێنم بکەوە". ئەم قسەیە زۆر کورتە، باشە چۆن توانیویوتی ئەو ووشە کورتانە بەکار بهێنێ؟
- لەبەر ئەوەی کەسێکی زۆر دڵسۆز و خاوەن ناوبانگ بووە، بۆیە پێویستی نەکردوە زیاتر بڵێ.

چوارەم: ژمارەی ئەو وشانەی کە دەیزانی

دەبێ خۆت فێری ووشەی زیاتر بکەی. هاوڕێیەکم ڕاپرسی کردبوو لە گرتوو خانەیەکدا، بۆ کارێکی چاکسازی بوو، پاش ڕاپرسییەکە بۆیان دەرکەوت کە پەیوەندییەکی زۆر بەهێز هەیە لە نێوان هەڵسوکەوت و ژمارەی ئەو ووشانەی کە دەیزانی.

بۆیان دەرکەوت، هەر چەندێک ووشە کەمتر بزانی ئەوا زیاتر ڕەوشتت لاوازتر و خراپترە. کاتێ بیری لێ ئەکەیتەوە هەست ئەکەی کە ڕاستە، چونکە ووشەکانمان لێکدانەوەیە بۆ شێوەی تێڕوانینمان. ئەگەر ووشەی زۆر نەزانیت، ئەوا ژیان باش نابینیت. ئەزانی ئەمە چەند کاریگەری هەیە لەسەر هەڵسەنگاندنی هەڵە، کاتێ باش نەبینیت!!
ووشەکان دەریدەخەن کە چی دەگوزەرێت لە ناو مێشک و دڵتدا، بیربکەرەوە کاتێ کە باش نەبینیت و باش نەتوانی دەریبڕیت، ئەمە چ سیناریۆیەکی تراجیدیایە!
ئەی ئەگەر ٥ ساڵ یان ١٠ ساڵ ئاوا بیت، هیچ پەرەی پێ نەدەیت؟
ڕەوشت کێشەیەکی زۆر سەرەکییە، چونکە دنیای ئەو کەسە بچوک و بچوکتر ئەکاتەوە، بۆچی؟
- لەبەر ئەوەی کە ناتوانن ببینن و باش دەربڕن، لە کۆتایدا خۆیان لە ژورێکی بچووکدا ئەدۆزنەوە (کە ژووری گرتووخانەیە)، دنیای ئەوان زۆر بچوکە لە ناوەوە بۆیە لە دەرەوە پێویستیان بە دنیایەکی گەورە نییە.
داواتان لێدەکەم کە ووشەی زۆر بزانن، کۆن، ووشەم لەسەر پەڕەی بچوک ئەنووسی و تا کۆتای ڕۆژەکە بە لایەنی کەم ٣ وشەی نوێ فێر ئەبووم. کچەکەم لەگەڵ منداڵەکانیا، ڕۆژەکەیان بە بەرنامەیەک دەست پێ دەکەن، کە ناوی ناوە "ووشەی ئەمڕۆمان". لەسەر تەختە ڕەشێک ووشەی ڕۆژەکەی ئەنوسێ، هەموو ووشەکان لەبەر دەکەن لەگەڵ ماناکەشیان، پاشان لەیەکتری ئەپرسنەوە: ووشەی ئەمڕۆمان چی بوو؟ ئاخر جار کەچووم بۆ ماڵیان، ووشەی ئەو ڕۆژەیان "ڕوکەشی" بوو. دوو منداڵی هەیە، کچەکەم بە منداڵەکانی دەگوت:
ووشەی ئەمڕۆمان چی بوو؟
منداڵەکەشی دەیووت "ڕوکەشی".
پاشان ئەیگوت: ئەی مانای چی بوو؟
ئەویش وەڵامی دەدایەوە: لەسەر ڕووی سەرەوەیە.

لە ڕۆژەکەیا چەند جارێک لێی دەپرسینەوە. ئەگەر لە منداڵەکان بپرسیت: ئاخیر جار کە باپیرەتان لێرە بوو، وشەی ئەو ڕۆژە چی بوو ؟ وا بۆی دەچم بیزانن.

بۆچی ڕۆژانە وشەیەک فێر نەبین؟ بۆچی ڕۆژێ وشەیەک نەخەینە سەر فەرهەنگی مێشکمان، بۆ ئەوەی باشتر ببینین و زیاتر ببینین و دەربڕینمان باشتر بکەین، بۆ ئەوەی ئەو ووشانەی لە دڵ و دەروونماندایە باش دەریان ببڕین، ئەمە زۆر گرنگە.

خاڵی یەکەم "شتێکی باشت پێ بێت بۆ ووتن".

دووەم "بە باشی بیڵێ"، ئەمەشیان کۆتا دانە یانە:

سێیەم: گوێگرەکانت بخوێنەوە

ئەمە تەنها بیرۆکەیەکی بچوک بوو ووتم: گوێگرەکانت بخوێنەوە. ئەگەر قسەت بۆ منداڵێک کرد، دەبێت شارەزایت هەبێ لەسەر دەموچاوی منداڵ، دەبێ هەندێک شت لەسەر زمانی جەستە بزانیت، بۆ ئەوەی بزانی کە چی دەگوزەرێت. بۆ ئەوەی کە بزانی کەی هێواشی ئەکەیتەوە و کەی پێویست ئەکات بەهێزتری بکەیت، پێویستی نەرم بوونەوە و بەهێزکردنی دەنگت بەهۆی خوێندنەوەی گوێگرەکانتەوە دەبێت.

کە یەکەم جار دەستم کرد بە سیمینار، کێشەم هەبوو لەمەدا. زۆر چوبومە ناو تێبینییەکانمەوە، دەرسم ئاوا دەوتەوە کە بوو بویە هۆی ئاگا نەبوونم لە گوێگرەکانم. نەمدەزانی کە لە چ حاڵێکدان، ئایا پێویست ئەکات بەهێزتر قسە بکەم یان نا؟ نەم ئەتوانی گوێگرەکانم بخوێنمەوە. بۆیە فێربە بییانخوێنیتەوە، توانای گوێگرتنیان ببینە.

ئەو شتانە چین کە یارمەتیت ئەدات گوێگرەکانت بخوێنیتەوە؟

- یەکەم: لە ڕێی بینینەوە

زمانی جەستە هەندێ شتت پێ ئەڵێت، کەی دەست پێ بکەی و کەی بوەستی.
کاتێک کە قسە بۆ یەکێ دەکەی، ئەگەر ڕووی کردە دەرگاکە، ئەمە مانای ئەوەیە "پەلەمە، تۆزێ خێراکە، بەتەما نیم گوێ بگرم زۆر".
زمانی جەستە، بۆ نمونە یەکێ قۆڵی گرێ دابێ یان چەناگەی هاتبێتە خوارەوە. یانی شتەکانتمان بەدڵ نییە، هەندێ شتی تر باس بکە، هەندێ چیرۆکی باشتر باس بکە.

دووەم: لە ڕێی گوێ لێبوونەوە

پێویستە بێ ئارامی منداڵ بخوێنیتەوە، هەرچەندە منداڵ گوێی پێنادات کە پێت بڵێ ئایە بێزار بووە یان نا.
سەرنجدانی منداڵ کورتە، نابێ زۆرت پێ بچێ لەگەڵیا. بۆ ماوەی ٣٠ چرکە قسەی بۆ بکەی، پێت ئەڵێت: "ئەمە چەنێکیتری پێ ئەچێت؟ واووو!! تاقەتم چوو". گوێبگرە بۆ وەڵامەکان، پاشان بەرپرسیارێتی هەڵبگرە. بەم جۆرە ئەتوانی دیاری بکەی کە ئایا کەی شێوەی قسەکانت بگۆڕی.

سێهەم: هەستکردنەکانت، بخوێنەوە

ئافرەتان لەمەدا باشترن لە پیاوان، بەتایبەتی لە نیشانە هەست و سۆزەکاندا. پیاوان دەبینن و دەبیست ن، بەڵام پێویستیان بە ڕاهێنان هەیە بۆ ئەوەی فێرببێ کە لە نیشانەکانی هەست و سۆز تێبگات. زۆر گرنگە بۆ ئەوەی کە شتی هەڵە نەڵەیت لەبەر ئەوەی زۆر ئاسانە کە هەڵە بکەی لە زماندا. ئەگەرخەمی کەسێکت بێت و بتەوێ پێی بڵێی: "چ شتێک کێشەت بۆ دروست ئەکات؟" لە بری ئەوە پێی بڵێی "کێشەت چییە؟"

بۆیە، پێویست ئەکات ئەو نیشانانەی هەست و سۆز بخوێنیتەوە، ئەتوانین لە ئافرەتانەوە فێرببین. ئەوان ئەڵێی ئالێریان بەستووە، هەست بە هەموو شت دەکەن.

ئەفرەتێک کە ئەڵێت "هەست ئەکەم شتێک تەواو نییە!"

- پیاویش ئەڵێ "ئەمە مانای چییە "هەست ئەکەم شتێک تەواو نییە!""

ئافرەتان ئەڵێی لەخواوە ئەم شتەیان پێدراوە، بە تایبەتی لە هەستکردن بە بارێکی مەترسی، ئافرەتان باشترن لە پیاوان لەم هەستەدا.

کاتی خۆی، باوک دابینکەر بوو بۆ ماڵ، بەڵام دایک پارێزەری ماڵ بوو. ئەوان ئەتوانن هەموو ئەو مەترسیانە بێننە بەر چاوی خۆیان و هەستی پێ بکەن. لە نیوە شەودا، دایکەکە یەکسەر هەڵدەستێ کاتێک منداڵەکەی دەگری، کەچی باوکەکە هێشتا لە پرخەی خەوایە.

یان مێردەکەی خەبەر دەکاتەوە، و پێی ئەڵێ "بڕۆ سەیرێکی منداڵەکە بکە، هەست ئەکەم شتێک باش نییە".

ئەویش ئەڵێ "مانای چییە، کە شتێک باش نییە؟" پیاوە ئەڵێ "بابە هەموو شتێ باشە، پێویست ناکات".

ئەویش ئەڵێ "نەخێر! بڕۆ سەیرێکی بکە".

پیاوە ئەڵێ "باشە".

پاشان لە جێ دێتە دەر و کەچی دەبینێ دەرگای ژووری منداڵەکە کراوەتەوە.

باشە چۆن ئەم شتەی زانی؟

- ئێمە نازانین! ئەو ئیتر ئاوایە و ئەزانێت.

زۆر گرنگە، کە خۆمان فێر بکەین کە نیشانەکانی هەستەکان درک پێ بکەین لەگەڵ ئەو شتانەی دەیبینین و دەیبیستین، کە ئافرەتان باشن لەمەدا.

لە چیرۆکە کۆنەکاندا دەڵێن "مەڕ هەیە و شوان هەیە و گورگیش هەیە"، ئەمە چەند سیناریۆیەکی جوانە بۆ ژیانمان!! بەڵام بەمە تەواو نابێت، لە چیرۆکەکاندا هاتوە کە "هەندێ گورگ زۆر زیرەکن، توانیویانە خۆیان بخەنە بەرگی مەڕەوە". لەم کاتەدا پێویستیت بە ئافرەتێک ئەبێت، لەبەر ئەوەی هەندێ پیاو هەیە قسە دەکەن و هەڵسوکەوت ئەکەن وەک مەڕ. بەڵام ئافرەتەکان یەکسەر دەڵێن: "ئەمانە مەڕ نین، ئەم قسەیەم وەرگرن"، ئەوان دەزانن.
بارودۆخەکە یخوێنەرەوە و نیشانەکان هەڵگرن، نیشانەکان پشتگوێ مەخەن، لێهاتوویتان لە گفتوگۆ و سەربەخۆی داراییدا بڕەوپێ بدەن.

چوارەم: قوڵی هەست

ئەمە کۆتا بەشمانە "قوڵی هەست". ئەمە بریتیە لە تێکەڵ کردنی هەست لەگەڵ ووشەکاندا، ڕق لەگەڵ ووشەکاندا، خۆشەویستی لەگەڵ ووشەکاندا. ووشە لەگەڵ باوەڕبوون بە قەدەر، ووشە لەگەڵ بەجەرگی. ئەمە بەهێزی دەکات، ووشە بە تەنها کاریگەری هەیە، بەڵام لەگەڵ هەستەکاندا کاریگەرییەکی زۆر بەهێزتری دەبێت.
ئەگەر دەرزیەک بهێنم و ڕێک بۆت بهاوێژم، گریمان بەر دەموچاوت کەوت یان لەشت بکەوێت، هەستی پێ ئەکەیت، مانای ئەوەیە کە من ووشەکانم کاریگەی هەبوو لەسەرت. ئەی باشە ئەگەر من ئەو دەرزیە بهێنم و بیبەستم لە بۆرییەکی ئاسن، پاشان تێتگرم؟ ئەتوانم ئەو دەرزیە بەناو دڵتدا بەرم!
دەرزیەکە؛ ووشەیە. بۆریە ئاسنەکەش؛ هەست و سۆزەکەیە.
ئەم قسەیەم بنوسن "هەست و سۆزی زیاتر بخەنە ناو قسەکانتانەوە، سادە مەبە لە ووشە و زماندا، سەرپێی و سادەی بەرەو کارەساتت دەبات".

بەڵام ئاگەداربە "هەست و سۆز دەبێت ئەندازەکەی پێوانە بکرێت".

نابێت هەستێکی زۆر بخەیتە کۆبوونەوەیەکەوە کە پێویست نەکات، فێری خوێندکارەکانمی ئەکەم کە "گولەی تۆپ مەنێن بە کەروێشکەوە". کاریگەری هەیە، بەڵام لە کەروێشکێک زیاترت دەست نەکەوتووە. گرنگترین خاڵ لە گفتوگۆدا بریتییە لە "وشەگەلێک کە زۆر بە ووردی هەڵتبژاردوون تێکەڵی بکەی لەگەڵ ئەندازەیەک هەست و سۆزی پێوانە کراو".

ئەمە بناغەی گفتوگۆیەکی کاریگەرە. وشەگەلێک کە زۆر بە ووردی هەڵتبژاردبێ تێکەڵی بکەی لەگەڵ ئەندازەیەک هەست و سۆزی پێوانە کراو.

تێبینیەکی تر لەسەر گفتوگۆ "چەند زیاتر گرنگی پێ بدەیت، ئەوا ئەوەندە بەهێزتر ئەبیت".

چەند زیاتر گرنگی پێی بدەیت وەک دایکێک یان باوکێک، ئەوا بەهێزتر ئەبیت لەگەڵ منداڵەکانتدا. چەند زیاتر گرنگی پێی بدەیت وەک سەرکردەیەک، زیاتر بەهێزتر ئەبێت کێشەی خەڵکی پێ چارەسەر بکەی. بەس ئەبێت خەمی لێ بخۆیت و گرنگی پێ بدەیت.

ئەگەر قەشەیەک ڕۆحی من بنێرێت بۆ جەهەنەم بەهۆی گوناحەکانمەوە، کێشەم نییە لەگەڵی، پێی ڕازیم، هەتا ئەو کاتەی کە بە گریانەوە بینێرێت نەوەک بە پێکەنین و دڵخۆشییەوە. ئەگەر کەسێک بەرەو جەهەنەم بڕوات ئەبێت هەموو بەکوڵ بۆی بگرین لە کاتی جەنازە بردنەکەیدا. ئەگەر جەنازەیەکمان بۆ جاهەنەم نارد و فرمێسکمان بۆ نەڕشت، ئەوا هەموومان لە خەسارەتداین و لە دەست دەرچووین. ناتوانی مافی پاڕانەوەی "ڕزگاری لە جەهەنەم" بدەی هەتا بەتەواوەتی دڵت نەشکێت، ئەگەر نا، ئەوا هەمووی نمایشە، ئەگەر نا هەموومان لەدەست دەرچووین.

بۆچی؟

- لەبەر ئەوەی دڵەکە لەوێ نییە.

هەندێک گفتوگۆ هەیە کە هیچ مانایەکی نییە ئەگەر گریانی لەگەڵدا نەبێت، هیچ مانایەک نادات بە دەستەوە، هەتا بە دڵێکی شکاوەوە نەبێت.

فێربە هەست و سۆز، ئەندازەکەی پێوانە بکەیت.

بیرت بمێنێت، ووشەکانت باش هەڵبژێری، ووشەکانت زیاد بکە کە دەیزانی، هەمیشە زۆرت پێخۆش بێت و خۆشحاڵ بە ئەگەر ئەم چەند شتە پێکەوە بەکاربهێنی، ئەوا ڕۆژ بە ڕۆژ توانای کاریگەریت لەسەر کەسانی دەوروبەرت زیاد دەکات.

کۆتا پەیام

نەرێنی بوون

گەیشتینە کۆتا بابەتمان، کە پێکهاتووە لە دوو بەش. یەکەم "نەرێنیبوون". چەند تێبینیەکم پێیە بۆتان لەسەر نەرێنیبوون.

"ووشەی ئەرێنی نەدەبوو، ئەگەر نەرێنی نەبووایە"، هەردووکیان بەشێکی ژیانن.

"هەندێ کات پێدەکەنین، هەر کە فێری پێکەنین بووی ئیتر هەر پێبکەنە"، پێشێنان وایان ووتوە؟

- نەخێر، نەخێر هەرگیز.

هەندێ کەس هەیە ئەڵێ "کتێبێکی تر بکڕە لەسەر ئەرێنیبوون".

- نەخێر، نەخێر

کۆن ووتویانە "هەندێ کات پێدەکەنین، هەندێ کات دەگرین". پێویسە ئەوەندە کامڵ و ڕۆشنبیر بیت کە کاتی گریان هات، پێ

نەکەنیت. ئەبێت فێری گریان ببین بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو کەسانەی دەگرین، ئێمەش بگرین لەگەڵیان.

لایەنی نەرێنی و بیرکردنەوەی نەرێنی زۆر گرنگە، هەمیشە فەلسەفەی مێرووله فێری مندالان دەکەم، با هەندێک لەو خالانەتان پێ بلێم:

خالی یەکەم "مێرووله هەرگیز کۆڵنادات (وازناهێنێ)"

ئەگەر ڕێگە لە مێروولەیەک بگریت، ئەزانن چی دەکات؟

- بەدوای ڕێگەیەکی تردا دەگەڕێت

هەتا کەی بەدوایا دەگەڕێت؟

- هەتا دەیدۆزێتەوە، یان هەتا ئەمرێت!

چەندە فەلسەفەیەکی گرنگە.

دووەم "مێرووله هەموو هاوینەکەی بیر لە زستان دەکاتەوە".

پێویستە ئەوەندە زیرەک بیت، کە لە هاویندا تەنها بیر لە هاوین نەکەیتەوە، بەڵکو پێویستە بیر لە زستانیش بکەیتەوە.

نابێ بلێی "ئاسمان شینە و هەور نییە"، نابێ بەم شتانە هەڵخەڵەتێیت.

پێشینان ووتویانە: "خانوو لەسەر لم دروست مەکە لە هاویندا".

باشە، بۆچی وایان ووتوە؟

لەبەر ئەوەی زۆر ئاسانە کە هەڵخەڵەتێی، کەواتە چی بکەین لە هاویندا؟

- بیر لە زستان بکەرەوە، بیر لە زریان و باو بۆران بکەرەوە.

تێبینی: نەرێنیبوون ئاساییە، پێویست ئەکات بیگریتە دەست، ناتوانی پشتگوێی بخەیت، بەشێکە لە ژیان، وەک خڕۆکە سپییەکان وایە کە باسمان کرد.

تێبینیەکی تر: فێربە کە نەرێنیەتی باش بەڕێوە بەریت.

نەرێنیەتی نابێ پشتگوێ بخرێت، بەڵکو دەبێ زۆر خۆت باش بکەی لە بەڕێوەبردن و بەکارهێنانی، ئەمانکاتە کەسێکی باشتر، بەتایبەتی ئەوەی کە "لە ئاگاداریدا" بین.

دواخستنێک کە ببێتە هۆی دزینی سەروەتەکەت یان لەناو بردنی تەندروستیت، نەبوونی پابەندی و ڕێکخستن، ئەبێتە نهێنی لەناو بردنی تەندروستییان.

ئەبێت شەڕ لەگەڵ دوژمنەکانمان بکەین هەم لە دەرەوە ی خۆمان و هەم لە ناخماندا، بۆیە گرنگە کە فێرببین چۆن نەرێنەتی بەکار بهێنین.

ئەرێنی بوون

بەشی دووەم و کۆتا "ئەرێنیبوونە". با باسی ئەو ڕۆژەتان بۆ بکەم کە ئیتر ژیانتان هەڵدەگەڕێتەوە و باش دەبێ، ئەمەش بریتییە لەو ٤ بەشە:

یەکەم "قێزکردنەوە"

قێزکردنەوە؛ هەستێکی نەرێنی یە. بەڵام هێزێکی ئەرێنی زۆر بەهێزی هەیە، قێزکردنەوە ئەو ڕۆژەیە ئەڵێیت "ئیتر بەسە، زۆرم چەشت". چەند ڕۆژێکی گرنگە ئەو ڕۆژە!! زۆرم دی و چەشتم. ئەوە پێی ئەوترێت ڕۆژی گۆڕان، کە دەڵێیت "ئیتر زۆرم چەشت، بەسە، بەسە یانی بەسە". دەتوانی جوڵەیەک بخەیتە ناو قێزکردنەوەکەت، ئەگەر ئەوە یارمەتی نەدایت.

پیاوێک دەمانچەکەی دەردەهێنێ و هەرچی پەنجەرەی سەیارەکەی هەمووی پێ دەشکێنێ و هەموو طایەکانی دەتەقێنێ، ١٠٠٠ کیلۆیەکی دەدات بەسەردا و پانی دەکاتەوا، پاشان دەڵێت: "بۆ ماوەیەکی زۆر ئەم ئۆتۆمبێلە ئیزعاجەم لێخوڕیوە، هەرگیز جارێکیتر لێی ناخوڕمەوە!" پاشان بەڵێنەکەشی بەسەر دەبات.

دواتر کە یەکێک لێی ئەپرسێت "چۆن بوویتە کەسێکی دەوڵەمەند و بەهێز؟"

- ئەویش دەڵێت "وەرە با ئەو ئۆتۆمبیلەت پیشان بدەم"، ڕۆژێک هاتە بنە قاقام و پارچە پارچەم کرد. بەسە! ، واتای ئەوەیە کە بەسە!

دووەم "بڕیاردان"

ڕۆژی بڕیاردان، ئەو ڕۆژەیە کە ژیانت دەگۆڕێت. ئەگەر ئەمڕۆ چویتەوە ماڵەوە و چەند بڕیارێکت کۆکردەوە، ئەم کردارەت دەتوانێت بیرۆکەت بداتێ بۆ ٥ تا ١٠ ساڵی داهاتوت، چەند ڕۆژێکی پڕ بیرۆکەیە، ئەو ڕۆژەی کە بڕیار ئەدەیت.

سێهەم "شەیدا بوون"

مانای ئەوەیە زۆر بەتین و لە دڵەوە بتەوێت. نهێنی ئەمە کەس نایزانێ، بەڵام شتێک هەیە کە دەیزانم لەسەری "هەندێ کات، خولیاو شەیدا بوون چاوەڕێی تەنها یەک پڕیشک دەکات"، چاوەڕێی ئەوە دەکات کە شتێک ڕوبدات، دیاریش نییە کە شتەکە چییە، لەوانەیە لە گۆرانییەکەوە یان فلیمێک یان گفتوگۆی نێوان دوو کەس بێت یان سیمینارێک یان ووتارێک یان کتێبێک یان ئەزمونێک، شەڕێک لەگەڵ دوژمنەکەت یان دەمەدەمێک لەگەڵ هاوڕێیەکدا، هەر شتێک بێت کە بە قیمەت بێت.

ئامۆژگاریم ئەوەیە "بەخێرهاتنی هەموو ئەزمونەکان بکە، لەبەر ئەوەی کە نازانی کام ئەزمونە ئەبێتە هۆی گۆڕینی ژیانت". دیوار دروست مەکە، چونکە دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی بێ ئومێدی و دڵخۆشیش، دیوارەکان بڕوخێنەو بڕۆ بەرەو ڕوی ئەزمونە تازەکان و بهێڵە فێرت بکات.

چوارەم و کۆتا شت "پابەند بوونە"

پابەند بوون بریتیە لە دوو ووشە "من ئەیکەم" کە بەهێزترین دوو ووشەن. بنیامین ووتویەتی: "هیچ شتێک ناتوانێ ڕێ لە بەڵێنی

مرۆڤ بگرێت، کە بە ئامانجەوە ووتبێتی، کاتێ کە دەڵێ من سەردەکەوم یان دەمرم".
باشترین پێناسە بۆ پابەند بوون ، لە منداڵێکەوە وەرمگرتووە لە قوتابخانەیەکی بنەڕەتیدا بوو، لە منداڵەکانم پرسی، "کێ دەتوانێ پێم بڵێ کە مانای 'پابەند بوون' چییە؟"
هەر یەکەی شتێکیان ووت. ئاخیریان باشترین وەڵامی دامەوە، ووتی "من ئەزانم".
- منیش ووتم "چییە؟"
ووتی "وا بۆی دەچم کە مانای ئەوە بێت بەڵێن بدەی بە خۆت کە هەرگیز خۆت نەدەی بە دەستەوە".
منیش ووتم "ئەمە باشترین پێناسە بوو کە لە ژیانمدا بیستبێتم". پێدەچێ ئەو منداڵە ئێستا سیمینار بڵێتەوە.
لە منداڵەکانم پرسی: "دەبێت ساوایەک چەند کاتی پێ بچێت بۆ پێگرتنی؟"، چەنێکی ئەوێت بۆ ئەوەی کە پێی بڵێی: "ڕۆڵە گیان بەسە ئیتر، پێ بگرە".
هەموو دایکێک ئەڵێت منداڵەکەم هەوڵدەدات "هەتا" پێ دەگرێت. چەند ووشەیەکی سیحراوییە ووشەی "هەتا". بەڵێن دەدەیت بە خۆت "هەتا" لێهاتووییەکانت زیاد دەکەن، ئەچی بۆ سیمینار "هەتا" بەتەواوەتی جێبەجێی هەمووی دەکەیت، گوێی لێ دەگریت "هەتا" لێی تێدەگەیت، تەمرین ئەکەیت لەسەری "هەتا" زۆر بەرەوپێشی ئەبەیت، خۆت نادەیت بە دەستەوە "هەتا".
جا هەرچیت بووێت دەبێ هەنگاو بە هەنگاو بیکەی، کتێب بە کتێب، ووشە بە ووشە، سێو بە سێو، پیاسە کردن بە دەوریماڵی خۆتدا. هیچ دەرفەتێک لەدەست خۆت مەدە بۆ گەشەکردنت، بەڵێن بدە کە هەرچی بوێت بۆی بکەیت، "هەتا" دەگۆڕێیت و گەشە دەکەیت و دەگەیت پێی.

ئەمە ئاخر ووشەمە بۆتان، وەک کەسانێکی سەرکردەی ئەم کۆمەڵگایە، خێزانداری گەورەترین و گرانترین کارە. جا ئەگەر لە هەچ کارێکدابی ئێستا، ئەمەوێ لە دڵەوە پێتان بڵێم کە چ ئاواتێکم هەیە ئێوە بیکەن لە داهاتوودا، لە نێوان هەموو ئەو شتانەی کە باسم کرد بۆتان، ئەگەر ئەمە بکەن ئەوا وابیردەکەمەوە کە هاتنەکەم بەفیڕۆ نەچوبێ و ئەم ڕۆژانەی بەکارم هێناوە لەگەڵتان بە سوود بووە، ئەمەش بریتیە لە دوو بەش:

یەکەم،

فێربن کە یارمەتی خەڵکی بدەن لە ژیانیاندا، نەوەک بەس لە کارەکانیاندا و لێهاتووی سەر کارەکانیان، بەڵکو کاریگەریت هەبێ بە کتێبێک لەسەر خەڵکی یان بە ووشەیەک یان شیعرێک، وازلە وتنی قسەیەک نەهێنی ئەگەر بزانی سودی دەبێت بۆ بەرامبەرەکەت.

یارمەتییان بدە لە باش کردنی ژیانیاندا، و یارمەتییان بدە کە ئامانج دابنێن بۆ خۆیان، یارمەتییان بدە کە بە ئاواتەکانیان بگەن، داهاتوویان باشتر بکە، باسی هەڵەکانی خۆتیان بۆ بکە وەک ئەزموون، یارمەتی منداڵەکانتان بدەن، نەوەک بەس ژیان بەڕێ بکەیت و بەس، نەوەک بەس خێزانەکەت پێکەوە ڕابگریت، ژیان بنیات بنێ لەسەر گفتوگۆ و ئامانجدانان.

یارمەتی منداڵەکانتان بدەن لە بنیاتنانی ژیانیان نەوەک بەس دەرسەکانی مەکتەبیان.

ئەمەش ئامۆژگاری کۆتامە بە تایبەتی بۆ ئێوە، کۆن ووتویانە، "ئەگەر کار لەسەر بەهرەکانت بکەی، ئەوا ئەوانیش مەجالی سەرکەوتن بۆ تۆ دروست ئەکەن. تەماشا بکەن، بەهرەکانم چۆن منیان هێناوەتە ئەم شوێنە بۆ لای ئێوە، هەلێکی بۆ دروستکردووم بۆ کاریگەر بوون لەسەر ژیانی خەڵکی. بۆیە لەبەر چاوت بێت "ئەگەر کار لەسەر بەهرەکانت بکەی، ئەوا ئەوانیش مەجالی سەرکەوتن بۆ تۆ دروست ئەکەن".

تەواو بوو

لە کۆتاییدا دەڵێین: سوپاس و ستایش بۆ خودای دلۆڤان کە دەرفەتی پێداین ئەم بەرهەمە بەپێزەتان بە زمانی شیرینی کوردی پێشکەش بکەین، وە یەک دنیا سوپاستان دەکەین ئەگەر وەک پشگیرییێک چەناڵەکەمان سەبسکرایب بکەی و لە کۆمێنتیش دڵخۆشمان بکەی بە باسکردنی ئەزمونی خۆت لەگەڵ ئەو کتێبە دەنگیە وە بە ڕەخنە و پێشنیارەکانیشت گەورەمانکەی.
بمێنن بە خێر